

# مامۆستاحەسەن زادە
# و
# پۆلیمیکی سیاسی؟!

حەسەن ئەیوب زادە

**هۆیەک بۆ بلاوکردنەوەی ئەو زنجیرە وتارە**

مێژووی کۆماری کوردستان و کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد( حیزبی دێموکراتی کوردستان ) و ئاڵو گۆرەکانی، گرنگترین باسی رۆژن. ئەوەی تائێستا لەسەر کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان( کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) نووسراوە تا سالی ٢٠٠٧ بەپێچەوانەی واقع بووە. ئێعدامی رێبەرانی کۆمار بوو بە هۆی توانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو حیزبی تودەی ئێران و تا سالی ١٣٣٧ ئەو بەناو یەکیتیی رێکخراوەیی حدک وحیزبی تودە بەردەوام بووە. لەو سالەدا ئەو یەکێتییەیە لەلایەن نەمر د.قاسملوو و هاورێیانیەوە کۆتایی پێهاتووە و حیزبی دێموکراتی کوردستان کاری سیاسیی – تەشکیلاتیی سەربەخۆی دەست پێکردۆتەوە. لەواقیعدا لە ١٩٧١ و لەکۆنفەرانسی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەبەشداریی دوکتور قاسملوو و٦ کەس لەکادرەکانی حیزبی دێموکرات پێک هاتبوو، خەباتی نوێی حدک لە سەر بنەمای خودموختاریی و دێموکراسی دەستی پێکردەوە. دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاریی بۆکوردستان لە کۆنگرەی سالی ١٩٧٣ دا پەسند کراو وشەی ئێران بە ئاخری حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە لکێندرا. چاپ کردنی ٩٣ ژمارەی کوردستان کە لە کتێبخانەی رەوانشاد رەشید باجەلان راگیروە و بنکەی ژین و چاپخانەی ئاراس لە ٢٠٠٧ بڵاویان کردوونەوە، ئێمە لەگەل واقعییەتێک ئاشنا دەکەن کە لەبەر چاوی خوێنەری کورد شاراوەبووە.

لکاندنی بەیاننامەیەکی ساختە بەو رۆژنامانەوە کە بە پێشنیاری دوکتور کەمال فوئاد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی و نوێنەری یەکێتیی لە تاران بەو رۆژنامانەوە لکێندرابوو، ئەو حەقیقەتەی ئاشکرا کرد کە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوەنەبووە کە لەلایەن حیزبی تودە و فرقەی دێموکراتی آذربایجانەوە بڵاوکراوەتەوە.

هەر وەها نووسینی بەیاننامەیەک بە بۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان و هۆیەکانی روخانی کۆمار لەلایەن مامۆستا عبداللە حسنزادەوە لە ٢٠٠٦ کە بێ ئاگاداریی رێبەرایەتیی حیزب و بەناوی کومیتەی ناوەندییەوە نووسیبووی، بوو بەسەرەتای وروژاندنی ئەو باسە گرنگانە و توێژینەوەی رابردووی حیزبی دێموکرات و ئامانجەکانی

لەلایەن خاوەنی ئەو قەلەمەوە. ئەو باسە ئێستاش لە نێو کۆمەلگای کورد و دۆستان و دوژمنانی کورد گەرم و کراوەیە. کەسانێک کە نامیلکە و کتێبیان لەسەر حدکا نووسیوە و بنەمای کارەکەیان لەسەر خوێندنەوەی حیزبی تودەو فرقە دێموکراتی آذربایجان داناوە دوای بڵاو بوونەوەی رۆژنامەکانی کوردستان کەوتوونە هەل و مەرجێکی دژوارەوە کە جێی داکۆکییکردنیان بۆ نەماوەتەوە و ناچار ن بێ دەنگەی لێ بکەن. جاروبار کە ئەندامانی رێبەریی حدکا و لقەکانی لەسەر مێژووی حدک و ئامانجەکانی پرسیاریان لێدەکرێ، بێ ئەوە لە رۆژنامەکانی کوردستان (١٣٢٤-١٣٢٥) براونن و حەقیقەتی ئەو مێژووە چەواشەکراوە بە لایەنگرانیان رابگەیەنن ئەوەی کە تائێستا لە ئەدەبیاتی ئەو حیزبانەدا نووسراوە دوو پات دەکەنەوە . خاوەنی ئەم قەلەمە بەشی یەکەمی ئەو باسانەی بە پێی بەڵگەکانی رۆژنامەی کوردستان و آذربایجان ئۆرگانی فیرقە بڵاو کردوەتەوە . بە پێویستم زانی بۆ شارەزایی لەگەڵ درێژەی باسەکان بڵاوکردنەوەی نووسراوەکان لەسەر ئەوبابەتانەی کە بۆچوونەکانی مامۆستا حسنزادە و روژاندوونی و خاوەنی ئەو قەلەمە وەلامی داوەتە جارێکی دیکە بخرێنەوە بەر چاوی ئۆگرانی مێژووی کورد. بە سوپاس لە کاک نادری بەڕێز کە ئەو دەرفەتەی پێک هێناوە و لە سایتە پر خوێنەرەکەیدا بڵاویان دەکاتەوە.

گۆران ٢٠١٣/٧/١٨

**پێرست**

پێشینەی فکری ئێرانیگەری
دوکتو قاسملو، مامۆستا حەسەن زادە و کۆماری کوردستان
پەیامی رادیۆیی هاورێ سکرتێری گشتی
هۆی رووخانی کۆماری کوردستان و چیرۆکی متمانە بە خۆنەبوون
مێژوی بیری سەربەستیخوازی کورد
تایبەتمەندییەکانی دەولەتی جمهوری کوردستان
موزایدە و موناقەسە
مامۆستا حەسەنزادە و دێموکراسی
مافی سیاسی کورد لە چوارچێوەی مافی فەرهەنگی دا
خودموختاری - ئێرانیچێتی، مامۆستا حەسەن زادە و گۆڤاری چشم انداز
جووت بە خییەکردنی حدکا بە خێوەتی قەڵای کۆێ یە وە
مامۆستا حەسەن زادە و گولواژەی موزایەدە و چەندی بە چەند
ئیلهامی مامۆستا حەسەن زادە
تەپلی شەری براکوژی و دووبەرەکی نانەوە؟
ئیلهامی بوونی کۆمار
چەند روونکردنەوەیەکی پێویست
حیزب و رەخنە گرتن و داوای چوونەوە بۆ نێوخۆی وڵات
سەرچاوەکان
پاشکۆ
فرخنده باد سی امین سال جنبش ملی و مترقی کردستان ایران!
کردستان از زبان آمار!
بەڵگەنامەکان

**مامۆستاحەسەن زادە وپۆلیمیکی سیاسی؟!**

مامۆستا عەبدوللا حەسەنزادە سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رۆژی 13.02.2006 وتارێکی بە ناوی " چەند قسەیەک لەسەر وتارەکەی کاک حسن ایوبزادە " ناردە سەر سایتە کوردییەکان و روانگەی خۆی لەسەر چەند خاڵێکی گرنگی سیاسی کردەوە و نووسەری ئەم وتارەی بۆ ئاوڕدانەوەیەکی سەرپێیی لەسەر چەند مەسەلەیەکی گرنگی وتارەکەیان هان دا.
لەمەوبەر تەوەرەی باسەکەی نووسەری ئەم دێرانە خاڵێکی گرنگ لە وتوویژەکەی مامۆستاحەسەنزادە لەگەڵ رادیۆ دەنگی کوردستان و نێوەرۆکی بەیاننامەی کومیتەی ناوەندی بە بۆنەی دووی رێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو.
نووسەری بەیانییەی کومیتەی ناوەندی (مامۆستا حەسەنزادە) ئیدیعای کردووە کە " یەکێ" لە هۆیە کانی تێشکانی کۆماری کوردستان نەبوونی متمانەبە خۆیی رێبەرایەتی کۆماری کوردستان بووە.
پێناسەکردنی کۆماری کوردستان بە حکومەتی خودموختاری کوردستان لەلایەن کاک عەبدوللا حەسەن زادەوە و بە"دوژمنی کورد" ناساندنی ئەوکەسانەی کە لێکدانەیەکی دیکەیان هەیە خالی دووهەم بوو.
لەپێوەندی بەو دوو خاڵەوە خوێندنەوەی مێژووی سیاسی و ماهییەتی مەسەلەی کورد و کارنامەی 10-12 ساڵەی رێبەرایەتی حدکاش دوای شەهید بوونی دوکتورقاسملوو باس کرابوون.
نێوەرۆکی باسەکەش لێرەدا ئەوەیەکە مامۆستا لە وتوویژەکەیدا ماهییەت و جەوهەری مەسەلەی کورد کە رزگاری نەتەوەییە وەلا دەنێ و فکری ئێرانیگەری لەجێی دادەنێ کە نووسەر لە وەلامەکەی خۆیدا خۆی لەو باسە نادا و بەسەریدا تێدەپەڕێ.
مامۆستا حەسەنزادە کاتی نووسینی بەیانییەکەی کومیتەی ناوەندی لەسەر دووی رێبەندان، نە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حدکا بووە و نە بەرپرسی دەبیرخانەی حیزب.
لەو رووەوە نەهەڵوێستەکەی بە رێز حەسەنزادە هەڵوێستی حیزبی دێموکراتە و نەقسەکانی خۆی لە چوارچێوەی بەیانییەکانی حیزبدایە. لە پشکنینی زۆربەی ژمارەکانی رۆژنامەی کوردستان و تێروانینی بەیاننامەکانی کۆمیتەی ناوەندی بە بۆنەی دووی رێبەندان هەڵوێستێکی

ئەو تۆ لەسەر پێشەوا وەک ئەو هەلویستەی کە مامۆستا بە ناوی کومیتەی ناوەندییەوە دەریبریوە نابیندرێ. زیرەکییەکەی مامۆستا لەوەدایە کە لە وتووێژە رادیۆییەکەیدا خۆی لەو بابەتە نەداوە.
ئەوەی کە لێرەدا دەنووسرێ رووومایەکی گشتییە لەسەر قسەکانی مامۆستا. هەلسەنگاندنی وردی باسەکە و بۆچوون و ولامەکانی هەلدەگرم بۆ دەرفەتێکی دیکە.

لە پێوەندی بە شێوەی سەلماندن و وەلامدانەوەی مامۆستا بەنووسەری ئەم دێرانە ئاماژە کردن بە خالێک بە پێویست دەزانم.
لە سەرتاپای نووسراوەکەی مامۆستا حەیاکیدا، خوێنەر لەگەڵ هونەری فڕهاوێژی، لاتاو پێدادان و ئیتیهام لێدان ئاشنا دەبێ و شێوەی خۆسانسۆرکردن لەبەرامبەر دەستڕۆیشتوو و گەفکردن لە کەسێک کە لەروانگەیەکی دیکەوە لە مەسەلەی کورد دەروانێ دەبینێ. بۆ نووسەری ئەمدێرانە ئەندازەی ئەستوورایی رەگی مل و گڕی دەنگ و گرژی دەماری نووسەر جێیەکی لە بیرو زەینی من دا نییە تا بمگرێ و بە هێندی بگرم.
لەم وتارەدا خوێنەر لەگەل دوو روانگە و دوو بۆچوون و دوو خوێندنەوەی کۆماری کوردستان رووبەروو دەبێ.
من کێشەیەکی شەخسیم لەگەل مامۆستا حەیاکی نییە. ئەوەی بۆ من سەرنجراکێشە تێروانین و خوێندنەوەی مەسەلەی کوردە لە روانگەی خاوەن قسەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کە خۆی نە هەربە نوێنەری فکری بە شێک لە حیزبی دێموکرات بەلکو خۆی بە حیزبی دێموکرات دەزانێ. دیارە مامۆستا حسن زادە جێ پەنجەی رەنگینی بە ئەدەبیاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دیارە.

**پێشینەی فکری ئێرانیگەری**
تێروانین لە ململانەی فکری ئێرانیگەری و کوردستانی بیرکردنەوە لە کۆنەوە تا ئەمرۆ لە گۆرەپانی سیاسی ئێران و کوردستاندا بووە و هەیە و دەبێ. ئەوە دیاردەیەکی تازە نییە. لە شەڕی دووهەمی جیهانی بەملاوە ئەو باسە لەلایەن حیزب و سازمانە سیاسییەکان کە یارمەتی دەوڵەتەکانی ئێرانی لە پشت بووە تئۆریزە کراوە. کەسێکی وەکو **رەشید یاسمی** بە دەستوری رەزاشا و بە بیرۆکەی بیزهێنەری رەگەزی ئاریایی کورد و فارس دەکاتە یەک و بەجۆرێک لێک دەهاڵێنێ کە جیاکردنەوەیان نالوێ.

**کەریمی سەنجابیش** لە جەبهەی میللیدا ئەم بیرۆکەیە لە قالب دەدا و تەواوییەتی ئێران دەکاتە ئەسڵێکی خەوش هەڵنەگر. هەرچەند لە جیاکردنەوەی بەحرەین لە ئێران هیچ حیزبێکی سەرتاسەری جیا لە فرکەفرکێکی چەند رۆژەی حیزبی پان ئێرانیستی پزشکپور ، دژایەتییەک لە لایەن حیزبە ئێرانییەکانەوە نەکرا. توودەییەکان تەواوییەتی ئێران بە جۆرێکی دیکە تئۆریزە دەکەن. ئەوان دەست لە رەگەز بەردەدەن، چونکە تیئۆری تایبەتی هیتلێر بۆ توناکردنی غەیرەئاریی بوو و لەگەڵ فەلسەفەی سیاسییان رێکنەدەکەوت. لە روانگەی ئەوانەوە کورد هوویەتی دۆکی هەبوو بە بێ مافی سەروەری سیاسی، بەو مەرجە کە لەگەڵ چێنی کرێکاری تودە جەماعەت بێ) بەڵگەش بۆ ئەوە " اعلامیه کمیته مرکزی حزب تودەایران" پازدەی بەفرانباری 1354 " مردم ارگان مرکزی حزب تودەی ایران" ژمارە150 یە کە دەنووسێ:

***" ...حزب واحد طبقه کارگر در سراسر ایران کمک به احیاء سازمانهای حزب دمکرات کردستان را یکی از مهمترین وظایف خود میداند و بدین منظور از همەی مبارزان انقلابی کرد در ایران دعوت میکند که با مراعات کامل اصول پنهانکاری و رهنمودهای سازمانی گروههای جداگانه حزب دمکرات را بوجود آورند و با مرکز حزب تودەایران رابطه برقرار کنند."***

ئالەو مەخفیکارییەیە کە مامەغەنی و گروپە چەندکەسییەکەی پەیدا دەبن. ئەو هێلە فکرییە زۆرجار لە حیزبی دێموکراتدا سەری‌هەڵداوە. ئەوەش هێلێکی پررەنگە. خوێندنەوەیەکی ئەوتۆ رەنگە هێندێک بەرژەوەندی شەخسی و پێوەندیی هێزودەسەلات و کەسایەتی دەرەکی لە پشت بێ.

لە پێوەندی بە هەلسەنگاندنی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دەربرینی بۆچوونی جیاواز کەس مافی ئەوەی نییە حیزبی دێموکرات بە ملکی شەخسی و پاوانکراوی خۆی بزانێ و نەزەریشی بە ئایەتی رەخنە هەڵنەگری قورئان . هەلسەنگاندنی بۆچوون و بنەمای فکری رێبەرانی حیزب دێموکرات بە دژایەتی حدکا پێناسەناکرێ.

**دوکتو قاسملو، مامۆستا حەسەن زادە و کۆماری کوردستان**

با لەبەردا بۆچوونی شەهید دوکتور قاسملوو و هەڵویستی کۆمیتەی ناوەندی لە ساڵی 1987 خوێندنەوەیان لە کۆماری کوردستان بخەمە بەر نەزەری خوێنەر و پاشان نەزەری فەردی مامۆستا کە بە بۆچوونی

کومیتەی ناوەندی و سەرجەم حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەقەڵەم دابوو بخەمە بەر چاو.
رەنگە ئەو پرسیارە لە ئارادابێ کە بۆچێ لەسەر مامۆستا نووسیومە کە لە ململانەیەکی توندی تەشکیلاتی لەگەل بەشی هەرەزۆری رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات دایە. رەنگە ئەو ئیرادەش بە جێ بێ کە بۆچی لەسەر بۆچوونی شەهید دوکتور قاسملوو لەو بەشانەدا کە کەوتوونەتە بەر باس و لێکۆلینەوە، بێ دەنگ بووم و تەنیا رووی قسەم لە مامۆستا حەیاکییە. لەحاڵێکدا مامۆستا نەزەرێکی تایبەت بە خۆی نییە و ئەوەی کە لە دوکتور قاسملووی بیستووە، دەیڵێتەوە.
کەسێک بییەوێ روانگەی دوکتور قاسملوو پێناسەبکا دەبێ لە دەزگای فکری ئەو بکۆڵێتەوە. لەلایەک ئابووریزانە ، شارەزای دووسیستمی ئابوری جیهانی کاپیتالیزم و کۆمۆنیزمە و تەیار بە فەلسەفەی سیاسی مارکسیسیتییە کە بناخەی فکری دەورانی لاوی ئەو دادەرێژن. لەو سالانەدا ئەو خۆی لە بەرەی دژی ئیمپریالیستیدا دەدی و خوێندنەوەیەکی زاڵی سەردەم لە مێشکیدابوو. لەو قۆناغەدا خوێندنەوەی ئەو لە کورد و مەسەلەی نەتەوایەتی و چارەنووسەکەی خوێندنەوەی حیزبی تودەی ئێران بوو کە بەرنامەکەی کۆپی‌یەک لە مۆدێلی سۆڤییت بوو. ئەو مەسەلەی کورد و ئازادی و خەبات بۆ رزگاری کوردی بەشێک لە خەباتی ئەنترناسیۆنالیستی دەزانێ.
کشانی دوکتور قاسملوو بۆ لای خوێندنەوەیەکی دیکەی مەسەلەی کورد، جیاواز لە تێزی حیزبی تودەی ئێران، گەیشتنی ئەوە بە کەمالی فکر و شارەزابوون لە حەقیقەتی گەلێک کە" "هەیە و بە نەبوو داندراوە" -هیمن". کاری ئەو لەو سەردەمە ئەوە بوو کە لەو جیهانە دابەشکراوە دووجەمسەرییەدا جیگایەک بۆ کورد بکاتەوە. بەجۆرێک کە لەگەل یەک لەو دووبەرەیە نزیک بنوێنێ. ئەو بەرەیەش سیستمێک بوو کە دەگوترا بەهەشت بۆ چەوساوە دروست دەکا و مافی هەموان تێیدا پارێزراوە. پروپاگەندەی مێشک سڕکەری دەرکەوانانی ئەو بەهەشتە وای کردبوو کە کەس نەوێرێ ئەوەی بە چاوی خۆی دیبووی بیدرکێنی. دوکتور قاسملوو، یەک لەو دەگمەنانەی رۆژهەلات بوو کە زووتر لە زانایانی دیکە شوێنی نەگونجاوی کوردی لە ریزی "دۆستانی" گەلانی چەوساوە بە هەڵەزانی. بەڵام هاڤالانی لێیان وەرنەگرت تا راستییەکان دروستی بۆچوونی ئەوی سەلماند. دوکتور قاسملوو لە مەسەلەی کورددا. خاوەنی دوو شێوەکار و بۆچوون بوو

ا. زانست و شارەزایی ئاکادێمیک لە مەسەلەی کورد و بنەمای مەسەلەکە و پێناسەکردنی زانستی( بروانە کتێبەکەی کوردستان و کورد)
ب. فورمولەکردنی سیاسی ئامانجەکانی بە شێوەیەک کە بۆ هەردوو سیستمی جیهانی شتی پێ بوو. ئەو لەو جیهانە دوو جەمسەرییەدا مەسەلەی کوردی بلاو کردەوە. لەو رووەوە دەرکێشانی بەرگێک لە وتارێکی یان پەیامێکی لە فلانە شوێندا سەرجەمی مەکتەبە فکرییەکەی نیشان نادا. بۆ پێناسەکردنی ئەو مەکتەبە مەزنە، پێویستە لە چەند قۆناخی ژیانی سیاسی ئەو و لەو سەرچاوە فکرییە بروانین. لەبەر ئەوە دەرکێشانی دێرێک یان پاراگرافێک لە نووسراوەیەکی بۆ سەلماندنی مەبەستێک تەواو نییە. دوکتور قاسملوو خاوەنی <u>فکرێکی نەتەوەیی</u> بوو. لە هەمان کاتدا سیاسەتڤانێکی پراگماتیست بوو. ئەو بۆچوونەشی لەو دێرەدا کورت دەکردەوە کە:***" سیاسەت هونەری مومکینە"*** .
دوکتور قاسملوو لەو جێیەدا کە باس لە بنەما و سەرچاوەی مەسەلەی کورد دەکا، هەقویستێکی دەمارگرژە و خاوبوونەوەی بۆ نییە. بەلام کە دێتە جیهانی پیادەکردنی تئۆرییەکەیەوە لە ئیمکان دەگەرێ . ئەگەر نەبێ هەولی دروست کردنی دەداو ئامادەیە خۆی بە کوشت بدا(دوان لە دروست بوون یا نەبوونی ئەو کارە لێرە جێی نییە)
مخابن خەسارێک کە بە نە بوونی دوکتور قاسملوو لە کورد کەوت، زۆر مەزن بوو. ئەو بە چاوی خۆی ، نەمانی جیهانی دووجەمسەری و تونا بوونی دیواری برلین و یەکگرتنەوەی ولاتی دابەشکراوی ئالمانی نەدی. روناکبیری کوردیش درەنگ فکرەکانی ئەویان وەرگرت. ئەگەر دوکتور مابا بێ گومان پێناسەکردنی جیهان و مەسەلەی کوردی وەکو مامۆستا لە جیهانی دووجەمسەریدا نەدەهێشتەوە.
بۆ ئەوە وەلامێکم بە پێویستی پێداچوونە وە بە تیئۆرییەکانی دوکتور لە سەر مەسەلەی نەتەوایەتی کورد و فورمولە کردن و کارپێکردنی دابێتەوە کە سەرچاوەی هەرەگرنگی زانیاری جێگرەکانی و بە تایبەتی مامۆستا حەسەن زادە بووە ئاماژە بە پەیامێکی دەکەم کە بە بۆنەی 2 ی رێبەندان سالرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان ناردوویەتی. لەگەل ئەوەش بەیانییەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران فوریەی 1987 بۆ راکێشانی سەرنجی مامۆستاو خوێنەرانی بەرێز لە پێوەندی بە هەلوێستە سیاسییەکانی دوکتور قاسملوو و بنەمای فکریی ئەو لە سەر مەسەلەی نەتەوەیی بۆ ئێرە رادەگوێزم:
کوردستان ژمارە 123 رێبەندانی1365 – فوریەی 1987

## پەیامی رادیۆیی هاورێ سکرتێری گشتی

***...رۆژی دووی رێبەندان لە مێژووی گەلی کورد و لە نێو هەموو رۆژە پیرۆزەکانی کۆمەڵی کوردەواری دا جێگایەکی تایبەتی هەیە. لەم رۆژەدا ئەستێرەی گەشی کۆماری کوردستان لە مەهاباد شەوی دەیجوری کوردستانی روناک کرد و ئێستاش هەر تیشکی رێ نیشاندەری خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردە.***
***گرنگی حکومەتێک لە مێژوودا بە کورتی و درێژی تەمەنی ئەو حکومەتەوە نە بەستراوەتەوە زۆر پاشایەتی و گەلێک حوکم بە دەیان ساڵیان خایاندووە کە چی شوێنەواریشیان لە تاریخدا دیار نییە. بەلام کۆماری کوردستان لە مەهاباد کە رۆژی دووی رێبەندان لە دایک بوو تەنیا یازدەمانگ دەوامی کرد لاپەرێکی پرلە شانازی لە مێژووی گەلێکە کە چەندین سەدەیە بۆ رزگاری خۆی هەوڵ دەدا.***
***چونکە کار وکردەوەی ئەم کۆمارە وەدی هێنانی ئامانج و ئاواتی چەندین پشت لە خەباتگێرانی شۆرشگێری کوردستان بوو.چونکە ئەم کۆمارە لە یازدە مانگدا کە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا ماوەیەکی یەکجار کورتە ، هێندێ کاری گرنگی مێژوویی وەک پێکهێنانی یەکەم <u>دەوڵەتی نەتەوەیی</u> لەسەردەمی نوێدا <u>رەسمی کردنی زمانی کوردی</u>، <u>دانانی هێزی پێشمەرگە</u>، بڵاوکردنەوەی بیروړای دێموکراتی ، رێگا خۆش کردن بۆ بۆ بەشداری ژنان لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی دا جێبەجێ کرد کە لەزۆر جێگا چەندین ساڵ وەختی ویستووە. بۆیە دووی رێبەندان لە لای هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر خۆشەویستە و هەموو ساڵێ خەلکی کوردستان ئەم رۆژەپیرۆزە دەکەنە جێژن.***
لەو پێوەندییەدا سەرنجیمامۆستا حەیاکی بۆ خوێندنەوەی " یادێک لە دووی رێبەندانی1324" کوردستان ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ژمارەی 123 رێبەندانی 1365- فوریەی 1987 رادەکێشم.
یادێک لە دووی رێبەندانی 1324
***... ... کۆماری کوردستان نوێنگەی هەموو ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کورد بوو. لەو کۆمارەدا خەلکی کوردستان بە <u>تەواوی چارەنووسی خۆیان بەدەستەوە گرت</u> کاروباری دەوڵەتی لە کۆماری کوردستاندا بە و جۆرە کە خەڵک بۆخۆیان دەیانویست و بەدەستی کەسانێک کە لەخۆیان بوون بەرێوە دەچوو. <u>شوێنەوارێک لە ستەمی نەتەوایەتی و</u>***

***دیاریکردنی تەکلیفی خەڵکی کوردستان لەلایەن دەوڵەتی مەرکەزییەوە نەمابوو. بە کورتی خەلکی کورد بۆخۆی حاکمی خۆی بوو و حاکمێکی دیکەی بەسەر سەری خۆیەوە نەدەدی.***

بەشی زۆری وتارەکەی مامۆستا حسن زادە کە بە ناوی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە نووسیووە لەگەل بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو و کومیتەی ناوەندی ئەو سەردەمە هاوکووفن. مەگەر لە دوو خالی سەرەکیدا. یەکەم لە پێناسەکردنی هۆیەکانی روخانی کۆماری کوردستان بە بێ دەستنیشانکردنی هۆی سەرەکی ئەو روداوە. دووهەم پێناسەکردنی سیستمی سیاسی- حقوقی کۆماری کوردستان. ئەو دووبەشە لە جێیخۆیدا باس دەکرێ.

## هۆی رووخانی کۆماری کوردستان و چیرۆکی متمانە بە خۆنەبوون

لە وتارەکەی پێشوودا باسی هۆی سەرەکی یا( علةالعلل) م کردبوو کە مامۆستا بە وردی سەرنجی نەدابوویە.
مامۆستا کاتێک باس لە هۆیەکانی رووخانی دەوڵەتی جمهوری کوردستان دەکا، ئاماژە بە زۆر هۆدەکا کە لە راستیدا ناتەواوە. بۆ ئەوە رووداوێک بێتە جیهانی وجودەوە یا تشتێک تونا بێ، لەوانەیە دەیان و سەتان هۆی هەبێ. بە لام ئەوەی کە گرنگترینە، هۆی سەرەکییە کە بە علةالعلل دەناسرێ. لە یەک روداودا چەندین هۆی سەرەکی وجودی نییە. هۆی سەرەکی یا علةالعلل ئەگەر نەبێ ئەورووداوە روونادا. لەمەسەلەی روخانی کۆماردا سپا تەیار نەبووە، عەشیرەت خەیانەتکار بوون، مەسەلە دەرەکی بووە یان نێوخۆیی، هیچکام هۆی سەرەکی نین. بەبروای من مامۆستا کە لە بێ متمانەیی رێبەرایەتی کۆمار بە خۆی دەدوێ لە علةالعلل دەدوێ. هەموو هۆیەکانی دیکە لاوەکین . بێگومان کارتێکەریان هەبووە بە لام هیچکام هۆی سەرەکی نین. بەوتەیەکی دیکە دەکرا هەموو ئەو هۆیانە هەبن بەلام ئەگەر رێبەرایەتی کۆمار متمانەی بەخۆ بوایە تێشکانەکە ئاوا کتوپڕ نەدەبوو. شلەژاوی لە ئۆرگان و ئەرکانی کۆمار و رێبەرانی دا لە ئاخر ساتەکاندایە. ئەوەش حالەتێکی ئاساییە. بەلام ئەگەر مامۆستا قبول بکا نوماد و کانگای فکری و بریار پێشەوا بووە، بە لەبەرچاوگرتنی وەزعەکە،مانەوە و بەرەوپیری مەرگ چوونی پێشەوا جێیەک بۆ ئەو کەشفە پسیکۆلۆژییەی مامۆستا لە وجودی سەرۆک کۆماری کوردستاندا ناهێڵێتەوە. مامۆستا باش دەزانێ لە بیانییەیەکی سیاسیدا باس لە بریاری سیاسی دەکری نە تەحلیلی حالەتی روحی.

## مێژوی بیری سەربەستیخوازی کورد

رزگارکردنی کوردستان لە داگیرکەران هەوێنی فکری سیاسی هەموو بزوتنەوەکانی کورد بووە. بە پێچەوانەی شێوەی بیرکردنەوەی توودەییەکان ، فکری کوردبوون بە دیدارێکی باقرئۆف لە باکۆ نەچووە دەمێشکی رێبەرانی کوردەوە. هەموو بەیت و حەیران و چیرۆکی کورد باسی ئەمیر و بەگ و شەرڤانان و کتێبە پیرۆزەکەی "شەرەفنامە" بۆ لێدانی مۆری کەسایەتی کوردی بە نێو چاوانی مێژووەوە بووە..

لە مێژوودا زۆر بنەماڵەی کورد حکومەتیان بووە. کێ هەیە حەسنەویە، مەروانییە، ئەیوبیان،شوانکارە ، زەندیە نەناسێ؟. لە سەدەی 19 بەدواوە و دابەشکردنەوەی دووبارەی کوردستان، شۆرشەکانی کورد لەسەردەمی تێکروخانی عوسمانییەکانەوە، گرێبەستی(قەرارداد) سێور کە بۆ یەکەمجار دۆزی نەتەوایەتی کوردی کردە مەسەلەی نێودەوڵەتی و ئینگلیز، ئیتالیا و فەرەنسە دەوڵەتی ترکیان ناچاربە قبووڵی واقعییەتی هەبوونی کورد و دانی بەڵێنی بەرەسمی ناسینی سەربەخۆیی کورد کرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کورد و ناساندنی هووییەتی کورد بووە... ئاگری بە بلێسەی شۆرشەکانی شێخ سەعید، شێخ عوبەیدیللا، ئارارات بەسەرۆکایەتی ئێحسان نووری پاشا، شێخ مەحمودوسمکۆ هەموو بە بیری نەتەوەیی دەگڕا. کەس هەیە بڵێ کە رێبەرایەتی کورد و بە تایبەتی کەسایەتییەکی زانای وەکو پێشەوا ئەو فکرەی نەناسێبێ. کەسێک ئامۆژگارییەکانی پێشەوا لە ئاخر ساتەکانی ژیانیدا بخوێنێتەوە بێ پایەبوونی هەموو فکرێکی ئێرانیگەری کە ماموستا حەیاکی لە حکومەتی خودموختاردا دایدەرێژی و بە پێچەوانەی واقیع نیشانی دەدا دەردەخا. کوردستانی بوون و بە کوردی بیرکردنەوە نە هەر هی ئەم سەدەیە و سەدەی پێشووە بەڵکو هی سەدەکانی پێشتریشە و ئەگەر نەڵێین هی هەموو مێژووی کوردە، دەتوانین بڵێین لە سەدەی حەوتەوە رەوتی نەتەوە خوازیی بەردەوام بووە.

لەوتارەکەی پێشوودا ناساندنی تایبەتمەندییەکانی دەولەتی کۆماری و کوردستانم باس کردن. بۆ ئەوە وەبیریان بێنمە جارێکی دیکە ئاماژەیان پێدەکەم.

## تایبەتمەندییەکانی دەولەتی جمهوری کوردستان

دەولەتی جمهوری کوردستان
دەولەتی جمهوری کوردستان، ناوی رەسمی ئەو سیستمە سیاسییە بووە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دایمەزراندووە. کۆمارێک بووە بۆ هەموو کوردستان. وشەی ئێرانی بە دواوە نەبووە. وەلانانی وشەی ئێران لە کۆتاییئەو دەستەواژەیە نیشاندەدا کە رێبەرایەتی کورد حیسابی هوویەتی جیاوازی خۆی لە هوویەتی ئیرانی بوون جیاکردبووە.
سیستمی حکومەتی جمهوری، لە فەرهەنگی سیاسی دا ناسراوە. جمهوری و حکومەتی خودموختار دوو پێکهاتەی سیاسی جیاوازن.
ئەگەر ئەو سیستمە، حکومەتێکی خودموختار بووایە، پێویست بوو بە رێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی رابگەیەندرێ. چونکە حکومەتی خودموختار حاڵەتی کارگێری نوێنەرایەتی ناوەندی هەیە. برابەرحقوقی میللی نێوان نەتەوەی دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات لە ئارادا نییە. هوویەتی نەتەویی جیاواز و مافی سەربەخۆی بریاردان نییە. بەرابەرمافی لە پێوەندی نێوان نەتەوەی خاوەن دەوڵەت و بێدەوڵەت وجودی نییە. حکومەتی خودموختار بۆی نییە لەگەڵ دەولەتانی دیکە قەرارداد ببەستێ.
مامۆستا حەییاکی خەبەری وتووێژێکی پێشەوا قازی محەممەد لەگەل چەند رۆژنامەنووسی ئێرانی کە مەعلووم نییە چ ماوەیەک پێش نووسین لە رۆژنامەی ژمارە یەکی کوردستاندا نووسراوە، کردووەتە پایەو بناخەی وتارەکەی بۆ ئەوە بیسەلمێنێ کە کۆماری کوردستان حکومەتی خودموختاری کوردستان بووە.
نووسەر لەبەر خۆشحاڵی لە دیتنەوەی ئەو بەڵگەیە فریای ئەوە نەکەوتووە کە بە خوێنەری وتارەکە بڵێ کە لەچ هەلومەرجێک و لە چ رۆژو مانگ و ساڵێک ئەو بەناو وتووێژە لەگەڵ سەرکۆماری کورد کراوە و دەقی وتووێژەکە، کەی لە رۆژنامەکانی تاراندا بڵاو بووەتەوە، کەی گەیشتووەتەوە مەهابات، کێ دەقە فارسییەکەی کردووە بە کوردی و نوسخەی ئەسڵی رۆژنامەکە لەکوێیە؟ ئەو نە خۆێ ئاگادارە و نە خوێنەرێش ئاگاداردەکا .' *خفتەرا خفتە کی کند بیدار*"
پێموابوو دەبێ لە ئارشیوی دەوڵەمەندی زەینی مامۆستا حەیاکیدا رێکەوتی ئەو وتووێژە هەبێ. ئەگەر نا کاری سەلماندنی تئۆرییەکەی مامۆستا هەرلەسەرەتاوە چەتی تێدەکەوێ.

لە ژمارەی یەکی رۆژنامەی کوردستان رۆژی 20 مانگی سەرماوەزی سالی 1324 خەبەری وتووێژێکی جەنابی قازی محەمەد لەگەل چەند کەس لە رۆژنامە نووس و خاوەن ئیمتیازی رۆژنامە بەو ناوانە، ایران ما ( تفضلی)عباس شاهنده (فرمان) بزرگ علوی و هرمز نووسەرانی رۆژنامە( رهبر و ایران ما) بلاو کراوەتەوە. (ئەو وتووێژە 12 رۆژ پێش راگەیاندنی کۆمار بلاوکراوەتەوە و مەعلوم نییە ئەو وتووێژە کەی کراوە.
لەو وتووێژەدا کە مامۆستا وەکو بەلگەیەک بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی خۆی ئاماژەی پێدەکا ( حکومەتی خودموختاری کوردستان) جەنابی قاضی محمد لە وەلامی پرسیاری رۆژنامەڤانەکەدا کە گوتوویە :
***"لەتاران دەلێن کوردان بە رەهبەری جەنابت جوێ بوونەوە و استقلالی کوردستانیان دەوێ"*** فەرموویە ، ***" خیر راست نیە، لەبەر ئەوە کە ئێمە اجرای قانونی اساسیمان دەوێ و دەمانەوێ بە خودموختاری لە ژێر بەیداغی ایراندا بژین و خودموختاریشمان وەگیر کەوتووە."*** هەروەها لە وەلامی ئەو پرسیارە کە چەند وەختە ئەنگۆ خودموختارن ، فەرموویە." ***چوارساڵە خودموختاری داخیلیمان هەیە."***
ئەوەی لە رۆژنامەی کوردستان لەزمان جەنابی قازی محەمەدەوە بلاوکراوەتە، بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. دوو خالی گرینگ هەر لەوولامەدا هەیە کە پێچەوانەی نەزەری مامۆستا حسن زادە و هاوفکرانی نیشان دەدا:
ا. کورد چوارسال بووە کە خودموختار بووە.
ب. لەو چوارسالەدا لە ژێر ئالای ئێراندا، کورد خودموختاری بووە.
پرسیار ئەوەیە کە ئایا میتینگی 20.000 کەسی مەهاباد لە 2 ی رێبەندانی سالی 1324 بۆ راگەیاندانی خودموختارییەک بووە کە چوارسال کورد بوویەتی یان کۆتایی هێنان بەو خودموختارییە و راگەیاندنی ئیرادەیەکی سیاسی دیکە کە نوێنەرانی خەلکی کورد رایان گەیاندووە و رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات ئەوبریارە مێژووییەی خەلکی کوردی لە جێی حکومەتی خودموختاری کوردستان پەسند کردووە و لەو کاتە بەدواوە، ناوی حکومەتی خودموختاری کوردستان بووە بە دەولەتی جمهوری کوردستان؟
هەر وەها بە گوێرەی وەلامی جەنای قازی محەمەد، بەیداغ و ئالای ئێران کە لەماوەی 4 سال خودموختاریدا لەکوردستان نیشانەی حکومەتی

ئێران بووە، بۆ هەڵدان و ڕاگەیاندنی خودموختاری 4 ساڵەبووە یان بۆ وەلانانی بەیداغی نیشانەی ئێران و ناساندنی ئالای سەربەستی کورد؟
بە گوێرەی سەرتیتری ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی 10ڕۆژی دووشەممە 15 ی ڕێبەندان ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ساڵی 1324 بە ڕۆژی جەژنی ئیستیقلال و سەربەخۆیی کوردستان ناوبردووە و هەروەها لە ژمارەکانی 13،12،11 بەدواوە بەردەوام ڕۆژی 2 ی ڕێبەندان بە ڕۆژی جەژنی سەربە خۆیی و ئیستیقلالی کوردستان ناودێر کراوە.( وێنەی ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان سەردەمی کۆمار لەو ئادرێسە ئینترنێتییەدا ببینە!)
پێویست بوو لەو ساڵانەی کە بەدەورانی حەسانەوە ناودەنرێ، مامۆستا هەوڵی دابایە کۆڕ و کۆمەڵێکی فەرهەنگی بۆ پێداچوونەوەی مێژوی حیزب و کۆماری کوردستان و سەرجەم بزوتنەوەکانی کوردی ڕێک خستبایە و بازسازی فکری کۆنە ئەندامان و دارشتنی فکری نەتەوەیی لاوانی حدکای وەئەستۆگرتبایە. ئەگەر ئەو کارەی کردبایە دەیان و سەتان بەڵگەی لە دەست دابوو کە بۆ سەلماندن و ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکەی خۆی وەبەرچاویان بگرێ.
مامۆستا ئەوەندەی خۆ ماندوو نەکردووە لانی کەم زانیاری زیاتر لە سەر ئەو خەبەرە کۆ بکاتەوە.
مامۆستا ئەگەر بۆ تێزەکەی داوای کردبایە بەڵگەی بە هێزترم بۆ دەنارد وەکو یەکەم بەیانییەی حدکا، بەندی 6
لەمامۆستا داوادەکەم کە سەرنجی ئەو بەڵگانە بدا کە لەسەر دەوڵەتی جمهوری کوردستان لەبەردەست دان:

- راگەیاندنی کۆماری کوردستان لە دووی ڕێبەندانی 1324بە بەشداری هەزاران کەس لە مەیدانی چوارچرا.( بە پێی خەبەری کوردستان ژمارە8 ڕۆژی 8ی ڕێبەندانی 1324 (20.000 کەس بوون)
- کوردستان ژمارە 10ڕۆژی 15 ڕێبەندان کە ڕۆژی 2 ی ڕێبەندانی بە ڕۆژی جێژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلال و سەربەخۆیی کوردستان ناوبردووە.
- لە ژمارەکانی 11.12.13 بەدواوە لە هەموو سەر وتارەکانی کوردستاندا 2ی ڕێبەندان بە ڕۆژی جەژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلالی کوردستان ناوبردراوە.

- قەرارێک کە لە دووی رێبەندانی سالی 1324 کە لەلایەن 20.000 نەفەر نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکانی کورد لە میتینگی شاری مەهاباددا پەسندکراوە:
  1. لەو جێگایانە دا کە ئێستا کوردی تێدا دەژین بە ئیستیقلالی تەواو بگات
  2. ئینتیخاباتی مەجلیسی شوورا دەست پێبکەن
  3. حکومەتی میللی کوردستان و وەزیران و ئیدارەکانی ساز بکەن.
  4. هێزی موسەلەحی میللی کوردستان تەشکیل بدەن
  5. لەگەل دەولەتانی هەمسایەدارابیتەی تجارەتی و ئیقتیسادی بەرقەرار بکەن
  6. لەگەل برا ئازەربایجانییەکان هەمکاری دۆستایەتی مەحکەم بکەن" ئاموژگارییەکانی پێشەوا( وەسیەتنامە)
- سازمانی دەوڵەتی کۆمار و دامودەزگاکانی جمهوریی و 13 وەزارەتخانەکەی.

ئەوەش ناوی وەزارەتخانەکان و وەزیرەکانی:

- سەررۆک وەزیر حاجی بابا شێخ
- وەزیر جەنگ محەمەد حوسێن سەیفی قازی
- فەرهەنگ مەناف کەریمی
- داخلی ( نێوخۆیی) محەمەد موعینی
- بێهداری ( ساخڵەنی) سەید محەمەد ئەیوبیان
- وەزیری خاریجە ( کاروباری دەرەوە) رەحمان ئاغا ئیلخانی زادە
- رێگا سمایل ئاغا ئێلخانی زادە
- ئابوری ئەحمەد ئیلاهی
- کار خەلیل خسروی
- پۆست و تێلێگراف
- بازرگانی حاجی مستەفا داودی
- وزارەت دادوەری مەلا حوسەین مەجدی
- کشت و کاڵ مەحمود وەلیزادە

راستییەکەی ئەوەیە کە سیستمی دەوڵەتی کۆماری کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دەلیل و بەڵگانەی کە هەیە لە چوارچێوەی حکومەتی خودموختاری کوردستاندا جێی نابێتەوە.
ئەوەی کە مامۆستا بە حکومەتی خودموختاری ناودەبا، لەگەڵ رژیمی پاشایەتی دێتەوە و باشیش جێ دەگرێ. مەفهومی کۆماریش رژێمێکی حقوقی - سیاسی ناسراوە و سیستمێک نیشان دەدا کە خەڵک سەرچاوەی دەسەڵاتە.
حکومتی خودموختار نوێنەری حاکمییەتی ناوەندییە. قانوونەکانی نابێ لەگەڵ قانونی دەوڵەتی ناوەندی دژایەتییان هەبێ. پول و ئابوری و پێوەندیی دەرەوەی نییە. ئەرتەشی نییە و سنوری جوغرافیایی ئاواڵەیە. شاروەندانی وڵات بێ هیچ مەرجێک دەتوانن لە ناوچەی خودموختار بژین. لە حکومەتی خودموختاردا باس لە حاکمییەت ناکرێ و کەسایەتی حقوقی- سیاسی سەربەخۆی نییە . ناوی کۆماری کوردستان و سرود و پەرچم و لەشکر و دیاریکردنی سنور ، سرینەوەی هەموو شوێنەواری فارس و قەدەغەکردنی خوێندن بە فارسی بە گشتی رامالینی هەموو شوێنەواری عەجەم تەنانەت ببووە قسەی نەستەق.
بەو پێیەو بە لەبەرچاوگرتنی سەروەریخوازی و وجود و دامەزراندنی سیستمێکی ئەو تۆ، جێیەک بۆ ناساندنی کۆماری کوردستان بە حکومەتی خودموختار ناهێڵێتەوە. ناوی کۆمار ، دەقی وەسییەتنامەکەی پێشەوا و لابردنی وشەی ئێران دوای وشەی کوردستان چ شک و گومانێک بۆ سەربەخۆیی کۆمار بە جێ دێڵێ؟
هێنانی شێعرێکی مامۆستا حەقیقی لە لایەن مامۆستا حەسەنزادەوە و هەڵبژاردنی وشەی خودموختاری لەبەرقافییەکەی بۆ دەلیلی ئەو ئیدیعایە سەیر نییە؟!. سەتان شێعری دیکە هەیە کە دژی ئیدیعای مامۆستای پێ بسەلمێندرێ. وەکو شێعرەکانی مام هەژار، مام هێمن و سەیدکامیل... مامۆستا پێی وایە بە هێنانی وشەی خودموختاری پێناسەی ئەو سیستمە حکومەتییە دەکا کە پێشەوا و رێبەرانی کۆمار دایانمەزراندبوو. ئۆتۆنۆمی، خودموختاری، خودگەردانی چەمک گەلێکن کە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا مانایەکیان هەیە و لە حقوقی ئیداریدا مانایەک و لە زبانی نێوخەڵکدا مانایەکی دیکەیان هەیە.
شاعیر لەپەنا وشەی خودموختاری وشەی بەیرەقی هێناوە، تۆ بڵێ مامۆستا حەقیقی نەیزانیبێ کە ناوچەی خودموختاری لکاو بە وڵاتێکەوە بەیرەقی نییە. لاموایە ئەگەر مامۆستا جارێکی دیکە بە وردی سەرنجی

ئەو شێعرە بدا ئەو دەلیلەی کە بۆ سەلماندنی خودموختاری ئاماژەی پێکردووە، بە نەبوو دادەنێ. مامۆستا حیاکی پێیوایە باسی کۆماری کوردستان خوێندنەوەی قانوونەکانی حامورابی و خەتی سومێرییەکانی چەندهەزارساڵ لەمەو بەرە. 60 ساڵ لەمەوبەر مێژوویەکی ئەوەندە دوور نییە. بە دەیان ژمارە رۆژنامەی کوردستان هی سەردەمی کۆمار لە بەردەستدان. نووسەر ئەگەر کاتی سەردانی بەڵگەکانی نەبووبێ، یان لەبەردەستیدا نەبووبن، دەیتوانی لەوکەسانەی کە ماون و لە کۆماری کوردستاندا ژیاون پرسیاربکا. بەڵام وادیارە مامۆستا بۆ دەلیلی "نفی" کۆمار دەگەرێ نە بۆ ناساندنی واقعییەتی کۆماری کوردستان .

**موزایدە و موناقەسە**

مامۆستا لەنووسراوەکەیدا بێ ئەوە دەلێلێکی بەهێز بۆ سەلماندنی نەزەرەکەی بدا بەدەستەوە بە لاتاوی "موزایدە" و پلارتێگرتن پەنا دەباتەوە بەر پێداهەڵگوتن و لێرەشدا لاهەڵدراوی دەلیلەکەی بۆ پینەناکرێ و دێتەوە سەر خاڵەسەرەکییە کە، پێی لێدەنێ و دەفەرموێ:

***" بەڵام بیری نەتەوەیی لای ئەوان زۆر بەرفراوانتر بووە و ئەوان بۆ دوارۆژێکی روونتر روانیویانە کە لەودا هەموو کوردستان لە یەکەیەکی یەکگرتووی ئازاد و سەربەخۆدا خۆیان ببیننەوە"*** لاپەرەی 5 هێلی 4 چەندقسەیەک لەسەروتارەکەی کاک حسن ایوب زادە.

من لەمامۆستا دەپرسم، ئەوە چ مەنتیقێکە کە کوردستان ئازاد بووە، نە ساڵداتی رووسی لێ بووە و نە ئەندامانی حیزبی تودە و نە ئاسەوارێکی حکومەتی عەجەم و بە فەرمایشتی مامۆستا رێبەرایەتی سیاسی کوردیش " "بیری نەتەوەیی بووە و ئەوان بۆ دوارۆژێکی روونتر روانیویانە کە لەودا هەموو کوردستان لە یەکەیەکی یەکگرتووی ئازاد و سەربەخۆدا خۆیان ببیننەوە." بەو حاڵەوە کۆماری کوردستان رانەگەیەنن و خۆیان بە خودموختارییە کەوە کە چوارساڵ بووە بوویانە و لە میتینگێکی 20.000 نەفەری نوێنەرانی هەموو کوردستان رادەگەیندرێ و مەعلووم نییە لەکام حکومەتی وەردگرتووە.

رێبەرایەتی کورد ئەگەر گومانی کردبێ رۆژێک سەرناکەوێ، بێگۆمان زانیویە کە ئەو چارەنووسەی دەبێ کە بووی. رێبەرانی کۆمار فیرقە نەبوون کە وەزارەتی کاروباری دەرەوەو دیفاع دانەمەزرێنن ، بە پێچەوانە کۆماری کوردستان هەم وەزارەتی دیفاعی هەبوو هەم وەزارەتی دەرەوە.

سیاسەتڤانی زانا کەسێکە نەیەڵێ هەلەکان بسووتێن. سەرکۆماری کوردیش دەیزانی ئەو هەلە چۆن بقۆزێتەوە. ئەگەر لەسەرەتای شورشی گەلانی ئێران حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ جاری دووهەم لە مێژوودا دامەزرانی کۆماری کوردستانی راگەیاندبایە ، تۆ بڵێی ئاکامەکەی جیا لەوەدەبوو کە ئێستا هەیە؟ ئەو باسە زۆر زیاتر هەڵدەگرێ.
لەوتارەکەی پێشوودا نووسرا کە هەر حیزبێکی سیاسی مافی، خۆیەتی بەرنامەی خۆی هەبێ و ئامانجی خەباتی سیاسی خۆی دیاری بکا. بەڵام مافی ئەوەی نییە مێژووی خەباتی نەتەوەیی کورد بە پێچەوانەی واقیع نیشان بدا. واقیع ئەوەیە کە خەباتی ئێمە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردە. باسیش کە لە مەسەلەی کورد دەکرێ مانای ئەوەیە کە ئەوە گرفتێکی نێو نەتەوەییە. بێعەدالەتییەکە کە لەلایەن دەوڵەتە مەزنەکانەوە دژ بە کورد کراوە و کوردستانیان دابەش کردووە. دەبێ رۆژێک ئەو مەسەلەیە لەلایەن ئەو هێزانەوە کە کوردیان ئاوا لەتلەت کردووە چارەسەربکرێ. واقیع ئەوەیە کە کوردستان داگیرکراوە. حالی خەلکەکەی لە حالی کۆیلە خرابترە.
با لە مامۆستا بپرسم ئەو دێرەی کە هەموو باسەکەی من و جەنابیان کۆتایی پێدێنێ لە کام بەند و لە چ جێگایەکی بەرنامەی حیزبی دێموکراتدا گونجاوە؟
مامۆستا کە پێمان ناڵێ ئەو دێرەی مامۆستا لە وتووێژەرادیۆییەکەدا کە دەفەرموێ:
" زۆرجار لەو بارەوە <u>دوژمنانی کورد بە جۆرێکیان دامەزرانی جمهوری کوردستان لێک داوەتەوە</u> کە کوردان ویستویانە لە ئێرانێ جوداوەبن"ئەو حکومەتە بۆیە بووە. لە حاڵێکدا لە وڵاتەکە شاهەنشاهی یە حکومەتەکە محەلییە کە دەبێتە جمهوری"
بەراست ئەوەی کە مامۆستا گوتوویە لەکوێ لە گەڵ بیری نەتەوەیی بەرفراوانتر و هەموو کوردستان و یەکەیەکی یەکگرتووی ئازادو سەربەخۆدا یەک دەگرێتەوە؟
مامۆستا با بفەرموێ کێ لەسەر مافی کورد خەریکی موزایەدەو "موناقصە" یە.
ئەگەر مامۆستا عەبدوللا حەیاکی تەنیا یەکجار لە بەرنامەکەیدا دان بەو واقعییەتەدا بنێ کە کوردستان وڵاتیکی داگیرکراوە و کورد مافی خۆیەتی داگیرکەر لە کوردستان راونێ و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دروست بکا ،

هەموو ئیرادێکی کە لەوبەشەدا لە نووسراوەکەی مامۆستام گرتووە وەردەگرمەوە. ئالەوەدا نە موزایەدەهەیە و نە موناقەسە.
مامۆستا باسی چوونی بۆ خزمەت ژێنراڵ بارزانی دەگێرێتەوە کە گوایە بۆ پیرۆزکردنی رێککەوتنی 11ی ئادار چووە. لەو دیدارەدا گوایە مەلایەک پیرۆز بایی ئەو سەرکەوتنەی لە جەنابی بارزانی کردووە. جەنابی بارزانی لە وڵامدا فەرمووویە :
***" لە بستێکی خاکی کوردستان قەولی حوکمی زاتی‌یان پێداوین ئەمە بۆسەرکەوتنە ؟ ئەو هەموو کوردستانە ئەسیری دیوە؟ "***
مامۆستای بەرێز، با جارێکی دیکە فەرمایشتەکەی جەنابی بارزانی بخوێنێتەوە. ئەگەر هەر ئەو فەرمایشتەی بارزانی لە گۆشەیەکی بەرنامەکەیدا بنووسێ کە کوردستان ئەسیرە، مەسەلەی موزایەدەو موناقصە لە ئارادا نامێنی و هەر دوو بەو خاڵە هاوبەشەدەگەین کە کوردستان داگیرکراوە ، دابەش کراوە و بەشێک نییە لە ئێران و بەشێک نییە لە عیراق و تورکیە و سوریە. لەو حاڵەدا مەسەلەی ئێرانیچییەتییەکەێ مامۆستا چارە دەکرێ. ئەوسا کە خوێندنەوەکە بە پێی واقیع بوو بۆ دۆزینەوەی رێگە چارە دەبێ بیری لێبکەینەوە و رێگای نوێی بۆبدۆزینەوە.

**مامۆستا حەسەنزادە و دێموکراسی**

مامۆستا حەسەن زادە دەفەرموێ:
***" ئەوە کە پێشەوای شەهید و لەگەل ویش‌دا رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنەوە تا ئێستا دیموکراسی بۆ ئێرانیان کردووەتە دروشمی ستراتێژی( بخوێنەوە سەرەکی) پێش هەموو شتیک لە بەر ئەوەیە کە دەیانەوێ لە وڵاتەکەیان‌دا دێموکراسی بەرقەرار بێ ، چونکە بناخەی ئەو دروشمە لەسەر ئەوە دانراوە کە مەسەلەی کورد لە ئێراندا چارەسەر بکرێ."***
با لەپێشدا ئەوە بڵێم کە دروشمی دێموکراسی بۆئێران و خودموختاری بۆ کوردستان لە رۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە تا رۆژی راگەیاندنی کۆماربووە. بە راگەیاندنی کۆماری کوردستان مانەوەی دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتدا بوو بە مێژوو . ئەوسا کۆماری کوردستان ئەرکی ئەوەی نەبوو دێموکراسی بۆ ئێران دابین بکا. رێبەرایەتی کۆمار بە پێچەوانەی فیرقە کە لە ژێر کارتێکەری حیزبی تودە و روسەکاندا نەبوو ئامانجی نەتەوەیی مەبەست بوو، بەڵام فیرقە بە کاری ئیدئۆلۆژیکی و چینایەتییەوە گرتبووی. لەراستیدا روسەکان بە هۆی حیزبی تودەوە دەیانویست نەهەرئازەربایجان بەڵکو بەشەکانی دیکەی ئێرانیش داگیر بکەن.
مامۆستا دەنووسێ:
***" بە پێچەوانەی هێندێ لێکدانەوەی هەڵە لە دروشمی ستراتێژی ( ب . سەرەکی) حیزب، دێموکراسی هەر بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران داوا نەکراوە و پێش هەموو ناوچەیەک بۆ کوردستان مەبەستە. ئەگەر وانیە بۆ باسی دێموکراسی بۆ ئەفغانستان و پاکستان و تورکیە و عێراق و دراوسێکانی دیکەی لەو دروشمەدا نەهاتووە."***
پرسیارێکی سەیرە!
بریا نووسەر لەمەر دێموکراسی و کارتێکەری و کارسازییەکەی زیاتری نووسیبایە. ئەو دەنووسێ:
***" ئەوە کە پێشەوا و رێبەرانی حدکا دێموکراسییان کردووەتە دروشمی حیزب لەبەرئەوەیە دێموکراسی لە ولاتدا هەبی و مەسەلەی کوردی پێ‌چارەبکەن.***
مامۆستا نافەرموێ دێموکراسی چییە و بە دێموکراسی چۆن مەسەلەی کوردچارەدەکرێ؟

باڵەبەردا بڵێم کە مەسەلەی کورد لە روانگەی مامۆستاوە مەسەلەیەکی نێوخۆیی ئێرانە و لەریزی ویستە دێموکراتیکەکانە. وەکو مافی ئازادی ژنان. لەحاڵێکدا ئەو پێناسەکردنە داپۆشێنی واقعییەتێکی نێونەتەوەییە. مەسەلەی کورد گرفتێکی نێوخۆیی وڵاتێک نییە کە بە لاچوونی فلانە دیکتاتۆر و هاتنەسەرکاری فیسارە حیزبی بەرواڵەت ئاشنا لەگەڵ ئازادییە دێموکراتییەکان کورد بە مافی خۆی بگا. مەسەلەی کورد لە پێوەندیی نێونەتەوەیی‌دا دێتە گۆرێ نە لە گرفتی نێوخۆیی‌دا. لە داگیرکردنی ولاتێکدا دێتە ئاراوە. لە توناکردنی هووییەتی نەتەوەیی میللەتێکی دابەشکراو دروست دەبێ. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە رەوت و پرۆسەی بەدەوڵەت بوونی کورددا غەدری لە خۆی و لە کورد کردووە. لەو وڵاتانەی کە فرەگەلین و لە گەلانی بەزۆردابەشکراوی پێکەوە لکێندراو پێکهاتوون، حکومەتی قانوونیشیان هەبێ و ئازادییە دێموکراتییەکانیش دەستەبەرکرابن ، مەسەلەیەکی وەکو دۆزی کورد چارەسەر ناکرێ. مەسەلەی کورد بریتییە لە مافی سیاسی نەتەوەیی وەکو یەک ویەکسانی سیاسی لەگەڵ هەرنەتەوەیەکی کە خاکەکەی داگیرکردووە و کردوویەتە کۆیلەی خۆی. ببورە ئەگەر گوتم کۆیلە، چونکە بارزانی نەمر کوردستانی بە "ئەسیر " پێناسەکردبوو و نووسەریش بۆ ئەوە نیشان بدا فەخری زیارتی بارزانی بە نسیب بووە ئەو باسەی گێراوەتەوە دەنا ئەو کەلامەپیرۆزەی بارزانی راست بە پێچەوانی بیرۆکەی ئێرانیچێتی مامۆستا عەبدوللای حەسەن‌زادە سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتە.
مەسەلەی کورد پێشێلکردنی مافی سیاسی گەلێکی چەند دەملیۆنییە کە بەدابینکردنی مافە دێموکراتیکەکان چارە ناکرێ.
خوێندنەوەیەک کە داگیرکراوی کوردستان و کۆیلە بوونی کورد پێناسەنەکا خوێندنەیەکی گونجاو نییە. خوێندنەوەی مامۆستا و هەموو حیزبە سەرانسەرییەکان و لەریزی هەرەپێشەوەیاندا حیزبی تودەی ئێران کە سەرچاوەی هەرە باوەرپێکراوی مامۆستایە خوێندنەوەیەکی دور لەواقیعە و تەنیا بۆ لکاندنی کورد بە ئێرانەوە تئۆریزە کراوە. ئەوە نمونە و مۆدێلی سۆڤێتی پێشوو بوو. دیتمان کە چۆن ئەو یەکەتییە نەتەوە کریکارییە بوو بە دابرانی نەتەوەیی..
بروانە هەموو راگەیاندراوەکانی حیزبی تودەی ئێران لەسەر دووی رێبەندان. بە تایبەتی راگەیاندراوی سی‌ساڵ لەوەپێشی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئێران ( پازدەی دەی 1354 ژمارە 150) و روانگەی مامۆستا لە مەسەلەی کورد.

**دەقی بەیانییەکە لە کۆتایی ئەم نووسراوەدا بخوێنەوە.**
لەو رووە ئێمە باسی دوودنیای جیاواز دەکەین. مەسەلەی کورد لە روانگەی مامۆستاوە دابینکردنی بەرنامەی خودموختارییە. بەلام لەروانگەی کۆماری کوردستانەوە مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی و لاتێکی داگیرکراوە.
حیزبە سەرانسەرییەکانیش بەرنامەی خۆیان و خوێندنەوەی خۆیان لە مەسەلەی کورد هەیە. بۆ بەشێکیان بریتییە لە ئازادی بڵاوک و دامودەزگای راگەیاندن و هەڵبژاردن و خوێندنی سەرەتایی بە زمانی کوردی.
مامۆستا لەبەشێکی وتارەکەیدا دەڵێ:
***" ئێمە قەت نەمانگوتوە بە جێگیربوونی دێموکراسی مافی نەتەوەکان دەسبەجێ دابین دەبێ، بەڵکو گوتومانە و باوەرمان وایە کە بە بێ دێموکراسی ئەو مافانە لەولاتانی فرەگەل دابین نابن."***
مامۆستا ناڵێ ئەو باسەی ئێستای لە کام بەشی بەرنامەکەیدا گونجاوندووە، یان لەکام وتار و سەنەدی حیزبدا نووسراوە؟ یان ئەو لە کوێی گوتووە؟ پاشان ئەگەر دێموکراسیەکە نەخشی دەرەجە دووی هەبێ، و مافی نەتەوەیی پێ دابین نەکرێ داخوازی نەتەوەیی کە بریتییە لە سەروەری میللی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی چێ لێدێ؟ مامۆستا حسن زادە دەزانێ کە خودموختاری بۆ کورد مەسەلەیەکی نێوخۆییە. دێموکراسیش مەسەلەیەکی گشتییە. ئەو دووە گرێدراو نین. لە سۆڤێتی بەرێدا دیکتاتۆری زاڵ بوو، لەگەل ئەوەش مافێکی فەرهەنگی هەبو. لە تورکیە و ئیسپانیای ئەمرۆدا هەموو دەڵێن دوو ولاتی دێموکراتن بەلام کورد بە قانوون وجودی نییە و لە ئیسپانیاش یەک نەتەوە بۆ مافی خۆی دەیان ساڵە لەسەر پێیە.
رەنگە مامۆستا ئەو وتووێژەی شەهید دوکتور شەرەفکەندی لە گەل رادیۆفەرەنسە کە لە بازتاب وقایع کردستان- شمارە 6 دا نووسراوە خوێندبێتەوە.(بروانە دەقی وتووێژەکە لە کۆتایی ئەو نووسراوەدا)
ئایا بۆچوونی مامۆستاو دوکتور شەرەفکەندی شەهید لەسەر مەسەلەی نەتەوەیی و هێنانەخوارێی مافی میللی تا خلتەی بنی دێموکراسی گشتی جیاوازی هەیە؟ تکایە ئەو وتووێژەی خۆتان و شەهید دوکتور شەرەفکەندی لەگەل پەیامەکەی شەهید دوکتورقاسملوو کە بە بۆنەی دووی رێبەندان بۆ خەلکی کوردستان ناردبووی لە هەمبەر یەکتر دابنێن و ناهاوئاهانگی و بۆچوونی جیاواز لەسەر مافی نەتەوەیی و کۆماری

کوردستان و خودموختاری لە وتارەکەی خۆتان و شەهیدان دوکتور قاسملوو شەرەفکەندیدا وەبەرچاو بگرن. مامۆستا حەسەنزادە مافی سیاسی وەکویەک بۆ کورد داواناکا. دوکتور سەعید خودموختاری بە بەشێک لە ئازادییە دێموکراتییەکان پێناسەدەکا. دوکتورقاسملووش لە مافی نەتەوەیی و رزگاری کورد و لە کۆماری کوردستان دەدوێ. بەنەزەری مامۆستا کامە بوچوون راستە و حیزبی دێموکرات دەبێ بۆی بچێ؟ هەرکام لەو بۆچوونانە بەرنامەو کاری تایبەت بە خۆی دەوێ.

ئەوەی کە پێی وایە کورد نەتەوەیەکی جیاواز لە نەتەوەکانی دیکەیە و دەبێ مافی سیاسی وەکو گەلی فارسی بێ، دەبێ داوای دابەشکردنی دەسەلاتی سیاسی ئابوری و جیاکردنەوەی چوارچێوەی جوغرافیایی کوردستان بکا. ئەوەی کە پێی وایە مافی کورد بە دموکراسی دابین دەکرێ، دەبێ خۆی بۆ شێوە ژیانی کوردی باکور ئامادەبکا. چونکە مۆدێلەکەی مستەفا کەمال ئەوهایە. لیرەدا نەتەوەکان دەبنە یەک میللەت و مافی سیاسی فەردی بەرەسمی دەناسرێ و فەردی سەر بە کەمایەتی کە نوێنەری پارلمانەکەی بە ئازادانەش هەلبژێرێ هەر بێ بەشەکەی جارانە. چونکە زۆربەی دەنگ هەر هی زۆربەیە. لەحالێکدا کورد ئاسیمیلە دەکرێ خەڵکەکەی بەرەو شارەگەورەکان دەکێشرێ، داراو دەستڕۆیشتووەکانی نەتەوەی حاکم مال و ملکەکەی لێدەکرن یان داگیری دەکەن،حیزب دەبێ بۆ ئەوە چ رێگە یەک پەیدا بکا.

مامۆستا لەسەر بیرۆکەی داگیرکراوی کوردستان خۆی نابەڵەد دەکا و خودموختارییەکەی لە چوارچێوەی ئێراندا بە لکاندنی کوردستان بە ئێرانەوە نازانێ و لەبیر دەکا کە دروشمی سەرەکی دیمووکراسی بۆ ئێران تەوەرەی باسەکەی ئەوو بەیانییەی کۆمیتەی ناوەندییەتی. مامۆستا لەبەشێک لە باسەکەیدا خۆی لەگەڵ دوکتور قاسملوو دەکاتە شەریک و دەڵێ کە رێبەری شەهید دوکتور قاسملوو پەنجاساڵ لەوەبەر گوتویە کە یەکگرتنەوەی کوردستان بە مانای دابرینی خاکی هیچ وڵاتێک نییە و گوایە ئەویش لەکاتی بە خاک ئەسپەردەکردنی ئەو شەهیدە ئەو وتەیەی دووپات کردووەتەوە. نووسەری ئەم بابەتە بە هێنانی ئەودێرە کە لە وتارەکەدا هێناویە تووره بووە و پێی وایە ئەو وتەیەی دوکتور بۆ خۆهەڵکێشان لەبەردەمی مامۆستا داندراوە. ئەوەی نووسراوە ئەو دێرەیە:
***" نووسەر رەنگە لە بیری چووبێ کە راگەیاندنی دەوڵەتی نەتەوی کورد و یەکگرتنەوەی هەموو بەشەکانی کوردستان بە مانای دابرینی خاکی هیچ وڵاتێکی دیکە نییە"***

تۆ بڵێی خوینەری بەرێز لەو دێری نووسراوە ئەو فەرمایشتەی نووسەر وەرگریَ؟ ئەوە کە دوکتور قاسملوو نە هەر خاوەنی ئەو دێرە بەڵکو مەکتەبێکی فکری بوو وجێی گومان نییە. کام کورد هەیە لەو زانایە فێر نەبووبێ ؟ بەلام من لەوە ناگەم بۆ کاک عبداللە حەسەن زادە مافی هەیە خۆی بکاتە شەرێکی دوکتور قاسملوو، بەلام کەسی دیکە بۆی نەبێ لە زمانی ئەوەوە ئەو دێرەی دوکتور قاسملووی بە زمانی دابێ؟ لێرەشدا ئەو دێرە بە هەڵە کراوەتە ملکی مامۆستا. زۆر شوکور کە من لە هەڵەدا بووم و ئەو وتەیە ماستی مامۆستاش نەبوو کە من لەسەریم هەڵسووبێ.
کورد لە ئێراندا کەمایەتییە. گریمان هەموو ئازادییە دێموکراتییەکانیش هەبن، بەڵام کە بێیە سەر ماف و دابەشکردنی دەسەلات، پێشێلکردنی ماف هەر دەمێنێ. بۆ ئەوە باشتر مەسەلەکە بکرێتەوە چەند نموونە باس دەکەم . وەک دەگوترێ کورد لە ئێران لەسەتا دەن. ئەگەر بە شێوەیەکی دێموکراتیش بچنە نێو پارلمان لەوێ چ دەتوانن بکەن؟ تازە بەشی شێعەکەش زۆربە لەگەڵ مامۆستا نین. بەو پێیە کەمایەتییەکی کورد لە پارلمانی ئێراندا هەر دەتوانێ هاواربکا بەس. لە کەش و هەوایەکی ئەوتۆدا تەنیا یەک رێگە هەیە و ئەویش دابەشکردنی دەسەڵات و هەبوونی مافی نەتەوەیی یەکسانە کە نووسەرانی بەرنامەی حیزب هەر بۆلای نەچوون.

## مافی سیاسی کورد لە چوارچێوەی مافی فەرهەنگی دا

ماموٚستاحەسەنزادە لە لاپەرەی 2 وتارەکەیدا دەنوسێ:" *بە نۆرەی خۆم زۆرسوپاسی ماموٚستا گۆرانی بەرێز دەکەم کەبۆمان روون بکاتەوە حیزبی دێموکرات کەنگێ و لە چ بەلگەیەک دا مەسەلەی کوردی لە چوارچێوەی فەرهەنگی دا جێ کردووەتەوە".*

نووسەر لە روالەتی هەلوێستگەلێکی سیاسی شەهید دوکتورقاسملووی دەورانی شەڕی سارددانێدا ماوە و سەرنجی نەدواە کە " دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆکوردستان" چ پێوەندییەکیان پێکەوە هەیە و کەی هاتوونە نێوبەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە و کەی وشەی " ئێران" بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە لکێندراوە و سنوری سەڵاحییەتەکانی خودموختاری چییە؟ ماموٚستا پێی وایە ئەو دروشمانە لەسەرەتای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە تا ئەمرۆ هەبون و ئاڵ وگۆریان بەسەردانەهاتووە. لەورووەوەیە کە لە لاپەرەی دووی وتارەکەیدا دەنووسێ: " بەراستی دێموکراسی بۆئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" کێ بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردەدروشم؟پێشەوای زانا و بلیمەتی حیزب قازی محەممەدی نەمر یان میراتگرانی – بەباوەری ماموٚستا گۆران – ناخەلەفی پێشەوا؟"

ماموٚستا حەسەنزادە، دەزانێ کە بە شێوەی نەرەسمی ساڵەکانی 1339 تا 1349 (1940-1950) بە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان داناندرێ. سەردەمێک دروشمی خودموختاری وەلانرابوو و دروشمی حیزب یەکێتی،سەربەخۆیی، خەبات ودێموکراسی بوو. ئەو ساڵانەی کە حیزبی تودەی ئێران خۆی بە دایکی حیزبی دێموکرات دەزانی و رێکخراوی حیزبی دێموکرات لە ژێر دەسەلاتی حیزبی تودەی ئێراندا بوو ناکرێ، بەحیزبێکی خاوەن بریاری سیاسی سەربەخۆ پێناسە بکرێ.

بروانە "اعلامیە کمیتە مرکزی حزب تودەی ایران بە بۆنەی دووی رێبەندان" لە پاشکۆی بەشی یەکەمی وتارەکەدا نووسراوە) جیاوازییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەردەمی پێشەوا قازی محمد و دوای ئەو سەردەمە بەرچاون. باس کردن لە ئالوگۆرەکان و گۆرینی دروشم و بەرنامە لە حیزبێکی سیاسیدا نە هەر خراب نییە ، بەلکو پێچەوانەکەی خراپە. حیزب لە کۆمەلە خەلکێکی زیندوو کە ئالوگۆریان بەسەردادێ پێک دێ.

ئەگەر مامۆستا لە" کوردستان" ئۆرگانی رەسمی حیزبی دێموکرات، لە سالەکانی 1349 بەدواوە بروانێ ئەو ئالوگۆرە بەرچاوە دەبێنێ:
ئۆرگانی رەسمی حیزب "کوردستان" لە ژمارەی یەکەوە، کە لە رێبەندانی 1349هەتاوی بەرامبەر بە ژانویەی 1971زاینی دەرچووە، تا ژمارە8 خەرمانانی 1350 بەرامبەر بە سێپتامبری 1971 مانشێت یان سەرتیترەکەی ئەوە بوو:"

**کوردستان**

**ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان**[1]

لە ژمارەی 9 و لەرەزبەری 1350 ( ئۆکتۆبری 1971) بەدواوە تا ژمارەی 37 گەلاوێژی 1354بەرامبەر بە ئوتی 1975 وشەی " ئێران " لەنێو دوو کەوانەدا پاش بۆشاییەک و دوای وشەی کوردستان زیادکراوە. بەم جۆرە:

**کوردستان**

**ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان " 'ئیران"**[2]

ژمارەی 37 گەلاوێژی 1975- رەزبەری 1354 ئاخر ژمارەیەکە کە وشەی "ئێران" ی لە نێوان دووکەوانە دا هێناوە و ە و لە ژمارەکانی دواتردا وشەی ئێران بی کەوانە پاش وشەی کوردستان هاتووە.

**کوردستان**

**ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانیئێران**[3]

تێبینی: لە ژمارەی 2 رەشەمەی 1349 بەرامبەر مارسی 1971 بەدواوە دروشمی خودموختاری و دێموکراسی لە مانشێتی ئۆرگانی حیزب زیاد کراوە.
بۆچوونی مامۆستا حەسەنزادە لە مەر دروشمی" دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" جێگەی لێوردبوونەوەیە. قبولی دێموکراسی بە مانای قبولی حاکمییەتی خەڵک و سەرچاوەی دەسەڵات پێوەندی بە ئیدئۆلۆژی و چەشنی حکومەتێکەوە هەیە کە لە ناوەند دادەمەزرێ. ئەو دوو بەشەی دروشمی سەرەکی حیزب پەیوەندییەکی ئۆرگانێک و جیانەکراوەیان نییە. دێموکراسی فۆرمێکی حکومەتکردنە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی تاکەکانی کۆمەل. خودموختاریش لەو قەوارەیەدا کە ئێرانیچییەکان فۆرمولەی دەکەن، مافێکی فەرهەنگییە بە

1- بڕوانە بەڵگەنامەکان
2- بڕوانە بەلگەنامەکان
3- بڕوانە بەڵگەنامەکان

نیشانەی هەبوونی فەرهەنگی کوردی کوردستان و نوێنەرایەتی ئیداری ناوەند لەلایەن کارگێرانی کوردەوە بۆ ئەوبەشە کوردە. بەڵام بۆ ئەوانەی کە کورد وەکۆ نەتەوەیەکی جیاواز و وڵاتەکیان بە داگیرکراو پێناسە دەکەن،خودموختاری فورمی دەستکاری کراوو سەرەتایی مافی نەتەوەیی کوردە بۆ ئەو بەشەی کە بە کوردستان نێودەبردرێ و بە ئێرانەوە لکێندراوە.

مافی نەتەوەیی کورد پێوەندی بە هوییەت و مەوجودییەتی سیاسییەوە هەیە. بە دابەشکردنی کوردستان لەلایەن داگیرکەرانەوە ئەو هوییەتە توناکراوە. خودموختاری بەو پێناسەیەی ئێرانیچییەکان لادانێکە لە رەوت و پرۆسەی بە دەوڵەت بوونی کورد.

ئەوپرسیارەی ماموستا لەلایەن جێگری سکرتێری پێشتری حیزبی دێموکراتی کوردستان رەوانشاد کەریم حسامی لە ناميلكەی "حیکایەت کردن یان نووسینی مێژوو لە سەر ناميلكەی نیوسەدە تێکۆشان نووسینی ماموستا عبداللە حسن زادە" *وەلام دراوەتەوە کە دەنووسێ:*

*" راستی ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات هەر دوای روخانی کۆماری کوردستان لەسەر بەرنامە و رێبازی حیزبی دێموکراتی سەردەمی قازی محەممەد زیندوو نەبۆتەوە".*

ماموستابە هەڵە خۆی بە خەلەفی فکری قازی محەممەد لەقەلەم دەدا. چونکە حیزبی دێموکراتی کوردستانی قازی محەممەد کە کۆماری کوردستانی دامەزراند، کوردستانیی بیردەکردەوە. بەلام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانێ کە ماموستاحەسەن زادە لەوسالانەیدا کە رێبەرایەتی کردووە سازمانێکی جیانەکراوە لە ئێران بووە، ئیرانی و ئێرانیتر لە ئێرانیش بێری کردووەتەوە.

( تکایە وتوویژەکەی ماموستا حسن زادە لەگەل بەشێ چاپەمەنی حیزب کە چەکهەڵگرێکی رژیم لە تاقمی حەوت کەسی حیزبی تودەی بەدرۆ دێموکرات بە ناوی فاروق کیخسروی لە کوردییەوە کردوویە بە فارسی و لە بلاوکی چشم انداز سەر بەدەزگای ساختەچییەکانی رژیم دا بلاو کراوەتەوە، بخوینەوە ) لەگەڵ ئەوەش دیارە کە ستروکتور و بنەماکان لەو قۆناخەدا جیاوازبوون.

لەوتاری پێشودا باس کرا کە بە راگەیاندنی کۆماری کوردستان لە رۆژی دووی رێبەندان ساڵی 1324 دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران لە بابەت کەوت و تەنیاناوەکەی بۆ مێژووی بەرلە راگەیاندنی کۆمار بەجێ ما.

چونکە ئەوە ئەرکی کۆمار نەبوو دروشمێکی سیاسی بۆ وڵاتێکی دیکە (ئێران) بەرز بکاتەوە.
مامۆستا بەو خوێندنەوەیەی کە لە مافی نەتەوەیی کورد هەیەتی، ناتوانێ درێژەدەری رێگای فکری رێبەرایەتی کۆماری کوردستان بێ. ئەو دەتوانێ لەو بەشەدا بە تایبەتی هاوفکری سازمانە سەرانسەرییەکانی ئێرانی بێ کە کورد بە یەکێ لەقەومەکانی ئێرانی دەزانن کە بە بۆچوونی ئەوان، مافی خوێندنی زمانی کوردی لە تەنیشت زمانی رەسمی فارسی هەیە.
واقعییەتی مێژوویی کورد و وڵاتەکەی ئەوە نییە کە مامۆستا پێناسەی دەکا. کوردستان ولاتێکی داگیرکراو و دابەشکراوە. لەلایەن داگیرکەران و پشتیوانەکانیانەوە پێش بە رەوت و پرۆسەی بەدەوڵەت بوونی گیراوە. ئیستیعمارگەرەکان وێرای داگیرکەران سامانی کورد و هێزی کاری کوردیان بۆ خۆیان راداوە و لەهەمو تاوانەکانی داگیرکەراندا دژ بە کورد شەریکە تاوانن. لەورووەوە بەرپرسی قەرەبوو کردنەوەی بێعەداڵەتی و گەراندنەی رەوت و پرۆسەی بەدەوڵەت بوونی کوردن. بەلام ئەو بۆچوونەی مامۆستا لەگەل ئەو راستیانە یەکتر ناگرنەوە و حاشایان لێدەکا.
بەخۆشییەوە ئاڵوگۆرەکانی جیهانی بەرەو پێشکەوتنە و تا رادەیەک رێگەدەدەن کوردیش بتوانی لەمەولا بە پێی پەسندکراوە نێودەوڵەتییەکان داوای چارەسەری مەسەلەکەی خۆی بکا. جیا لە بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ و پرۆتۆکۆلەکانی رێککەوتننامەی دەوڵەتی سودان و نوێنەرانی باشوری سودان کە دۆکۆمێنتێکی نێودەوڵەتییە دەکرێ بۆ کوردیش ببێتە بنەمایەک بۆ داوا رەواکەی.
دروشمی خودموختاری هەروەکو دوکتور قاسملوو لە ئاخررۆژەکانی ژیانیدا باسی کردووە یەکێتی نەتەوەیی کوردی تێکداوە. ئەو دروشمە لە ژێر چەتری دێموکراسیدا لەلایەن بیرمەندەکانی داگیرکەرانی کوردستانەوە لە ریزی ئازادییە دێموکراتییەکان دادەندرێ و تواندنەوەی هوییەتی نەتەوەیی کورد و رەتکردنەوەی مافی بە دەوڵەت بوونی کوردی تێدا شاردراوەتەوە. هەرکام لەو حکومەتە داگیرکەرانە ئەگەر دێموکراتیترین حکومەتیش بن، ناتوانن مەسەلەی نەتەوەیی کورد چارەسەربکەن و رێگەبدەن کورد پرۆسەی بە دەوڵەت بوونی خۆی درێژە پێبدا.
بنەمای فکری خودموختاری و تێئۆریزە کردنەکەی دەگەرێتەوە بۆ بۆچوونە مارکسیستیەکان و دۆزینەوەی چەپەکە رێ بۆ خۆبواردن لە

ریگەی چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی کورد. لە نێو چەپاژۆکاندا کە باس لە دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلان دەکرێ، بە هێنانی مەرجەیلێ فرە و گرێدانی بە رەزامەندی و بەرژەوەندی پرۆلێتاریاوە، لە کردەوەدا هەر وەلانانی مەسەلەکە دێتەوە سەر شانۆی وجود. کورد کێشەی لەگەل دێموکراسی و ئازادییە دێموکراتییەکان نییە. چونکە زات و جەوهەری داخوازی مەسەلەی نەتەوایەتی کورد وەلانانی ستەم و کۆنەپەرستی و داگیرکاریی و هاواری ئازادییە. بەڵام لەم سەردەمەدا داگیرکەران لە مودێرنیزم و مۆدێرنێتە بۆ شاردنەوەی مافی نەتەوەیی قاڵبێکی نوێیان داتاشیوە. بەپێچەوانەی بۆچوونی ئێرانیچییەکان مەسەلەی کورد گرێپوچکەیەکە کە دەوڵەتە مەزنەکانی جیهان و داگیرکەرانی کوردستان دروستیان کردووە. هەر ئەوان دەتوانن بۆ ئەمنییەت و ئاسایشی جیهان ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکەن. ئەوەش کات و توانا و بوێری سیاسەتڤانانی کوردی گەرەکە کە مەسەلەکە لە حالەتی نێوخۆیی و لە سنوری دیاریکراوی داگیرکەران بێننە دەرەوە و بە ناوی رزگاری نەتەوەیەکی دەیان ملیۆنی لە بندەستی، بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد خەباتی بۆبکەن. ئەو خوێندنەوەیە لەگەل بیرۆکەی ئێرانیچێتی و خودموختاری ناوچەیی یەکترناگرنەوە.

کورد ناتوانێ بە تەنیا  حکومەتی ناوەندی دیاری بکا. کە وابوو هێنانی ئەو دروشمە لەبەرنامەی حیزبدا ناکرێ وەکو ئەسڵێکی هەتاهەتایی چاوی لێبکرێ. گۆرینی ئەو دروشمە لە کۆنگرەی 13حدکا دا ئەو راستییەی رووکرد.

 دوای روخانی  کۆمارو تا کۆنفەرانسی سێهەمی حیزب، باسێک لە خودموختاری نەبوو.

ئەو دروشمە لە حیزبی دێموکراتدا مێژوویەکی 60 ساڵەی نییە. لەمەو بەر گوترا دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران لە رۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە تا رۆژی راگەیاندنی دەوڵەتی جمهوری کوردستان بوو. ئەوکاتەی کە کۆماری کوردستان راگەیاندرا، پێویست نە بوو کورد بۆ ئێران داوای دێموکراسی بکا. قبولی ئەسلی خودموختاری بۆکورد بە مانای قبولکردنی سەلاحییەتی کارگێرانی کوردە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی بریارەکانی ناوەند لە کوردستان. مافی فەرهەنگی باس کراو تەنیا ئیمتیازێکە بۆ کورد لەپەنا بەرنامەی فەرهەنگی نەتەوەی سەردەست. تازە ئەو مافەش رەها نییە و دەبێ لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی دەوڵەتی ناوەندیدابێ. بەو ئیمتیازە فەرهەنگییە و بەو پێێناسە

نەتەوایەتییە نالوێ کە ئاڵای کۆماری کوردستان کە نیشانەی هوویەتی نەتەوەیی کوردە لە تەنیشتی ئاڵای شێر و شمشیرنیشانی پاشایەتی یان ئاڵای پەنجەنیشانی کۆماری ئیسلامی بەرزبکرێتەوە. دوای روخانی کۆماری کوردستان و دەست پێکردنەوەی خەباتی سیاسی - نیزامی حیزبی دێموکرات بۆ یەک جاریش ئاڵای خودموختاری لەسەر ماڵێک، گوندێ، سەرشاخێک، ناوەندی پێشمەرگە یان رێکخراوێکی حیزبی دێموکرات... نەشەکایەوە.

مامۆستا حسن زادە سیستمی حکومەتی کۆماری کوردستان بەجۆرێکی دوور لە واقیع پێناسە دەکا. ئەو کۆماری کوردستان بە حکومەتی خودموختاری کوردستان دەناسێ کە بەشێکی جیانەکراوە لە ئێرانە. بەلام کە وشەی فێدرالی بە پێچەوانەی ویستی ئەو خرایە نێو بەرنامەی حیزبەوە، ئاڵای هەلپەسێردراوی کۆمار بەرزکرایەوە. هۆیەکەی ئەوەیە جەوهەر و ماهییەتی ئەو دووە جیاوازن. بەلام بۆ مامۆستا حسن زادە سیستمی فێدرالی و ئیمتیازی فەرهەنگی خودموختاری هەر یەکن و بگرە خودموختاری پێ باشترە. دیفاعی سەرسەختانەی مامۆستا لە خودموختاری لە کۆنگرەی 13 دا دەلیلی ئەو باسەیە. لەبەر ئەوە ئەگەر لە جێیەکدا باسی نەکردووە یان نەینووسیوە پێویست بە نووسین ناکا، چونکە لەژێر خێوەتی خودموختاریەکەی ئەوداهەر ئەوەندە مافە کۆ دەبێتەوە. لەگەل ئەوەش ئەو پێناسەیەی کە حیزبی دێموکرات لەژێرکارتێکەری بۆچوونی مامۆستادا لە سیستمی فێدرالی کردووە بنەمای سیستمەکەی تێکداوە. لە باشترین حاڵەتدا چوارچێوەی ویستی خودموختاری مامۆستا ئۆتۆنۆمییەکی کارتۆنییە. باشتر وابوو مامۆستا حەسەنزادە بۆ نووسینی وتارە 19لاپەرەییەکەی لە "کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی دوای کۆنفەرانسی سێهەمی حیزب بروانێ تا بنەمای دروشمی خودموختاری و پێویستیی ئەو دروشمە بۆ ئەوقۆناخە لە خەباتی ئازادیخوازانەی کورد ببینێ.

ئەو کاتە کە دوکتور قاسملوو ئەو دروشمەی لە بەرنامەی حیزبدا جێگیر کرد، ئەو نیزامە جیهانییە دوو جەمسەرییە هەر ئەوەی هەڵدەگرت. دەلیلەکەشی ئەوە بوو کە بەرەی ولاتانی کۆمۆنیستی، بەناو پشتیوانی مافی گەلانی بندەست بوو و بەیانییەی مافەکانی مرۆڤ و پرۆتۆکۆلەکانی ئەو بەیانییەیان بە پیلانی ئەمپریالیستەکانیان بۆ دژایەتیکردن لەگەل سۆسیالیزم پێناسەدەکرد.

ئەگەرپیلانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەربەستکردنی چوونی دوکتور قاسملوو بۆ ئەمریکا بەو جۆرەی کە نووسەری کتێبی ئیسکۆرت بەرەو تاران( دوکتور پیترپیلچ ) ئاماژەی پێدەکا سەرنەکەوتبایە دروشمی خودموختاری حیزبی دێموکرات لەمێژ ساڵ بوو هەڵگیرابوو..

دوکتور قاسملوو لەگەل مادام میتران هاوژینی رەوانشاد فرانسوا میتران سەرۆک کۆماری فەرانسە چەند رۆژ پێش ئاخرکۆبوونەوەی دوکتور قاسملوو لەگەڵ تێرۆریستەکانی رەفسەنجانی ، قەرار بۆ بەرەو ئەمریکا بە سەفەر بچن و مەسەلەی کورد بە لەبەرچاوگرتنی بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ و پرۆتۆکۆلەکانی بخەنە بەر بیرورای خەلک و سیاسەتڤانانی ئەمریکا.

بۆ وڵاتە مەزنەکانی بریاردەری چارەنووسی گەلان، دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی نوێ بۆ مەسەلەی کورد کە مەسەلەیەکی چارەنەکراوی نێودەوڵەتییە بە شکلی فێدراڵی یان کۆنفێدرالی، یان یەکێتییەکی خوازیارانەی وەکو یەکێتی ئوروپا یارمەتی دەکا بە پەرەگرتنی ئاسایش و هێمنی و ئاشتی لە جیهان و سەقامگرتوویی ناوچەکە. بەیانییەی مافەکانی مرۆڤ و دوو پەیماننامە نێونەتەوەییەکەی کە یەکیان لەسەر مافەکانی مەدەنی ، سیاسییە و ئەوی دیکە لەسەر مافەکانی ئابوری، کۆمەلایەتی و فەرهەنگییە، حکومەتی ئێرانیش پەسندی کردوون ئەو مەبەستە دابین دەکەن. بروانە ئەسڵی 28 و مادەی 27. ماددەی 1 و 2 و 3 ی پەیماننامەکە.

دوکتور قاسملوو دەیتوانی بیرورای کورد بخاتە نێو مێدیای ئەمریکاو سازمانە مەدەنییەکان، دوست و لایەنگری بە هێز بۆ گەلی زۆرلێکراوی کورد پەیدابکا. سەرەنجام داوا لە ئەمریکا بکا کە سیاسەتی دژایەتیکردنی کورد و داکۆکی کردن لە داگیرکەرانی کوردستان وەلا بنێ... ئەو هەلە بۆ کورد رەخسابوو.

بۆ رێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی دوکتور قاسملوو، رێگە بە جێگرانی درا بچنە ئەمریکا تا لەگەل بەرپرسانی ئەو وڵاتە لەسەر مەسەلەی کورد بدوێن. یەک لەوانەی کە بەرەو ئەو مەئمووررییەتە چوو ماموستا حسن زادە بوو کە بەداخەوە وێناچێ سەفەرەکەی بۆ کورد تشتێکی لێ شین بووبێ.

ماموستا حەسەن زادە لە بەر بەخودا هەڵگوتنەکانی رۆژانەی و لەوتارەکانیدا و لە کاتی بەخاک ئەسپەردەکردنی دوکتورقاسملوو لە پاریس، بۆ دووپاتکردنەوەی دێرێکی دوکتور قاسملوو کە نووسەری ئەم

دیرانە لە پێشەکی کتێبەکەی ئێسکۆرت بەرەو تاران چەند ساڵێک بەر لە وتارە زانستییەکەی مامۆستا بە هی کاک دوکتوری ناساندبوو، یان چوونە دیداری جەنابی بارزانی بۆ پیرۆزبایی کردنی بەیانییەی 11 ئادار، کاتی ئەوەی نەبووە ئاخر روانگەی دوکتور قاسملووی لەسەر سەربەخۆیی کوردو پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی کە کریس کۆچرا بە ناوی وەسییەتنامەی سیاسی دوکتور قاسملوو لە کتێبەکەی‌دا باسی دەکا بخوێنێتەوە[4]تا بزانێ دروشمی خودموختاری لە روانگەی دوکتور قاسملووەوە هەر بۆ سەردەمی نیزامی دوو جەمسەری لواوە. رەنگە مامۆستا زۆری پێ‌سەیر بێ ئەگەر لە زمانی دوکتور قاسملووی شەهیدەوە بۆی بخوێننەوە کە "خودموختاری" خەباتی یەکگرتوی نەتەوەیی کوردی دابەش کردووە. ئەوەش واقعییەتێکی تاڵە کە تێئۆری و فەلسەفەی ئیرانیچێتی مامۆستا حسن‌زادە بە تەواوی لە ئیعتیباردەخا.

کریس کۆچرا، ئەوەی کە لەدوکتور قاسملووی بیستووە بەم جۆرەی باس دەکا:

" **کدام کرد خواب کردستان مستقل را در سر نمی پروراند** ؟" اما باید واقعبین بود. چگونه میتوان سه مرز رادستکاری کرد؟ برای مبارزه برای استقلال سه شرط باید جمع گردد."

ئەو سێ مەرجەی دوکتور قاسملوو بۆ شکاندنی قاڵبی خودموختاری باسی کردوون ئەوانەن:

1. بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە هێز بێ..
2. لە رۆژهەلاتی ناوەراست پشتیوانی کورد نە هەر لەلایەن گەلانەوە بە لکو دەولەتەکانیش پشتیوانی لە کورد بکەن. عەرەبستانی سعودی دەتوانێ لە سەر ئەمریکا کارتێکەر بێ...
3. دەولەتێک نییە لە ئێمە[کورد] پشتیوانی بکا. ئەمریکا دەیکا بەلام بەمەرجگەلێک و لە چوارچێوەی دەوڵەتەکاندا. (وتووێژی ساڵی1988 پاریس لەگەڵ دوکتور قاسملوو )

کریس‌کۆچرا دەنووسێ : کاتی کە بە قاسملوویان دەگوت خەبات بۆ خودموختاری، کوردان دابەش دەکا، لە ولامدا دەیگوت ... کوردستان دابەش کراوە و ئەوەش واقعییەتە.....

---

4- بزوتنەوەی کورد و ویستی سەربەخۆیی. کریس کۆچرا وەرگێر عەزیز ماملێ

دوکتور قاسملوو هەول بۆ چوونەدەر لە و حاڵەتەی بە شێوەیەکی مەنتیقی لەکردەوەدا رەت نەدەکردەوە و دەیگوت: ئەگەر هەرسێ دەولەتەکە یەکبگرن بۆ ئەوە بزووتنەوەی کوردتونا بکەن، لەو حالەدا بزوتنەوەکانی کورد دەبێ یەکبگرن و دروشمی خودموختاری وەلانێن.[5]

ئەو مەرجانەی دوکتور قاسملوو باسی کردبوون ئێستا ئالوگۆریان بەسەردا هاتووە:

رژیمی سەدام نەماوە، کورد لە باشور هێزی یەکەمە، ئوروپا وەکو سەردەمی سۆڤیت لە دوو حکومەتی تاران و ئانکارا بەدژی کورد پشتیوانی ناکا، یان لانی کەم بەو بەربلاوییەی پێشوو هاوکاری ناکا، سیاسەتی بێدەنگی کوشتاری کورد بە بەرەکەتی وجودی تێکنیک هەڵگیراوە، یەککرتوویی ستراتێژیکی ئەمریکا و تورکان لە سەروبەندی روخانی رژیمی سەددامدا و دوای روخانی سەددام بووە بە دژایەتییەکی ئاشکرا، حکومەتی سوریا لە گیانەللادایە، ئاخوندی دەسەلاتدار گلۆلەی کەوتووەتە لێژی و هەستی نەتەویی کورد و وشیاری و زانستی وەچەی نوێ، پاش تێکشکانی بێ رەحمترین رژیمی دوژمنی کورد لە هەموو سەردەمێک بە هێزترە. هەموو ئەوانە لە خزمەتی مەسەلەی کوردو دۆزەکەی دان. بەلام مەرجێکی دیکەش پێویست بوو کە دوکتور قاسملوو نەیتوانیبوو پێشبینی بکا. ئەو مەرجەش بوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە لە گۆرەپانی خەباتدا. <u>چوارمێخەکردنی حیزبی دیموکرات بە قەلای کۆیەوە لەلایەن ماموستا حەسەن زادەوە، گەورەترین سەرکەوتنی رژیمی کۆماری ئیسلامی بووە بە دژی کورد.</u>

ئەو حالەتە داماویەی حیزب مەرجە گۆردراوەکانی دیکەشی بێ کەڵک کردوون. ئەوەش راست لە بێمتمانەیی ماموستا حەسەن زادە بەخۆی و بە گەلی کوردەوە لە رۆژهەلاتی کوردستان سەرچاوەی گرتووە و ناوی پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی لێداوە. لە راستیدا کۆماری ئیسلامی سیاسەتی لەپەل و پۆ خستنی خوازیارانەی هێزە کوردستانییەکانی لە رۆژهەلاتی کوردستان بە دەستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان جێبەجێ کردووە. ماموستا لە بەشێک لە وتارەکەیدا باس لە بێسیفەتی دەکاو ئێژێ"" پیاو نابێ بێ سفەت بێ"، بریا ئەو دێرەی روونتر نووسیبایە.

---

[5]- ( 14 ئۆکتۆبری 1988 وتووێژ لەگەل دوکتور قاسملوو - لاپەری 282 جنبش ملت کرد و خواست استقلال کریس کۆچرا، وەرگێر : عزیز ماملی)

ئەگەر مامۆستا مەبەستی یارمەتیماڵی حیزبە سیاسییە کوردییەکان و لەسەروی هەموانەوە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بێ کە بە هێزەسیاسییەکوردییەکانی رۆژهەڵاتی دەکا، ئەوە زۆر سەیر و سەمەرە نییە. بەسفەت بوون و بێ سیفەتی لە جیهانی سیاسەتدا مانای نییە. ئەوەی کە گرنگە بەرژەوەندی نەتەوەییە. ئەگەر کۆماری ئاخوندی خەرجی درێژەدان بە شەرێکی چریکی چەند سەت کەسی لە نێوخۆی وڵاتدا دابین بکا ، بێگومان هەزاران بەرابەری ئەو یارمەتییە دەبێ خەرج بکا کە یەکێتی نیشتمانی بە حیزبە کوردییەکانی کردووە یان دەیکا. دیارە ئەو نەکسەیە هەر بۆ حیزبی دێموکرات نەبووە. لەژێر ئەو خێوەتەدا هەموو سازمانەکانی دیکەش کۆکراونەتەوە. لە جێیەک رێبەرایەتی حدکا ناچار بە مانەوە لە باشور بکری و نەگەرێتەوە ولاتەکەی خۆی کە لەسەتا 90ی خەلکی کوردی لەگەڵە ئەو حیزب و سازمانە وردیلانە چییان لە دەست دێ؟

**خودموختاری - ئێرانیچێتی، مامۆستا حەسەن زاده و گۆڤاری چشم انداز**

لەوەڵامی ئەو بەشەی کە پێوەندی بە خودموختارییەوە هەیە لەمەو بەر خوێندنەوەی مامۆستا حەسەنزادەم لەسەر پێناسەکردنی مەسەلەی کورد و داشکاندنی مافیسیاسی کورد بە مافی فەرهەنگی باس کرد. گۆرینی وشەی خودموختاری بە فێدرالی بەو شێوەیەی کە لە بەرنامەی سیاسی حیزبدا هاتووە، گوترا کە داتەکاندنی ئەوسیستمەیە لە جەوهەروما هییەتی خۆی.
بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی مامۆستا، لەهیچ وڵاتێکی فرەگەلیدا مافی نەتەوەیی بە دێموکراسی دابین نابێ. بەلام مامۆستا حسنزادە خۆی لە بابەتی ئەوتۆ نادا. چونکە ئەو پێی وایە کوردستان بەشێک لەئێرانە و وڵاتێکی داگیرکراو و دابەشکراو نییە. هەرلەبەر ئەوەیە کە بلاوکی چشم اندازی چەک هەلگرانی رژیم لە نەزەرەکەی مامۆستا پێشوازیی دەکا و دەیکا بە فارسی و بۆ گریدانی هەمیشەیی مامۆستا بەو بیرۆکە لادەرانەیەوە لە هەموو ئیراندا بڵاوی دەکاتەوە و بۆ پەیرەوکردنی لەبەردەمی حیزب و سازمانەسیاسییەکانی ئازەری، عەرەب، بەلوچ،و تورکمەنی دادەنێ.
مامۆستا حسن زادە لە نووسراوەکەی پێشوویدا حاشای لە نەزەری ئێرانیچێتی خۆی ( ئێرانیگەری) کردبوو وادیارە ئەو وتووێژەی خۆی لەگەڵ دەزگای چاپەمەنی حیزب لە بیر نەبووە کە بە راشکاوی هاواری بۆ کردووە.
ئەگەر مامۆستا وەکو جاری گۆرین بەربینگم پێنەگرێ کە بۆچێ وتەکانی ئەوم بە فارسی و لەزمانی چشم اندازەوە راگویستووە، یان بۆم نەکاتە سەنەدی خۆشخەبەری و پیاوی جێی "باوەری دەرەکی" و" بەرچاوروون" ودوژمنی حیزبی دێموکرات یان نەمکاتە" سەرلەشکر و رێکخەری هەرەوەز بۆدارماندنی داروپەردووی حیزبی دێموکرات" (بخوێنەوە تێکدەری داروپەردوی فکری مامۆستا) یان بە "شەڕهەڵاییسێن" و "لێدەری تەپڵی شەڕ و دووبەرەکیچێکەری نێوان حیزبەکوردییەکان" تاوانبارم نەکا - خوێنەری بەرێز ئەمانە و زۆر کاری پرداهاتی دیکەش خەلاتی خەیاڵاتی زێرینی مامۆستا حەسەن زادە بوون بۆ نووسەری ئەم دێرانە لە پۆلیمیکە سیاسییەکەیدا. مامۆستا حسن زادە 17 سال رێبەری سیاسی مەعنەوی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بوو کە قەرار بوو مافی خۆدموختاری بۆکورد بستێنێ ، خەڵک فێری دێموکراسی بکا و فەرهەنگی ئینسانی لە جێگای قانونی تێرۆری فکری مەلاکاندابنێ.)
بەڵێ با مامۆستا حسن زادە رێگام بدا، دەقی ئەو وتووێژەی کە لە گەل هەواڵنووسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردوویە و کومیسیونی چاپەمەنی حیزبی دێموکرات چاپی کردووە و چەک هەڵگرەکەی رژیم بە ناوی فاروق کیخسروی ئەندامی پێشووی تاقمی حەوت کەسی بە فێڵ دێموکرات، کردوویە بە فارسی، بۆ زانیاری خوێنەری کورد بۆ ئەم شوێنە رادەگوێزم. بۆ ئەوە خۆی گوتەنی بزانین چەندی بە چەندە؟
مامۆستا حەسەن زادە لە مانگی خەزەڵوەری .سالی 1382 لەوتووێژ لەگەل دەزگای چاپەمەنی یان لەوتووێژی رادیۆیی دا گوتوویە:
" اقوامی که از حقوق برابر برخوردارنباشند و راه گریز ازمرکز را در پیش گیرند آنهائی هستند که احساس میکنند تحت ستم هستند. وگرنه مثلا کردها باید بسیار بی سیاست باشند که بخواهند از یک کشور بزرگ و پرخیر و برکت مانند ایران جدا شوندو یک حکومت کوچولوی منزوی دردنیا تشکیل بدهند، که درواقع نه اقتصادی شکوفا داشته باشد، ، نه روابط بین المللی خوبی با دیگر کشورها داشته باشد، نه تجارت (پررونقی) داشته باشد که در اینصورت برای مدتی طولانی مجبور خواهد شد امتیازات بیش از حد به دیگران بدهد تا بتواند خودرا سرپا نگهدارد"
بەراستی مامۆستا حەسەن زادە ئەو لێکدانەوەیەی بە پشتیوانی کامە ئامار و زانستی ئابوری، سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەلایەتی کردووە؟ دەکرێ مامۆستا سەرچاوەی ئەو زانیارییە بێ وێنەیەی رابگەیەنێ؟ ئەوە پروپاگەندەی سازمانە شوینیستییەکانی ئێرانی و سازمانە چەپاژۆکانە کە مامۆستا حسن زادەی سەرۆکی حیزبێکی نەتەوەیی کورد دەیکاتە پێناسەی خەباتی سیاسی حیزبەکەی و بە ناوی عەبدوللا حەسەن زادەوە بۆ هاوفکرانی خۆی دەنێرێ. مامۆستای دەست بەتاڵ لە بەڵگەو ئامار لەمەر ئەو پرسیارە چێ ئێژێ؟
کوردستان هەر لە کۆنەوە تا مەشروتە و لە مەشروتەوە تائێستا، کامە خێروبێری لەو ولاتە بە پیت و بەرەکەتە پێگەیشتووە؟
هیچ ئابوریزان و سیاسەتڤانی دژی کوردیش ئەوراستییە تاڵەیان نەشاردووەتەوە کە کوردستان لە هەموو باریکەوە دواکەوتوو راگیراوە...

کورد لە ئێرانی پڕ"لەخێروبەرەکەت"دا تەنیا کۆیلەتی و فرۆشتنی هێزی کاری بە نانە زگی و ئاوارەیی پێ بڕاوە[6]. خۆ ئەگەر ئەو چاوێک بە وتارەکانی خۆی و باقی هاوفکرەکانی لە بلاوکراوەکانی حدکادا بگێرێ، جیا لەهاواری هەژاری و بێ دەرەتانی کورد چی دیکە ناخوێنێتەوە.

ماموٚستا لە دەلاقەی بیری ئێرانیچییەتیکەیەوە هەر ئەو باخە سینەماییە دەبینێ کە ئێرانی جەماعەتی جەبهەی میللی و پانئێرانیست و خنزرپنزرە سیاسییە پووچەکان ، سناریۆی فیلمەکەیان بۆ نوسیوە، هونەرمەندە نازدارەکانی حیزبە چۆخ بەختیارەکانی نەتەوەی زۆردار کلیپەکەیان بۆسازکردووە و خەیالی لە فرکەکەوتوی ماموٚستایان لە کۆیەی بەو قەناعەتە گەیاندووە کە، کورد دەبێ بە قەزاو قەدەر شوکرانە بژێر بێ! کاری پڕ لە داهاتی خشتبڕی کورەخانەو دروستکردنی شەقامەرێ و خاوێنکردنەوەی ئاودەست و راماڵینی زبڵخانەی لە ئێرانی بە پیت و بەرەکەتدا لە سەربەخۆیی کورد و و سەوەری نەتەوەیی و کیانی کورد و بەخاوەنکردنی ئاووخاک و کان و بەرهەم و رەنجی شانی خۆی بە سەربەرزی و دوور لە ئەنفال و کوشتاری بە کۆمەڵ و فەسادی ئەخلاقی و نەخۆشی و رەزالەت لە لاباشتر بێ. ئەو کارو نێعمەتەی لە ئێرانی بە بەرەکەت دەستی کەوتووە نابێ  بە کەمی بگرێ. خێری دەگاتێ ئەگەر لە ئێرانی ئێرانیتربی و ئەرکی ئیسلامی و نیشتمانی خۆی بە ئەمانەتەوە بەجێ بگەیەنێ. پێی ناخۆش نەبێ کە بە زەحمەت و رەنجی شانی ئەو خەڵکی داراو دەسترۆیشتوی نەکورد بحەسێنەوەو لە جیاتی کورد و هەموو ئەندامانی حیزبی دێموکراتیش هەموو خێروبێری وڵاتەکەی خۆیان و وڵاتی کوردیش هەللوشن. قەزاوقەدەرە چی لێدەکەی کاکە؟ هەر ئەوە لە چارەی کورد نووسراوە. مام هەژار لە کوێی ئەم بیرۆکە نەتەوەییەی ماموٚستا حسن زادە سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە  شێوەی خۆت بۆ ماموٚستا بهۆنییەوە!

ئەو لێکدانەوە بێ بنەمایەی ماموٚستا بەراستی لە جەفەنگ دەچێ تا دەربرینی واقعییەتێکی سیاسی، ئابوری ، کۆمەڵایەتی. ماموٚستا روی باسەکەی لێرەش کۆماری کوردستان دەگرێتەوە کە رێبەرایەتییەکەی گوایە دەبێ زۆر بێ سیاسەت بووبێ کە کوردستانی گچکەی چۆڵ و قاقری لە ئێرانی گەورەی بە پیت و بەرەکەت جیا کردبێتەوە. لە حاڵێکدا

---

[6] -کردستان از زبان آمار لە کتێبی کردستان سرزمین رنج ها و تجربەها- ب.فەرشی(بڕوانە پاشکۆ)

ئەگەر شانازییەک لە مێژووی نوێدابۆ کورد هەبێ ئەو بریارە نەتەوەییەی رێبەرایەتی کۆماری کوردستان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربە خۆی کوردە.

مامۆستا حەسەن زادە ئا بەو رووحی دژی نەتەوەییەوە رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی وەئەستۆگرتووە و داوای مافی نەتەوەیی بۆ کورد دەکا؟ بڵێی مامۆستا بزانێ لە مەشروتە بەم لاوە بودجەی سالانەی کوردستان چەندە بووە؟ بڵێی راپۆرتی ئاغای صباغیان وەزیری نێوخۆیی دەوڵتی بازرگانی خوێندبێتەوە کە دەڵێ: سیاسەتی دەوڵەتانی ئێران ئەوە نییە کە کوردستان سەنعەتی بێ. بڵێی مامۆستا حەسەن زادە لە شێوەی ئاسیمیلەکردنی کورد بە پێی پلانی ئابووریی رێژیم لە کوردستان شارەزا بێ؟ ئایا چۆڵکردنی کوردستان دەبینێ؟ دەکرێ مامۆستا ئەوخەونە خۆشەی بۆ کورد باس بکا و دێربەدێر بۆی شی بکاتەوە کە چی گوتووە وبە کورد بڵێ ئەو ئابورییە گەشەکردووە، ئەو سەنعەتە پەرەگرتووە، ئەو بازرگانییە بەرگرتووە لە کام ناوەند و شاری کورددا هەن؟ رادەی خوێندەوار و پسپۆری کورد لە چاو گەلی خاوەن دەسەلات چەندە؟ چەند لەسەتی خوێندکاری زانکۆکانی ئێرانی بە پیت و بەرەکەت کوردن؟ چەند لە سەتی میلیاردێرو بازرگانەکانی ئێران کوردن؟ کورد چ دەسەلاتێکی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی هەیە؟ ئەگەر لە شاری سولەیمانی و لە وڵاتێکی دیکە، کوردی سونی مەزەب بۆ کۆماری ئیسلامی حوسەینییە سازدەکا، ئاخو بە ملیون کوردی تاران رێگەی پێدراوە مزگەوتێک و ئاودەستێکیان هەبێ؟ لە سەتا چەندی سیاسەتڤان و کارگێری حکومەتی پایەبەرز لە هەموو ئێراندا کوردن؟ چەند لەسەتی هەزاران میلیارد سامانی ئێران لە بانکەکانی دەرەوە هی سەرمایەدارانی کوردە؟

ئەگەر ئەو لێکۆڵینەوە زانستییە راستە و کورد ئەوەندە بەختەوەر و خاوەن خێروبەرەکەتە کە مامۆستا لە خۆشییان پێی شاگەشکە بووە، ئەی مامۆستا لە ریزی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیدا چی دەکا و بۆچی دروشمی روخاندنی ئەو رژیمە بە خێروبێرەی بەرزکردووەتەوە؟ با بێ و بە کورد بڵێ بۆچی ئەو هەموو زیانەی لەلایەن رێبەرانی سیاسی حدکای بەر لە رێبەرایەتی نوێی مامۆستا بەکورد رانەگەیاندراوە. ئەو راستییانەی کە مامۆستا لێیان شارەزایە بۆچی بە کورد نە گوتراوە؟ بۆچی ئەو هەموو خێروبێرەی ئێرانیان لە کیس کورددا وە؟

بەراستی خاوەنی ئەو بۆچوونە چۆن دەتوانێ لەگەل بەرنامەی حیزبێکی نەتەوەیی کە 60ساڵە خەبات دەکا خۆی رێک بخا؟

مەسەلەی کورد شەرە بۆ نەهێشتنی داگیرکەران لە کوردستان و لەحاڵەتی هەرەباشدا گەیشتن بە قەرداديکی خوازیارانە لەگەل نەتەوەکانی ئێران و داگیرکەرانی کوردستانە بۆ دابەشکردنی دەسەلاتی سیاسی و چەسپاندنی مافی سیاسی وەکوويەکی گەلان.
دابەشکردنی دەسەلاتی سیاسی یانی لەتکردنی قودرەتی ناوەندی. لە وڵاتێکی فرەگەلیدا ئەو دابەشکردنە سیاسییە لە چوارچێوەی خودموختارییەکەی ماموستادا جێی نابێتەوە.. چونکە پلانی ئابوری ناوەند دایدەرێژێ، بودجەکەی ناوەند دەیاری دەکا و دەیدا، قانوونی بەشی خودموختار دەبێ لەگەڵ قانوونی ناوەند دژایەتی نەبێ، ناوچەی خودموختار نابێ خاوەنی قانوونی ئەساسی بێ و هەرکات لە ناوەند قانوون گۆراو جەلادێکی تازە هاتەسەرحوکم، حکومەتی نیزامی رادەگەیەنێ و هەڵدەکوتێتە سەر بەشی خودموختار و تونای دەکا، چوارچێوەیەکی جوغرافی سیاسی نییە، هووییەتی میللی نییە و قانوونێکی نێونەتەوەیی نایپارێزێ. ئەو کاتەی کە لە لایەن دیکتاتۆرێک و دەسەلاستدارێک هێرشی پێ دەکرێ یان ئەنفال دەکرێ، هێزو توانایەک نییە کە پێش بەو جەلادە بگرێ، چونکە مەسەلەکە نێوخۆییە و سازمانێکی نێونەتەوەیی ناتوانی حاکمییەتی ولات خەوشداربکا. مەسەلەیەکی دیکەش کە هەیە و تا ئێستا کورد لە لایەن سیاسەتڤانانی وەکوو ماموستاوە وەلامی وەرنەگرتووەتەوە ئەوەیە کە بۆ ئەوە کورد ئیدی نەبێتە دەستەچیلەی شەر و ئەنفال و موکرێ قران چاری چییە؟
ئەو وتووێژەی کە لەسەرەوە باسی لێوەکرا لە خزمەتی ئەو بۆچوونەی ماموستادایە و دەبێ کۆماری کوردستان و سەرۆک کۆماری کورد بەجۆرە پێناسەبکا کە لەگەل تێئۆرییە ئێرانیچێتییەکەی بێتەوە یان دەقاودەق بێ..

**جووت بە خییەکردنی حدکا بە خێوەتی قەڵای کۆێ یە وە**

ماموستا حەسەن زادە لە وتارە کەیدا لەژێر ناوی چەندقسەیەک لە سەر وتارەکەی کاک حسن ایوب زادە"ئەو حاڵەتە خەمهێنەرە پەنابەرییەی حیزب لە باشوری کوردستان و دەست بەسەری لەژێر قبوڵی سیاسەتی ناراستەوخۆی کۆماری ئیسلامیدا، دەکاتە منەت بەسەر برایانی باشورەوە کە گوایە:" "قازانجی کاتی کوردستانی ئێرانی بۆ پاراستنی ئەزمونی عێراق کە قازانجێ درێژخایەنی هەموو کوردی تێدایە کردووەتە قوربانی."

مامۆستاحەسەن زادە خۆی گوتەنی 17سال بەماوەیەکی " کاتی" دەزانێ کە بۆ "ئەزموون فێربوونێک لە کوردی عێراق" کردوویەتە قوربانی. بەلام ئەوە قوربانی کردنی 17 ساڵ نییە بەلکو27 ساڵ خەباتی بە ملیون کوردی رۆژهەلات دوای نەمانی رژیمی پاشایەتیە کە بۆ فیربوون لە "ئەزمونی کوردستانی عێراق" بە بروای مامۆستا هەرزانیشە و دەبێ باقیشی لەسەر بداتەوە. ئەو لێکدانەوەیەی مامۆستا دروستی خەباتی چەکدارانەی سالەکانی 46-47 کە تروپکی شانازییەکانی حیزبی دێموکرات لە سەردەمی شایە، دەخاتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە. بەلام مەسەلەکە بە فیربوون لە ئەزموون کۆتایی نایە. پاش خوێندنەوەی وتارەکەی نووسەری ئەم دێرانە مامۆستای لە کۆیە ئارامگرتوو وە کو کارەبا گرتبێتی یان لە خەوی بێخەبەری راچەنیبێ، رەگی غیرەتی دەبزوێ و سواری بارگینە شێتی رق وکینەی دەبێ و دەیەوێ بە یارمەتی نووسەری ئەم دێرانە کە لە وتارە پرلە بوختانەکەیدا بە"خەبەرخۆش" و" باوەرپێکراوی " دەرەکی"

( دەبێ مەبەستی ئەمریکییەکان بێ) و" بەرچاوروون" ناودێری دەکا، دەست لە دەست و قەوەت لە خوا هەلدەکوتێتە سەر کۆماری ئیسلامی و لەماوەیەکی 6 مانگ تا ساڵەوەختێک تەفرو تونای دەکا و دەڵێ:

*" کورد دەڵێ "کوێرە چت دەوێ؟ دوو چاوی ساغ". لێرەدا هەقمان هەیە گلەیی لە رێبەرایەتیی کوردیش و لە لایەنی" دەرەکی"یش بکەین کە بۆچی ئەوەی لە دڵیان دایە بە ئێمەی ناڵێن و تەنیا لەلای باوەرپێکراوانی! خۆیان دەی درکێنن. بەڵام ئەوەیان لەولا دادەنێین. ئێستا کە مامۆستا ئاوا لە هەموو لایەک سەرچاوە روونە، بە نۆرەی خۆم پێشنیاری پێ دەکەم ئەویش خۆی لەو ئەرکەو لەو شانازیەدا بە شەریک بزانێ و بێتەوە با پێکەوە "دەست لە دەست و قەوەت لە خوا" رێ مالین. ئەمن ناڵێم زۆر زوو، با شەش مانگ، نەخێر، ساڵێکیش بکێشێ و چەند سەد شەهیدیشی بۆ بدەین. دەسکەوتی رزگارکردنی بەشێکی گەورەی کوردستان بەو قیمەتە هەرزانە.*

هەرکەس بە نەزیلە خوانی مامۆستا حسن زادە خەوی لە چاوان نە نیشێ، سوورەی جاسوسی لەسەر دەخوێنێ. بروانە نووسراوەکانی مامۆستا حسن زادە لەسەر کەریم حیسامی و هێمن.... یەکەمیان جێگری سکرتێری حدکا و ئەوی دیکە شاعیری میللی کورد بوو کە مامۆستا لە دەفتەری کۆندا و بەر لەوەی ببێتە ئەندامی حیزب بە ناوی خودای شێعری کوردی کرنۆشی بردبوویە.

مامۆستا "بەرچاوروون" ێکی، "جی باوەری دەرەکی"، "خۆش خەبەری" دژ بە حیزبی دێموکرات کە داروپەردوی حیزبی دارماندووە، لەشکری کردووەتە سەر حیزب و هەرەوەزی تۆناکردنی رێکخستووە، بۆ دەستبەسەرخانەکەی کۆیە بانگهێشتن دەکا ( لەبیری نییە کە نزیکبوونەوە لە کەسێکی ئەوتۆ بڤەیە ) دواتر بە چەشنی مێشوولەکەی مام هەژار شێعری گەرانەوەی خۆی بە گەمێ بەرەو رۆژهەلاتی کوردستانی بۆ دەخوێنێتەوە و دەڵێ: بە 6 مانگ وبە فیداکردنی چەند سەت کەس کۆماری ئیسلامی دەروخێنی! چەندجار حەفدە سال دەبێتە شەش‌مانگ؟
مامۆستا لێرەدا نا هەقییەکی گەورەی لە خۆی کردووە. لەیادی نەبووە بنووسێ کە ئەو" حیزب تێکدەرە"، "داروپەردو وێرانکەرە"، "شەرهەلایسێنەرەی نێوان دوو هێزی مەزنی کوردی"، "باوەرپێکراوی دەرەکیی"یە، چەندە باوەرپێکراوی رژیمی بەعس و سەددامی بەرێ وباوەرپێکراوی حکومەتەکانی ئیقلیمی بووە یان مایەی بۆداناوە؟! ژیر و ئیشارەتێک؟!
بەجێگەیاندنی ئەرکی برایانە ئاوا دەبێ. مامۆستا هەموو شۆرشی گەلی کورد و مافخوازییەکی لە رۆژهەلاتی کوردستان بۆ ئەوە راگرتووە یان پێیان راگرتووە کە برایانی باشوور بە مافێک بگەن. بەلام برایانی باشور زۆرجار هاواریان کردووە " نەشیری وشتر...رەنگە مامۆستا لەبیری نەبێ کە برایانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بە دابی مەنگوری خۆمان، زۆرجار پڵاوو ساوەری ماڵاوایان بۆ مامۆستا لێناوە، بەلام ئەو هەر پێی نەزانیوە و لە ترسی ئەوەی لە کویستانی پر لە سەرماو سۆڵی قەندیل و شاهۆ وەبەر رندووە بەفر بکەوێ یان نەگاتەوە نێو "حێل و حەشیرەتی بە دەهەندی کورد " لەبەر برسێتی قڕی بێ، لەقەلای کۆیە دوور نەکەوتووەتەوە. ئەو حاڵەتەشێعری شاعیری ناسک خەیاڵی کوردی وەکو هێمنی موکوریانی گەرەکە، هێمن لە کوێی گۆرهەڵتەکێنە!!
بوونی حیزبی دێموکرات بە رێبەرایەتی مامۆستا حسن زادە لە باشوور نەهەر سوودێکی بۆ باشوور نەبووە، بەلکو رێبەرانی سیاسی کوردی ناچارکردووە بۆ پاراستنی مامۆستا زۆر ئیمتیازی نارەوا بدەن بە کۆماری ئیسلامی و زۆرکار و ئەرکی بۆ بەجێ بگەیەنن کە نە دەبوو بیکەن. وێدەچێ دووسەرەش سوودی بووبێ، ئەوە سیاسەتە. قووڵە، ماکیاولی دەوێ تا لێی شارەزابێ.
بۆ مانەوەی حیزب و فێربوونی ئەزموون، مامۆستا ناچاریش بووە سیاسەتی سەربەخۆیی حیزبی دێموکرات و بێ لایەنی لە ناکۆکی نێوان

هێزەسیاسییە کوردییەکان خەتی پێدابێنێ... بەشێک لە ئەندامانی حیزبی فێر کردووە هاواربکەن: کەسکە خاسە، بەشێکیش لەژێر لیچیان دەڵێن زەرد خاسترە. تاقمێکیش لەو نێوەدا تێداماون.

**مامۆستا حەسەن زادە و گولواژەی موزایەدە و چەندی بە چەند**

رۆژی 09.06.2006 لە لایەن دۆستێکی بەرێزەوە لە سوئید نامیلکەیەکی جێگری پێشووتری سکرتێری حیزبی دێموکرات رەوانشاد کەریمی حیسامی بە ناوی حیکایەت کردن یان نووسینی مێژوو" هەڵوێستێک لە سەر نیوسەدە تێکۆشان" نووسینی "عبداللە حەسەن زادە" م پێگەیشت . لە خوێندنەوەی ئەو نوسراوەیە سەرم سوورما کە ئەو نووسراوەیە بە چ بێ رێزییەک لەسەر بۆچوونەکانی مامۆستا نووسراوە. مامۆستا حەسەن زادەش هەر بەو شێوەیە دژ بە نووسەری ئەمدێرانە رووماى سپی کاغەزی بە ئارەقی شەرمی قەڵەمەکەی خووساندووە. هاواری نووسەرێکی دیکەشم خوێندەوە کە ئەویش لەو پێنجساڵەی رابردوودا بە دەلیلی نووسینی چەند بۆچوونی خۆی لەسەرحیزبی دێموکرات، کەوتووەتە بەر تۆف و بەندی قین و رکی بی بەزەییانەی مامۆستا و مۆرکی باوەرپێکراویی کۆماری ئیسلامی لێدراوە.
گەلۆ! حیزبی مامۆستا خاوەنی چ دەزگایەکی ئیتتلاعاتییە! تیاح کە وردترین ئاگاداریی لە نهێنیترین پێوەندییەکان هەیە! ماڵتە هەر دەڵێی دەزگای ئیتتلاعاتی مامۆستا و کۆماری ئیسلامی رەمزەکانی یەکتریان کەشف کردووە!! سەیرە هەرکەس دەست بۆ قەڵەم بەرێ دەکەوێتە بەر ددانی پرلەژاری ماری دەزگای ئیتتلاعات. ئەو سوننەتە سنوور ناناسی . بەتایبەتی ئەوانەی کە هاوار بۆ تەواوییەتی ئێران دەکەن ئەوە وەکو عورفی سیاسی دەزانن. ئەکبەری گەنجی لەبەر یەک وشەی عالیجەناب جبەسوور 6 سال لەئەوینیان ترینجاند...
نووسین لەسەر فلانە بابەتی مێژوویی یان زانستی نەتەنیا دزێو نییە بەلکو کارێکی پێویستە. کارەکەی نووسەری ئەم دێرانەش لە سەر باسێکی مێژوویی - سیاسی و دیفاع لە واقعییەتێکی مێژوویی دا بووە. ئارەزوو دەکەم ئەو فەرهەنگە ئیتتلاعاتییە تایبەتییەی مامۆستا لە حیزبی دێموکراتدا کۆتایی پێ بی وداواکارم بۆ ئەو شێوە رەفتارە لە هەموو ئەوکەسانەی مۆرە بۆرەی بوختانیان لێدراوە داوای لێبوردن بکرێ... لە شەریعەت و قانوندا ئەسلێک هەیە کە دەڵێ :
"البینة علی المدعی والیمین علی من انکر" ئەوکەسەی ئیدیعا دەکا دەبێ دەلیلی هەبێ، ئەوەی حاشای لێدەکا سوێندی لە سەرە". ئەگەر مودەعی نەتوانێ ئیدیعاکەی بسەلمێنێ بوختانکەرەو سزای قانوونی بۆ دیاری دەکرێ.

## ئیلهامی مامۆستا حەسەن زادە

تا کاتی ئاشکرابوونی رومای نووسەری بەیانییە کەی دووی رێبەندانی بە ناو کۆمیتەی ناوەندی، خاترجەم نەبووم کە ئەو لێکدانەوەیە لە سەر کەسایەتی سەرکۆماری کورد کاری مامۆستا حەسەن زادە بێ. مامۆستا حەسەنزادەش لە کاتی نووسینی بەیانییەکەی حیزبدا پێیوانەبووە کەسێک لێی لەقاودەدا و کومیتەی ناوەندیش پشتی ناگرێ. لەبەر ئەوە لە وڵامی نووسەری ئەم دێرانەدا هەموو هونەری فرهاوێژی و ناسکوێژی لە تانەو تەشەردا بەکار هێناوە. نووسەری ئەم دیرانە گوتبوی:

*" نووسەری بەیانییەکە ویستوویە سیستمی کۆماریی کوردستان بکاتە کلکەی گەندەلترین رژیمی نێوزراوی تونا بوو و کۆماری کوردستان بە ناوێکی بێ ناوەرۆکی ئیلهامی ناودێر بکا"*

مامۆستا ئەو رژیمەی بە هەڵە و بە مەبەستی تایبەتی، سۆڤییەتی بەرێ ناوبردووە، لە حاڵێکدا لە وتارەکەدا باسیک لەو رژیمە لە ئارادانەبووە و مەبەست لکاندنی کۆماری کوردستان بە ئێرانەوەبووە کە دەنووسێ:

*"بەراستی وەک لە کوردی دا دەڵێن چەندی بە چەند؟"*

هەرچەند ئەو شێوە نووسینە نەشیاوی باسێکی سیاسییە و نە لە کەسێکی سیاسی دەوەشێتەوە بەڵام لەبەر دڵتەنگی مامۆستا وایدادەنێین کە پرسیارێکی بە جێیە و وەڵامەکەشی دەبێ لە جێدابێ. لەو رووەوە عەرەب گوتەنی: *"هذه بتلک و البادی اظلم"* وەلامی تەحە پەحەیە، بەلام دەسپێشخەر ستەمکارترە. ئەوەش وەلامەکەیەتی بەڵام" ناشەفافە" و بە خۆ سانسۆرکردنێکی زۆرەوە نووسراوە.

هەرگیز نەمویستووە سامانی لە قیمەت نەهاتوم بدرکێنم، بەلام ئا لەو کەشوهەوا نەخوازراوەدا لەسەر ویستی مامۆستا حسن زادە رایدەگەیەنم: جیا لە کەلوپەلی ژیانی هاوبەش لەگەل ئەندامانی بنەماڵەکەم ، دارایەتی تایبەتیم بریتییە لە " قەلەمێکی نوک تیژ ، کۆمپیوتێرێک و چەند سەت کتێب. سەرمایەی روحیو مەعنەویم 55سال خوێندن و خوێندنەوەیە. لەو ماوەیەدا بەشی ئەوەندە فێربووم کە بزانم فێڵ نەزانم. جیهانێکیشم ئاوات و بێمرادی بووە، دەساڵیش خەباتی بێ مزە کە چووە دەکۆنتۆی[7] مامۆستاوە و خەمی بێبرانەوەی هەزاران هاورێی شەهیدم لە حیزبی دێموکرات و حیزبە کوردییەکانی دیکەی گەلی کوردە بەدەستی جینایەتکارانی ئاخوندی

[7]- ژمارە حیسابی بانکی بە زمانی ئاڵمانی

کە برایەکی 19 سالانەم لە ریزی ئەو کاروانە بێبرانەوەیەدایە. هیچی دیکەم نییە کە کەسێکی وەکو ماموستا حەسەن زادە، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات بتوانێ لێی ببێتە کریار و پێم بڵێ:" چەندی بەچەند؟". بازرگانی سیاسیش نیم تا موزایەدەو موناقەسە و مونافەسە و موحاسەبە بزانم. لەو دەساڵەشدا کە لەحیزبی دێموکراتدا بووم لە ماموستا حسنزادەوە شتێکی بەکەڵکم پێنەگەیشتووە کە بۆ فرۆشتنەوە ببێ. لەو رووەوە دەبێ من لە ماموستاپرسیار بکەم: چێ چەندی بە چەند؟! خۆمن ماموستا نیم خۆم بە خاوەنی حیزبی دێموکرات بزانم و لەسەر هەموو شتێکی ئەو حیزبە ، موعامەلە بکەم.

بابەتی وتارەکەی من باسێکی سیاسی – مێژوویی بووە و هەڵسەنگاندنی کارنامەی حیزبێک کە سەرمایەی دەساڵ ژیانی من و هەزارانی دیکەی تێدایە. ماموستاش تاکێکە لەو هەزارانە. کامە بەندی ئەساسنامەی حیزب رێگەی داوە بە ماموستا حسن زادە کە بە ناوی حیزبی دێموکراتەوە تۆمەت و بوختان بۆ ئەم و ئەو هەڵبەستێ؟ یان بێ وەبەرچاوگرتنی پرەنسیپ خۆی لە کاروباری سیاسی حیزب هەلقوتێنێ؟ ماموستا بەوکارانەی دەیەوێ چی بۆ دوژمنی کورد بسەلمێنێ؟ ئەم کەسایەتی شکێنییەی بۆ کێیە؟ بۆ لەوە دەترسێ کۆماری کوردستان بەو جۆرەی کە بووە پێناسە بکا؟ یان ئەگەر کەسێک بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونێکی هەبوو بۆ کافرە. دەرهەڵدەبێ و خۆی شین و رەش هەڵدەگێرێ تا داگیرکەر پێی نەلێ جیاوازیخوازە؟ کۆماری کوردستان بۆئەوە بە حکومەتی خورموختاری کوردستان پێناسە دەکا، تا لەگەل ئێرانیچییەتییەکەی رێک بکەوێ و پانئێرانیستەکان بە جوداییخوازی دانەنێن و لەگەرانەوەی ئیحتیمالیدا بۆ ئێران فەرشی سووری لە ژێر پێی راخەن؟

تێرۆری کەسایەتی روحی و فیزیکی رێبەرانی کورد سیاسەتێکی گەماری لەمێژینەی دوژمنە. مەبەستەکەش کوشتنی روحی نەتەوەخوازی کوردە. ئەرکی ماموستا کوشتنی روحی نەتەوەیی کورد و ئێعدامی کەسایەتی رێبەرانی وەفادار بە گەلی کورد نییە. ئەرکی ماموستا حیاکی پاراستنی ئەو قەڵا مەزنەیە. ئەو باسە بابەتێکە لە فەرهەنگی خۆبەکەمبینی. نووسین و لێکۆلینەوەیەکی هەموو لایەنەیەی بابەتێکی ئەوتۆ کارو دەرفەتی گەرەکە کە لەم شوێنەدا جێی نییە و دەرفەتیش نییە.

## تەپلی شەری براکوژی و دووبەرەکی نانەوە؟

مامۆستا حسن زادە لەبەشێک لە دیفاعییە کەیدا، لە جیاتی ئەوە وەلامی ئەو پرسیارەبداتەوە کە بەرپرسی کوشتنی ئەو نزیک بە 200 کادر و پێشمەرگەیە لە10-12 ساڵی ژێر رێبەرایەتی ئەودا کێیە، نووسەری ئەم دێرانە بە لێدانی تەپڵی شەر تاوانبار دەکا. ئەوە دەقی نووسراوەکەی نووسەری ئەم وتارەیە:

*"بە گوێرەی راگەیاندراوەکانی رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات نزیک بە 200 کادر و پێشمەرگەی ئەم حیزبە هەر لەو 10-12 ساڵەی رابردوو لە باشوری کوردستان کوژراون. تۆ بڵێی رێبەرایەتی حدکا نەیزانیبێ ئەو خەڵکە کێ کووشتوونی و کێ بەرپرس بووە؟ ئایا پاراستنی رادیۆیەکی قەدەغەکراو لە باشور ئەوەندەی دێنا کە ئەو هەموو پێشمەرگەیەی بۆ بە کوشت بچێ؟ ئایا رێبەرایەتی حیزب لە لای سازمانێکی نێونەتەوەیی ئەو کوشتارەی راگەیاند و رەخنەیەکی لە رێبەرانی هێزی بە هێزی پشتیوان گرت کە بۆ رێگایان دا جینایەتکاران بە راشکاوی لەماڵ و لەژێرحاکمییەتی ئەواندا کوری کورد، برا و بربرەی پشتیان لە ماڵیاندا و لە ژێر حاکمییەتی ئەواندابکوژرێن؟*

*ئایا رێبەرایەتی رەخنەگر لە پێشەوا ئەوەندە متمانە بە خۆ بوو کە کۆتایی بە مانۆری رۆژانەی قاتڵی دوکتور قاسملو لە کۆیە و لە پەنا میوانخانەی حیزبی دێموکرات بێنێ؟"*

بۆ ئەوە ئەو وتە بێزهێنەرە پرلەژارە نا مرۆڤانەیە لە گوێی خوێنەردا نەزرێنگێتەوە، من نە هەر دزێوی و نامرۆڤانە بوونی هەر جینایەتێکی دژی بەشەری مەحکووم دەکەم بەڵکو نەفسی فکرەکەش مەحکوم دەکەم تا چ بگا بە شەڕی براکوژی. مەسەلەکە راست لێرەدایە.

مامۆستا بەشەهامەتەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێشەوا قازی محمد بە خۆبەدەستەوەدەر پێناسەدەکا کە بۆچی وەکو ئەو نەبووەتە فەرماندەری عەمەلیاتی قەلای کۆیە کە تۆپخانەی سپای رژیمی ئاخوندی بگرێ دەڵێ:

*" بە عالەمی ئاشکرا مامۆستا تانەو تەشەر دەگرێتە رێبەرایەتی قۆناخی تازەی حیزبێ دێموکرات کە بۆچی لەخۆی رانەدیوە لە سەر هاورێکانی وەجواب بێ و شەری حکومەتی کوردی بکا!*

من لەخوێنەری بەڕێز داوادەکەم سەرنجی دێرەکانی سەرەوە بدا و ببینێ لە کوێی ئەو نووسراوەدا باسێک لە هاندانی مامۆستا بۆ شەڕی دژ بە حکومەتی کوردستان کراوە؟
وادیارە بە نەزەری مامۆستا لێپرسینەوە تاوانە؟ بەڵێ کە تاوانە . ئەکبەری گەنجیش باسی زنجیرەکوشتارێکی پرسی و تەنیا بۆ دوو وشەی نووسی: "عالیجەناب جبەسور" 6سال لە کونەرەشیان کرد.
مامۆستا حەسەنزادەش بەمافی کەسی نازانێ لە چۆنێتی تێرۆرکردنی کوڕی کورد و شەهیدانی حدکابپرسێ. چونکە ئەو بە هەڵە پێی وایە ئەو مەسەلەیە تەنیا پێوەندی بە رێبەرایەتی و بەرپرسیارەتی ئەوەوە هەیە. رەنگە من ئاخر کەس بم کە ئەوپرسیارەم لە رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردبێ کە ئەو خەڵکە ئاوارەیە لەلایەن چ کەسانێکەوە کوژراون و مامۆستا چ بەرپرسایەتییەکی بۆ پاراستنی گیانی ئەو تێرۆرکراوانە بووە؟
با دوو سێ نموونەی بەرپرسایەتی باس بکەم بۆ ئەوە پێوانەی راستەقینە بۆ وەفاداری بە خەڵک و سنوری بەرپرسایەتی دیاری بکرێ، نە بۆ سەرکۆنە بەڵکو بۆ عیبرەت: " فاعتبروا یا اولیالابصار!
سوریە جاسووسیکی ئیسرائیلی بە ناوی ئیلیا کۆهێن ئێعدام کرد.. تەرمەکەیان لە جێیەک شاردەوە. ئیسرائیل لە شەری 6 رۆژەدا عەرەبەکانی تێکشکاند و 12هەزار سەربازو ئەفسەر و ژێنراڵی سوریەی بە دیلگرت. پاش راگەیاندنی ئاگربەس، ئیسرائیل هەموو ئەو دوازدەهەزار کەسەی بە تەرمەکەی ئیلیاکۆهێن گۆریەوە.
- نۆزدەسال لەمەو بەر فرۆکەوانێکی ئیسرائیلی لە لوبنان بەربووەوە و کەوتە دەستی حیزبوللا. لەو کاتەوە بێ سەروشوێنە. دەڵێن ئێستا لە دەست ئاخوندە ئێرانییەکاندایە. رۆژی چەندجار دەولەتی ئیسرائیل ناوی ئەو فرۆکەڤانە لە رادیۆ فارسییەکاندا دەخوێنێتەوە و دەڵێ دەملیۆن دۆلار دەدا بە کەسێک کە خەبەرێکی لەو فرۆکەڤانە ئیسرائیلییە هەبێ. بۆ خۆشخەبەرێک دەملیۆن دۆلار!
لە حدکا و لەنێو کورددا:
برایەکی دوکتور قاسملوو لە ورمێ لە لایەن رژیمی تێرۆری ئاخوندییەوە گیرابوو. رژیم هەولێدا لەگەل پاسدارێکی ئایەتوللازادە کە لە گرتووخانەی حیزبدا بوو بیگۆرێتەوە . پێشنیارەکە بردرایە لای دوکتور قاسملوو. دوکتور بە توورەیی رەتی کردەوەو گوتی: با ئێعدامی بکەن. ئەو برایەی من نە سیاسییە و نە حیزبی. ئەگەر رژیم راست دەکا با

گیراوەکەیان بە ئازادکردنی پێشمەرگە وەربگرێتەوە. حیزب بۆ ئەوە ئامادەیە.
بەلام مێشکی حیزبەکەی مامۆستاحسن زادە و هاورێیەکەی لە پشتی میزی وتوویژ بە گوڵەی گەرم دەپێکن. دوکتور قاسملووم مەبەستە. ئەو کەسەی کە کەسایەتی زۆر کەس خەڵاتی ئەوە. جادەی بەرستادی فەرماندەری مامۆستا حسن زادە، پارێزەری حورمەتی کەسایەتی رێبەرانی کورد دەکرێتە شوێنی مانۆری رۆژانەی کوژەری دوکتور قاسملوو و هاورێکانی. مامۆستا رکی تۆڵەی بە هەڵدانی حەبی ژانبڕی عورفی دیپلۆماتی دەمرێنی. بەلام ئەو ڕقە سڕ یان مردووە بە خوێندنەوەی وتارێکی سیاسی – مێژوویی و رەخنەیەکی دڵسۆزانەی نووسەری ئەم وتارە ، دەبێتە ئاگری تۆپخانەی فرهاوێژی مامۆستا و لە قەڵای کەسایەتی نووسەری دەگرێ.
وێدەچێ هۆی سەرەکی لاتاوتێگرتن و فرهاوێژی و بوختان و گەفکردنی مامۆستا لە نووسەری ئەم دێرانە، وەرگێران و بلاوکردنەوەی کتێبی " ئیسکۆرت بەرەو تاران" لەسەر ئێعدام- تێرۆری دوکتور قاسملوو بێ... مامۆستا بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لەو کتێبەدا کۆکراونەوە رەنگە بتوانێ وەلامی بەشێک لەو پرسیارانە بداتەوە کە لەو کتێبەدا هاتوون. هێنانەوەگۆرێی ئەو بابەتە و باسکردنیان رەنگە لەو هەلومەرجەدا بۆ مامۆستا حەسەن زادە گیروگرفتخولقێن بێ. نووسەری ئەوبابەتە تەنیا کارێکی کە کردوویە وەرگێرانی کتێبەکەیە و بەس. بەداخەوە نەیتوانیوە جیا لە نیشاندانی ئەمەگناسی بۆ ئەو هاورێ و دۆست و رێبەرە کارێکی دیکە بکا. بە پێی قانوون مافی ئەوەی نەبووە داوای لێکۆلینەوەیەکی نێونەتەوەیی بۆئەو جینایەتە نێودەوڵەتییە بکا.
جێی داخە کە هاورێیەکی دەورانی پێشمەرگایەتی دوکتور قاسملوو، کتێبیک کە لە تراژیدیای کوژرانی ئەو رێبەرە و تەنیا بە نیشانەی ئەمەگناسی بۆ فیداکاری ئەو کوردە نیشتمانپەروەرە، لە ئاڵمانییەوە دەکا بە کوردی و لەکوردستان بە قەرز و قۆڵە لە چاپی دەدا- ئەوە ئەرکی دەزگای رێبەرایەتی چاخی نوێی مامۆستا بوو کە ئەو کارە بکا- بەلام لەبەر زۆر هۆ کە بۆخۆی دەزانێ ئەو کارە ناکا. نایەوێ لەو رووداوە کە بوو بە هۆی لە پەل وپۆخستنی حیزبی دێموکرات باسێک بکرێ. بەلام دەیەوێ تەنیا ئەو پەیامە بە لایەنی دەرەکی بگەیەنێ کە ئەو کارە بڤەیە دەزگای چاپەمەنی مامۆستا حسن زادە نەیکردووە. رەنگە بێژن ئەوە رووداوێکی کۆنە. با کای کۆن بە با نەکرێ. چ پێویستە ئەو تێرۆرە

فەرامۆش کراوە زیندوو بکرێتەوە؟ خۆ هەر دوکتور قاسملوو تێرۆر نەکراوە... هەوڵ نادرێ و پێویست ناکا پێشوێنی کوژەرانی دوکتور قاسملوو بزانرێ. دوکۆمێنتەکانی حیزب و پارێزەرەکانی بۆ وەلامی ئەو بەشە نارونانە کە لەکتێبەکەدا باس کراون بخەنە روو وهەول بدەن جارێکی دیکە بیخەنەوە بەر بیرورای جیهانی و داوای لێکۆلینەوەی کۆرێکی نێونەتەوەیی وەکو مەسەلەی تێرۆری رەفیق حەریری بۆ بکەن - دوکتور قاسملوو رێبەری گەلێکی بندەست بوو. کەسایەتییەکی ناسراوی لە شەهید رەفیق حەریری لە جیهانی سیاسەتدا بەناوودەنگتر بوو. بەڵام ئەوەی دوکتور قاسملوو نەیبوو پشتیوانێکی بە هێزی دەولەتی بوو کە حیزبێکی ئەکتیوی نەبەز دەیتوانی ئەو پشتیوانییە دروست بکا. بەلام مخابن مامۆستا حسن زادە بەزی ئەحیزبە نەبەزەی تواندووەتەوە.

ئەو جینایەتانە دژ بە کادر و پێشمەرگە و کوردی بێدیفاع وخەلکی دیکە کراون ژمارەیان بە پێی ئامارێکی پێشووی حدکا ناگاتە 200 نەفەر و ئەم تێرۆرانە بە وتەی مامۆستا بەدەستی بەکرێگیراوانی دژی کورد کراون. بەلام مامۆستا نالێ ئەمانە کێن؟ ئایا لێکۆلینەوە کردن لەو هەموو جینایەتە لێدانی تەپلی شەری براکوژییە یان ئاشکراکردنی رومای جینایەت و جینایەتکارە ؟ لەقانوونی سزادانی هەموو وڵاتانی جیهاندا شاردنەوەی جینایەت و جینایەتکار تاوانە.

بۆ ئەوە خوێنەرانی ئەو وتارە لە میزانی دلسۆزی و بەرپرسایەتی مامۆستا حەسەن زادە ئاگاداربن هەرئەو بەشە لە وتەکانی باشترین بەڵگەیە بۆ نیشاندانی خۆدەربازکردن لە بەرپرسایەتی و دانی بریاری بە هەڵە بۆ راگرتنی کادرو ئەندامانی حیزب لە شارۆچکە و شارەکانی باشوور و پێشوازی لە هەر کارەساتێک کە هەرەشە لە گیانی کادرو پێشمەرگە و لایەنگری حیزب کردووە.

بەرێز حەسەن زادە لەهەر جێیەک بۆ بەخۆدا هەلگوتن هەلی دەست بکەوی قارەمانی یەکەمە. بەڵام لە هەرجێیەک بەرپرسایەتی لە ئەستۆ بێ حیزبی دێموکراتە. با لەزمانی خۆیەوە ببیسین:

" *هەر ئەوژمارەیە ژمارەیەکی یەکجار گەورەیە و بە تایبەتی کە لەناوچەی ژێردەسەلاتی حکومەتی کورد و بە دەستی بەکرێگیراوانی دوژمنی کورد تێرۆر کراون"* .

دواتر مامۆستا دەنووسێ: " *ئەمجار جێگای سەرنجە لە حاڵێکدا ئەو بەرێزە ئەوە بە گوناهێکی گەورەدەزانێ کە حیزبی دێموکرات بلێ لەسەروبەندی روخانی کۆماردا رێبەرایەتی کورد بۆ درێژەدانی شەر*

*لەگە ڵ دوژمن متمانەی بەخۆی نەبووە بەعالەمی ئاشکرا مامۆستا تانەو تەشەر دەگرێتە رێبەرایەتی قۆناخی تازەی حیزبی دێموکرات کە بۆچی لەخۆی رانەدیوە لەسەر هاورێ شەهیدەکانی بێتە جواب و شەری حکومەتی کوردی بکا".*

بەڵێ ئەوەیە رێبەرایەتی نوێ و رادەی راستگۆیی و دڵسۆزییەکەی. مامۆستا دەڵێ ئەو هاورێیانە بەدەستی بەکرێگیراوانی دوژمنی کورد تێرۆر کراون. لەگەڵ ئەوەش ئەو نایەوێ شەری حکومەتی کوردی بکا. <u>دەکرێ مامۆستا بڵێ ئەگەر بەکرێگیراوانی دوژمنی کورد ئەوتێرۆرانەیان کردووە ئەو بۆ دەبێ لەگەڵ حکومەتی کوردی بەشەر بێ؟</u>!! نەکا مامۆستا حکومەتی کوردی بە بەکرێگیراوی دوژمنی کورد بزانێ؟!

مەسەلەکە دیارە لەوە قووڵترە. ئێستا کە مامۆستا حکومەتی کوردی بە تاوانبار دەزانێ جیا لەباری شەر کە خەتی سوورە و هەر کەس کە ویژدانی هەبێ ئەو فکرە خائنانەیە نابا دەمێشکییەوە، تۆ بڵێی رێگەیەکی دیکە نەبووبێ تا بەرێز حەسەنزادە وەبەرچاوی گرتبایە و بە قەولی خۆی، خۆی توشی شەری حکومەتی کوردی نەکردبایە؟ <u>خۆ کوردی رۆژهەڵات کاتێ دەستی بۆ چەک برد و دژی رژیمی خومەینی راپەرێ، نە بە هیوای باشوری کوردستان بوو کە لەسەری وەجواب بێ و نە بە هیوای باکور. چ شتێک پێشی بە مامۆستا گرتبوو کە لەو هەموو شەهامەتەی خۆی بۆ چوونەوە بۆ نێوخۆی وڵات کەڵک وەربگرێ</u>؟ خۆ مامۆستا سەروبنی قسەی ئەوەیە کە لەسەتا 90 ی خەڵک لە دەوری حیزبی دێموکراتە. ئەی ئەگەر ئەو پشتیوانییە بووە، بۆچی لە باشوری کوردستان ئەو حیزبەی لە پەلوپۆ خست؟ دەکرێ بڵێ خێری ئەو مانەوەیە بۆ حیزبی دێموکرات چیبووە؟

کێ دەیەوێ گوللە بەسینگی کورِی کوردەوە بنێ؟ مامۆستا بە تاوانبارکردنی حکومەتی کوردی و داماڵینی بەرپرسایەتی خۆی لەبەرامبەر حیزبی دێموکرات و دایک و باوک و خوشک و برای ئەو شەهیدانە تۆوی بێ ئیعتیمادییەک لە نێو کورددا دەچێنێ کە پنجەکەی وەکو فریزوو لە بن نایە. بە پێی ئەو وتەیەی مامۆستا دەبێ حکومەتی کوردی دەستی لە کوشتنی ئەو کوردانە دابووبێ. مامۆستاش بە قسەی خۆی گلەیی لێکردوون و ئەوانیش وەڵامیان داوەتەوە. دەکری بی زەحمەت بە خەڵکی کورد بڵێ سەبارەت بەو کوشتارە لەگەڵ کێ دواوە؟ وەڵامی ئەو کەسەی قسەی لەگەڵ کردووە چی بووە؟ ئایا پێیان گووتووە کە ناتوانن ئەمنیەتی ئەندام و لایەنگری حیزبی دێموکرات بپارێزن؟

گومان لەوەدانییە کە پێیان گوتووە . بەڵام مامۆستا لەو شەهامەتەی خۆی بۆ چوونەوە نێو وڵاتەکەی و 90 لە سەتە لایەنگرەکەی کەڵکی وەرنەگرتووە. چونکە رادیۆ و دەفتەر و قەڵاو بەشی ماڵی لە کۆیە نەدەبوو چۆل بن.

مامۆستا لەوە نارەحەتە کە ژمارەی کوژراوەکان نزیک بە 200 کەس راگەیاندراوە.. زۆر بەوە خۆشحاڵم کە ئەو خەبەرە ناراستە. بەڵام تۆبڵێی زۆرو کەمی ژمارەی کوژراوان لە بەرپرسایەتی ئەو کەم بکاتەوە؟

پرسیارێکی دیکە لەپێوەندی بەو دانپێدانانەی مامۆستا لە جێدایە. دەکرێ مامۆستا ناوی ئەو بەکریگیراوانەی دوژمنی کورد کە ناوێری ناوی بەکرێگیراوی کۆماری ئیسلامییان لەسەر دابنێ بلاو بکاتەوە تا دەزگاکانی بەرپرسی ئەمنییەتی و خەلکی کورد ئەو جینایەتکارانە بناسن؟

کورد ئەگەر داوای سیاسەتی" شەفاف" لە رێبەرانی دەکا، لەبەر ئەوەیە کە لە پشتی دەرگای داخراودایە کە فێڵی لێدەکرێ. لەپشتی دەرگای داخراودا قارەمانی نەتەوەیی دەکوژرێ. لەپشتی دەرگای داخراودا و هاتوو چووی نهێنی رۆژانەی " دڵسۆزانی کورد" و دەرەکی دایە کە پێشەوای کورد ئێعدام دەکرێ. لەپشتی دەرگای داخراودایە کە مافی گەڵ ئێعدام دەکرێ. رێبەری حیزب نایە بە خەڵکەکە بڵێ گرفتی چییە؟ مەترسییەکان کامانەن. رێگاچارەیان چییە و ئەوان چۆن بیردەکەنەوە؟ هەرگیز ئەندامێ حیزب نازانێ لەهەلومەرجی دژواردا لەگەڵ کێ تەرەفە. لەکاتی لێقەوماندا پشت و پەنای کێیە؟ ئیمکاناتی چییە؟ سامان و دارایەتی حیزب بە کام حیساب و کیتاب خەرج دەکرێ و حیسابی دەخڵ و خەرجی چۆنە؟

ئایا ئەندامانی حیزب لە مەترسی مانەوەیان لە باشوور ئاگادارکرابوون و لەسەر ویستی خۆیان و سەرەرای راگەیاندنی حیزب لە وێ مابوونەوە؟ ئەوانە و زۆر پرسیاری دیکە بێ وڵام دەمێننەوە. چونکە بۆ وڵامدانەوە مامۆستا بەرپرسیار نییە.

با ئاخر بەشی ئەم باسە بە ئاخر دیفاعییەی مامۆستا کۆتایی پێ بینم. مامۆستا نووسەری ئەو بابەتە تاوانباردەکا کە گوایە" بە شێوەیەکی وەستایانە ! هەوڵی لێک دابرانی دوو حیزبە سەرەکییەکەی باشووری کوردستانی داوە و مەسئولییەتەکانی لە نێوانیاندا بەش کردووە و نووسیویەتی نایەوێ ئەو بەشە شێ بکاتەوە.. چونکە رێی دەستی نییە کە بێکا بە بوختان و هاواری بۆبکا.

مامۆستا لە کۆتایی ئەو بەشە لە قسەکانیدا ئاوا دەنووسێ:

*" جێگای سەرنجە  کە لەکاتێکدا بە خۆشییەوە پێوەندیی نێوان حیزبە سەرەکییەکانی کورد لە کوردستانی عیراق لە باشترین حاڵەتی چەند سالی رابردوودایە و ئەم دواییانە بریاری یەکخستنەوەی دوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان داوە و هەموو کورد خۆی بە رامبەر بە پاراستن و بەهێزکردنی ئەم پێوەندییە تازەیە بە بەرپرس دەزانێ ، مامۆستا گۆران بە شێوەیەکی وەستایانە ! هەوڵی لێک دابرانیان دەدا و مەسئولییەتەکانیان  لە نێودا دابەش دەکا. حەز ناکەم ئەم بەشە زیاتر شی بکەمەوە. چونکە کورد گوتەنی " بۆ عارفان حەرفێک بەسە". مامۆستا ئەگەر لەمنیش حالی نەبێ بۆخۆی دەزانێ دەڵێ چی؟"*

 مامۆستاحەسەن زادە بۆ ئەوە لەژێر باری مەسئولییەتی ئەو کارەساتە شانە خاڵی بکا زەق و ئاشکرا لێرەش‌دا بوختان‌دەکا. تێکەڵپێکەلێک سازدەکا و قسە دەگۆرێ. پێی وایە بەو تێکەڵپێکەلکردن و قسەگۆڕینە خۆی لەو مەسئولییەتە دەردەخا. مەبەستیشی ئەوەیە کە نووسەر رەخنەی لە بەرێزان سەرۆک بارزانی سەرۆکی کوردستان و سەرکۆماری عێراق بەرێز  تالەبانی گرتووە کە بۆچی بە بۆنەی کوژرانی  فەرماندەرانی سپا کە لە کوشتاری کورد لە رۆژهەلاتی کوردستاندا دەستیان بووە، بەرقییەیان بۆ کارگێرانی ئێرانی ناردووە و پرسە و سەرەخۆشی‌یان لێکردوون .

بەڵێ ئەوە راستە. بۆ سەرۆک بارزانی سەرۆکی کوردستان بە شیاوی نازانم بۆ لەدەست چوونی جەللادانی کورد کە سروشت بە سزای جینایەتەکانی گەیاندوون، بە ناوی سەرۆکی کوردەوە خەم و پەژارەی کورد رابگەیەنێ.  ئەوانە لە پشتی میزی وتوویژ و بە فێڵ و بە غەدر نەکوژراون. ئەوانە لەسیستمێک دابوون کە بۆ تونا کردنی کورد لە بە کارهێنانی دژی ئینسانیترین شێوە خۆیان نەپاراستووە. هەر کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان دەزانێ ئەوانە چییان بەسەر کورد هێناوە. رەنگە مامۆستا حسن زادە کاسێتی ویدیۆئی خوشک و برا بێ ئەنوا هەژارە کوردەکەی  بۆ یادگار لەلا مابێ  کە دەزگای ئیتتلاعاتی رژیم چییان بەسەرهێناون. سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات بە وشەی قەببەی " عورفی دیپلوماتیک " ناردنی بەرقییەی سەرۆکی کورد بۆ نەمانی جینایەتکاران دەرازێنێتەوە.  ئەگەر ئەو کارە عورفی دیپلوماسیە دەبێ ئەنجام دانی بۆ مامۆستاش رەوا بێ. ئەی ئەو بۆچی بەرقییە نانێرێ؟ با مامۆستا بێزەحمەت پێناسەیەک لە عورفی دیپلوماتیک بۆ دڵدانەوەی کەس و کاری هەزاران شەهیدی کورد بدابەدەستەوە تا سوکنایی دڵیان بێ

وکاتی چوونە سەرگڵکوی ئازیزانیان ئاگری خەمی خۆیانی پێدامرکێنن. عورفی دیپلۆماتیک!! عورفی دیپلپماتیک پرەنسیپی ئینسانی و ویژدانی مرۆڤ تێک نادا... عورفی دیپلۆماتێک شێوەی رواڵەتی رەفتار و ئاخاوتنی مرۆڤی سیاسی لە خۆیدا جێ دەکاتەوە. لە کام عورفی سیاسیدا سەرۆک کۆماری وڵاتێک بە سەر کارگێران و رێبەرانی سیاسی وڵاتێکی دیکەدا هەڵدەڵێ؟ رەنگە ئەو جۆرە تانەلێدانە و پێناسەکردنی رێبەرایەتی کۆماری کوردستانیش بەو شێوەیەی کە مامۆستا و کەسانی دیکە کردوویانە و دەیکەن" عورفی دیپلۆماسی" بێ !! بە مافی هەر کوردێکی دەزانم کە لە نوێنەرانی کورد بۆ هەڵوێستێکی سیاسی کە دەیگرن و ماف و بەرژەوەندی کورد دەخەنە مەترسییەوە یا کەرامەتی خەڵکی کورد وەبەرچاو ناگرن وەدەنگ بێ یان رەخنە بگرێ. کەسایەتی بەرزی پێشمەرگەیەکی کورد کەمتر لە کەسایەتی سەرۆک کۆماری هیچ وڵاتێکی عەرەبێ و ئێرانی و ترک نییە. رێبەرانی سیاسی کورد کە جێی خۆیان هەیە. ئەگەر سەرۆک بارزانی و سەرۆک کۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی بە ناوی خۆیانەوە وەکو تاکی کورد، داگیرکردنی کوردستان بە ئەمری واقیعی مامۆستا دادەنێن و بە عورفی دیپلۆماسی دەزانن، ئەو هەموو ستەم و زۆرداری و کوشتارەی کە لە خوشک و برایانی کوردیان لەرۆژهەلات لەلایەن ئەو جینایەتکارانەوە کراوە و دەکرێ بۆیان گرنگ نەبێ، وەکو تاک نە وەکو نوێنەری کورد با پرسەشیان بۆدابنێن. بەلام ئەگەر بە ناوی رێبەرانی کوردەوە دەدوێن و بە نوێنەرایەتی کوردەوە پەیام بۆ سەرانی کۆماری ئیسلامی دەنێرن، بەو جۆرەی بەرێز حەیاکی پێناسەی دەکا، ئەوە " عورفی دیپلوماسی" نییە. ئەوە هەڵچزاندنی هەستی نەتەوەیی کورد و وەژێرپێخستنی عورفی نەتەوەیی و قبووڵی ستەمە بۆ گەلەکەیان. ئەگەر ئەو بەرێزانە مەسەلەکە ئاوانابینن، با بێن بە خەڵکی کورد و خوشک و براکانیان بلێن و لێیان بپرسن داخوا ئەوان بەو کارە رازین؟

ویستی ئازادی بۆ بەشێک لە کوردستان بەمانای قبوولکردنی داگیرکاری، کوشتار ، سەرکوت و تواندنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا نییە. لە هەلومەرجی دژواردا ئەو بەشانەن کە دەبنە پشت و پەنای یەکتر. کارەساتەکانی دەورانی شەری دوو رژیمی نگریسی داگیرکەر ، پیلانی نێودەوڵەتی سالی 1975 دژی کورد و پشتیوانی بەشەکانی دیکەی کوردستان لە خوشک و برایانی باشوور هەروەها هاتنی هەزاران بارزانی بە سەرۆکایەتی بارزانی نەمر بۆ رۆژهەلاتی کوردستان و

دیفاعی قارەمانانەیان لە کۆماری کوردستان، تێکەلبوون و یەکبوونی مەسەلەی کورد دەگەیەنێ وهەر ئیدەو فکرێکی جیایی مەسەلەی کورد و قازانجی کاتی و حیزبی وەلادەنێ.
 ماموستاحسن زادە دەیزانی کە دوای برانەوەی شەری ئێران و عێراق نەدەکرا وەزعەکە بەشێوەی سەردەمی شەر دەوامی بێ تا لە ئیمکاناتی عیراق بۆ حیزبی دێموکرات و هێزی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی کەلک وەربگرێ. هەروها ئەو هەلومەرجە بۆ هێزی ئۆپۆزیسیونی عێراقیش نەدەلوا. بە برانەوەی شەر کورد لە باشور و رۆژهەلات کەوتە وەزعێکی نالەبارەوە. رێبەرایەتی کورد نەیدەتوانی بەشێوەی پێشوو سنوور ببرێ و پشتی جەبهەشی وڵاتێکی دیکە بێ. بەکارهێنانی چەکی شیمیایی و کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ نێوخۆی ئێران کارەساتەکانی زیاتر کرد و هەردوو رژیمەکە لەو هەلە کە بۆیان پێک هاتبوو بەدژی کورد کەلکیان وەرگرت. ئەو پلانە ستراتێژیکەی حیزب و یەکێتی نیشتمانی بۆ لێک گرێدانی خەبات و هێزی پێشمەرگە بە دژی هەردوو دەوڵەتی جینایەتکار سەری نەگرت. بەرتەسک بوونەوەی مەیدانی مانۆری سیاسی – نیزامی و چەقینی هیزی پێشمەرگە، تەشەناکردنی ناکۆکییە سیاسییەکان، سەرەنجام بوون بە هۆی لێک بلاوکردنی حیزب. ئەوکارەساتانە دوکتور قاسملووی بەرەو وتوویژ لەگەل رەفسەنجانی بە یارمەتی بەرێز جەلال تاڵەبانی بە پێی نووسراوەی دوکتور پیتر پیلچ لە کتێبی ئیسکۆرت بەرەو تاراندا رکێش کرد. پاش لەداوکەوتنی دوکتور قاسملوو، سالێک و چەندمانگ دواتریش دوکتور سەعید دوچاری هەمان پیلان بوو لەگەل هاولانی لە برلێن تێرۆر کران... دوایین ساڵەکان دەورانی بێ عەمەلی حیزب بوو کە لەژێرریبەرایەتی ماموستا حەسەن زادەدا توانای مانۆری سیاسی نەما.
مانەوەی حیزب لە کۆیە نەیدەتوانی بێ خەرج و خەسار بێ. بۆ هێزی یارمەتیوەرگری کورد لە ئێران چۆن ئەوە دەلوا کە دوژمنی ئێران لە خاکەکەیدا رێگەبدا و لەوەش ئەولاتر رێی بدا ساڵێ چەندمانگ سنوور ببرێ،کاری نیزامی بکا و بە بزووتنی سەرما، بۆ خەوی زستانێ سۆبەی گەرم بۆ برای پێشمەرگەی نێڵبدا. ئەوە چاوەڕووانییەکی زیدە بوو. کورد ئەگەر سەر بەخۆو خاوەنی هەموو جبەخانەی رۆژهەلات بووایە رێگەی پێنەدەدرا وڵاتەکەی بکاتە مەیدانی مانۆری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. نموونەی ئەوە لە جیهاندا هەیە. کشمیری هیندوستان و

دەستتێوەردانی پاکستان لە کاروبارەکەی و پشتیوانیکردنی پارتیزانەکان تا ئێستا بووەتە هۆی چەند شەر لە نێو ئەو دوو وڵاتەدا.

بۆ حکومەتی کوردی کە هەم سەددام و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان گەمارۆی ئابووریی دابوو جیا لەئێرانیش جێیەکی دیکە نەبوو کە کەرەسەی ژیانی خەلکەکەی لێ بێنێ چ رێگەیەکی دیکە هەبوو؟

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا بلێی ناواقیعی بێ کە حکومەتی کوردی هەموو دەرگاکان لەسەرخۆی داخا هەر لەبەر ئەوە مامۆستا مەیدانی مانۆری نییە و ناتوانێ لە شاخ و بەندەنی ساردو سڕی وڵاتەکەی خۆیدا وەمێنی؟ ئاساییە کە لەهەلومەرجێکی ئەوتۆدا حکومەتی کوردی بۆ مانەوەی خۆی میواندارییەکەی تا ئەو جێگەیە بکا کە بۆی دەلوێ. لێرەدایە کە مامۆستا بۆ قبولّی مەرجەکانی سپای پاسداران بە شێوەیەکی ناراستەو خۆ دەبێ مل دانەوێنێ. مەرجەکەش بە قەولی مامۆستا کە لە سەر پاڵتاک رایگەیاندووە ئەوەیە کە ئەگەر لە کرماشان تەقەیەک بکرێ مامۆستاش لە کۆیە تەقەی لێدەکرێ (ماناکەی راگوێزراوە)

بۆ ئەوە مامۆستا خۆی لە بارمتەبوون رزگار بکا باشتر نەبوو لەگەل پێشمەرگەو کادرەکان ئەم مەسەلەیە تاووتوێ بکا؟

وێنەی ئەو گرفتە لە حیزبی دێموکراتدابووە. نازم کەزاز(ئەگەر ناوەکەی بە هەلە نووسراوە با مامۆستا راستەکەی بنووسێ) بەرپرسی دەزگای ئەمنییەتی عێراق داوا لە دوکتور قاسملوودەکا دژ بە رێبەرایەتی بارزانی لەلایەن حدکاوە بەیانییەک بنووسرێ. دەنا لەگەل مەترسی ئێعدام ، دانەوەیان بە رژیمی ئێران یان دەرکردن لە خاکی عێراق رووبەروو دەبن. دوکتور قاسملوو کۆبوونەوەیەکی گشتی پێک دێنێ و ( بەوجۆرەی مامۆستا هێمن لە فانتێزییە نەنووسراوەکەی و ئەوکاتەی کە لە گوندی دۆڵەتوی سەروی نواوێ بوو بۆ هاورییانی دەگێرایەوە) داوای کردبوو هاورێیانی بیرورایان لەسەرئەو پێشنیارە دەرببرن. زۆربە، بە دژی نووسینی بەیانییە هەلویست دەگرن. بلێی مامۆستا لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب داوای دەربرینی راو دەنگێکی ئەوتۆی بۆ مانەوە یان گۆرینی جێگە کردبێ؟

حیزب دەیتوانی ئارایشی تەشکیلاتییەکەی بگۆرێ. رێبەرایەتی نێوخۆ ودەرەوە پێک بێنێ. ئەوەی گەنج بوو و لە توانایدا بوو بەرەو نێوخۆی وڵات بنێرێتەوە. ئەوەی منداڵ و پیر بوو ناردبایانە دەرەوەی وڵات. بۆئەوە بخوێنن و ببنە کادری پسپۆری حیزب. نە ئەوەی بابەتی جوانی

" *زستان دەروا و روو ڕەشی بە ڕەژی دەمێنێ. یان* " *دوست ئەوەیە بتگریەنێ*" لەسەریان بنووسرێ... لەو ئارایشە تەشکیلاتییەدا حیزب ئیمکانی مانۆری هەبوو. خەڵکەکەش لە حیزب نەدەبووەوە. کۆماری ئیسلامیش نەیدەتوانی خەلک تووشی ئەو هەموو فەسادو کارەساتە بکا. ئەوکاتە مەسەلەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان باشتر دەناسرا. ئیمکانی زیاتری سیاسی دەست دەکەوت. لانی کەم فەساد پەرەی نەدەگرت. خەلک نا هومێد نەدەبوو. کولتور و فەرهەنگ و زمانی کوردی بەو شێوە خەفەتهێنەرە لەنێو نەدەچوون. ئەو کەسانەش کە لەئاماری مامۆستادا ناگەنە نزیک بە دووسەت کەس بێ بەزەییانە بە دەستی جینایەتکاران نە دەکوژران. دەستی حیزبە کوردییەکانیش ئاواڵەتر دەبۆوە.

پیموانییە پێشمەرگەی بەئەزموونی حیزبی دێموکراتی خاوەن حەماسەو سەروەری مێژوویی ئەگەر رێبەری حیزب ئیرادەی کردبایە لە چوونەوە بۆ نێوخۆی وڵات روی وەرگێرابایە.

ئێستا کە وەزعەکە ئاڵوگۆری بەسەردا هاتووە، ئەگەر رێبەرایەتی حیزب لەبەرپیری و پەککەوتەیی ناتوانێ لە نێوخۆیولاتدا دەوام بێنێ، با بیر لە رێگاچارەی دیکە بکاتەوە... رێبەرانی حیزب لە ئوروپا قاچاخ نین و هەموان خاوەنی بەرگەی پێویستن. ئوروپاییەکانیش ترسیان لە ئێران شکاوە. ئەوکارە تەبلیغی - سیاسییە کە حیزب دەیکا ئێستا هەر لەدەرەوە دەکرێ، ئەگەر نەکرێ زۆریش پێویست نییە ، چونکە خەڵک لە حیزب پێشرەوترە، تەنیا سازماندانی گەرەکە ... ئەو یەک دووهەزارکەسە منداڵ و پیرو پەککەوتەیەش دەکرێ لە حالەتی بارمتەبوون رزگار بکرێن. تاکەی حیزبی دێموکرات دەیەوێ لە باشووری کوردستان بمێنێتەوە؟ پێموانییە وەڵامێ ئەو پرسیارانە فرهاوێژی و تەوس و پلاربن.

## ئیلهامی بوونی کۆمار

مامۆستا گلەیی زۆری لەوەیە کە لە بەیانییەکەی کومیتەی ناوەندیدا باسی ئیلهامی بوونی کۆماری نەکردووە بەلکو لە وتووێژە رادیۆییەکەیدا گوتویە. بەرێز حەسەن زادە لەمەڕ پێشەوا ئاوای نووسیوە: گەورەیی پێشەوا لەوەدایە کە بە دەیان ساڵ لە پێش ڕێبەرانی دیکە و بە سەدان ساڵ لەپێش خەلکی ئاسایی کۆمەلی کوردەواریەوە بووە. با بە ناوی دیفاع لە قازی لە قەدرو قیمەتی ئەو کەسایەتییە هەڵکەوتووە کەم نەکەینەوە."وادیارە پێناسەکردنی قازی محەممەد بە ناوی خۆبەدەستەوەدەر و ڕێبەری بێ متمانە بە خۆ لەلایەن مامۆستا عبدوللا حسن زادەوە بۆ بردنەسەرێی قەدرو قیمەتی ئەو کەسایەتییە هەلکەوتووە کراوە!!

زۆر شادم کە ئەو دێرانە لەزمانی کەسێکەوە دەخوێنمەوە کە ڕێبەرایەتی کورد و پێشەواقازی کە ڕەمزی ئەو ڕێبەرایەتییە و نەتەوەی کوردە لە پەسنی بێ متمانە بە خۆیی مامۆستا حسن زادە رزگاری بووە و قسەکەی خۆی وەرگرتووەتەوە. مامۆستا حەسەن زادە نووسیبووی: " ڕەنگە بتوانین گرنگترین هۆیەکانی روخانی کۆماری کوردستان لە مانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە"

*"نەبوونی هێزێکی کارامەو پۆشتەوپەرداخ و بەتوانای چەکدار کە بتوانێ بەرامبەر بە پەلاماری سوپای ئێران راوەستێو پارێزگاری لە کۆمار بکا، نەبوونی بناخەیەکی پتەوی ئابووریو ماڵی، قایم نەبوونی بەرەی نێوخۆییو بوونی هێندێك هێزو عەشیرەت کە تەنانەت لە دەورانی دەسەڵاتی کۆماریشدا پێوەندییان بە دەسەڵاتی مەرکەزییەوە هەبوو، بەرتەسکیی مەڵبەندی نفووزی حکوومەتی کوردستان و لەویش زیاتر ئامادەنەکرانی تەنانەت ئەو بەشەش کە لە ژێر کونترۆڵی کۆماردا بوو، رووخانی لە نەکاوو بێبەربەرەکانیی تەنیا هاوپەیمانی نێزیکی کۆمار، واتە حکوومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان، بێتوانایی بەرەی یەکگرتووی هێزە سیاسییەکانی ئێران و لە سەرووی هەموویانەوە حیزبی توودە کە هیچیان بۆ پشتیوانی لە دوو حکوومەتی ئازەربایجان و کوردستان لەدەست نەهاتو پاش هەمووی ئەمانەش متمانە بەخۆنەبوونی ڕێبەرایەتی کۆمار... "*

ئەو پەسنە نابەجی و نەگونجاوە بە ناوی کومیتەی ناوەندیی تکاوی قەلەمی مامۆستا حەسەن زادەیە. پاش مەحکوم کردنی ئەو نووسراوەیە

لە لایەن نووسەری ئەم بابەتەوە، بەختەوەرانە مامۆستا پەسنەنارەواکەی وەرگرتەوەو دەستی کرد بە پێداهەڵگوتنی پێشەوا " پێشەوای زانا بلیمەتی حیزب قازی محمدی نەمر". مامۆستا حەسەن زادە لە جیگای ئەوە داوای لێبوردن لە روحی بەرزی پێشەوای شەهید بکا، بۆ ئەوە رک و کینەی خۆی دژ بە نووسەری ئەم وتارە دەربرێ ئاوادەنووسێ:
*"سێیەم تەوەری هێرشە بێبەزەییانەکەی کاک حەسەن ایوب زادە ئەوەیە کە بەیاننامەی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات لە باسی هۆیەکانی رووخانی کۆماری کوردستان دا پاش ئاماژە بە زۆر کەموکوڕیی نێوخۆیی و سەرانسەریی ئێرانی و دەرەکی قسە لە متمانە بەخۆ نەبوونی رێبەرایەتیی کۆمار دەکا. لەو بەشەدا مامۆستا هەروەک بیهەوێ لەشکر بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆ بکاتەوە، یان هەرەوەز بۆ هەڵوەشاندنی دارو پەردووی ئەم حیزبە دەنگ بدا لەگۆشەی جۆراوجۆرەوە بۆ مەسەلەکە دەچێ و مانای سەیرو سەمەرەو پڕ سووکایەتی لەو وشەیە دەداتەوەو لەو کاناڵەشەوە هەرچی تانەو تەشەرە دەگرێتە حیزب و زۆر شتی دیکەش. با کەمێک لە نیزیکەوە سەیری بکەین:*
*"ئاماژە کردنی بەیانیەی دووی رێبەندانی حیزبی دێموکرات بە "نەبوونی متمانە بەخۆیی" (ترسنۆکی، دڵەراوکێ، رارایی، لەرزۆکی بڕیاردان) - لەبیرتان نەچێ ئەو پەسنە جوانانەی إلەنێو دوو کەوان دا هاتوون، هەموویان شاباشی! مامۆستا گۆران بۆ رێبەرایەتیی کۆمارن و بەیاننامەی کومیتەی ناوەندی شتی وای نەگوتوەو بەنیازیشی دا نەهاتوە - .... وەکو باقی لێکدانەوەکانی لەسەر مەسەلەی کوردو بەشی جیانەکراوە لە ئێران و لە ئێرانی ئێرانیتر بوون و بەستنەوەی مەسەلەی کورد بە رووخاندنی رێژیمی تاران و... بێ پایەو دوور لە واقیعە".*
*زۆر سەیرو جێگای داخە کە بەرێز مامۆستا، کەسێک کە چەند ساڵ ئەندامی حیزب و تەنانەت ئەندامی رێبەرییش بووە ئاوا بێ پەروا هەڵبکوتێتە سەر حیزبەکەی و قسەی بە ناوەوە هەڵبەستێ و تەنانەت بە ناوی دیفاع لە رێبەرانی کۆمار ناوو ناتۆرەی نەنووسراو و نەگوتراو و نەهزراو لە بەیاننامەی حیزبەکەی دەرکێشێ و بە باڵای رێبەرانی کۆماری کوردستانیان ببڕێ. کاک حەسەن ئەیوب زادە بۆ رەددی ئەم باوەڕەی نێو بەیاننامەی حیزب باس لە دیفاعی قارەمانانەی پێشەوا لە دادگادا دەکاو هەوڵیش دەدا بەزۆرو زۆرداری ئەمە بەسەر کومیتەی*

*ناوەندی دا بسەپێنێ کە مەبەستی لە رێبەرایەتی تەنیا پێشەوا قازی محەممەدە".*

قسەگۆرین و خۆراپسکاندنی مامۆستا حەسەن زادە بۆ خۆدەربازکردن لەو هەلە مەزنەی کردوویە سەیرترە. مامۆستا وای‌داناوە وتاری نووسەر لەشکر کێشییە بۆسەر حیزبی دێموکرات کە دواتر بە هەرەوەز بۆ هەڵوەشاندنەوەی داروپەردوی ئەوحیزبە ناوی دەبا.

با لیرەدا لەسەر ئەو دوو دێرەی مامۆستا ورد ببینەوە و بزانین حیزب کێیە کە لەشکری وەسەر گێردراوە و پاشان داروپەردوی کامەیە و کێ مافی ئەوەی هەیە خۆی بە هەموو حیزبی دێموکرات بزانێ و هەر کەس رەخنەی گرت و نەزەری جیاوازی دەربری بۆ بە دژی حیزب دەناسرێ؟

مامۆستا رەنگە فکری لەوە نەکردبێتەوە کە حیزب ملکی شەخسی نییە، تاکەسێک بتوانێ بە ناوی خۆی تاپۆی بکا. حیزب کەسایەتییەکی حقوقییە کە ئەندامان تێیدا بەرابەربەشن.. بە پێچەوانەی شەریکەی بازرگانی، کەس بۆی نییە بەشەکەی خۆی لەحیزبدا بە کەسێکی دیکە بفرۆشێ. بریاریش جەمعییە و بە شێوەی ئۆرگانێک کاروباری حیزب بەرێوە دەچێ. مەگەر ئەوە حیزبی دێموکرات لە دەورانی حکومەتی مامۆستادا بە نهێنی پرەنسیپەکانی گۆرییێ. خۆ ناساندنی مامۆستا حەسەن زادە بە تەواوییەتی حیزبی دێموکرات بێمانایە. مامۆستا لەو مەسەلەیەدا نە هەرسەلاحییەتی نووسینی بەیانییەی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی نەبووە ، هەروەها بە پێی هیچ مەنتیقێک بۆی نییە کە بۆچوونی فەردی خۆی بە نەزەری سەرجەمی حیزب لە قەلەمبدا لەگەل ئەوەش بۆختانێکی بۆ رێبەرایەتی کۆمار هەلبەستووە کە زۆر نارەوایە و بۆخۆشی دوای لەقاودانی نووسەری ئەم وتارە بە خۆشییەوە وەریگرتووەتەوە. بەلام لە جێیەکی دیکە ئەو رقەی لە سەرکۆمار بە شێوەیەکی دیکە دەربریوەتەوە کە ئاماژەی پێدەکەم. مامۆستا لە درێژەی شیکردنەوەی پسیکۆلۆژیی رێبەرایەتی کۆماری کوردستان دەمارگرژییەکەی هەدانادا و جارێکی دیکە دێتەوە سەر نەبوونی متمانە بەخۆییەکەی سەرکۆماری کوردستان و ئاوای‌پێناسەدەکتەوە:

*"لەگەل هەمووی ئەمانەش دا هەرچەند ئارەزوو هیچ شتێک ناگۆرێ، ئەمن ئارەزووم دەکرد شەخسی پێشەوا لەجیاتی دیفاعی قارەمانانەی نێو زیندان و کۆبوونەوەکانی دادگا، بەربەرەکانیی چەکدارانە لەسەر لووتکەی چیاکانی کوردستانی هەڵبژاردبایەو ئەگەر هەر قەراریش بایە شەهید بێ لەجیاتی لەسێدارە دران لە شوێنی راگەیاندنی کۆمار، لە ستادی*

*بەڕێوەبەریی عەمەلیاتی پارتیزانی، یان بڵێین بارەگای سەرۆکایەتیی کۆمار لە ناوچە شاخاویەکان دا بە بۆمبای دوژمنانی ئازادی شەهید بایە. ئەگەر لەو ڕێگایەوە ژمارەیەکی زیاتریش لە ڕێبەرانی کۆمار کوژرابان و تێداچووبان، بە باوەڕی من ئەوە هەم نرخی ئازادی بوو، هەم خوێنبایی خۆبەدەستەوە نەدان. بەو پێیە باشتر بوو ئەوانیش لەو شانازیەدا بەشداربان"*

هیچ مەعلووم نییە مامۆستا حەسەن زادە بێ ئەوە سەلاحییەت و بەرپرسایەتی تەشکیلاتی هەبێ بۆچی بەیانییە بۆ کومیتەی ناوەندی دەنووسی و حاڵەتی روحی ڕێبەرایەتی کۆمار بە بێ متمانەیی بە خۆ کەشف دەکا. مەعلووم نییە ئەو نەشتەرگەرییە بۆ دەکا ، بۆ چییەتی و بۆ کێیەتی؟ ئەو شانوگەرییە بۆ چی وەرێدەخا و دەیەوێ بە شکاندنی کەسایەتی ڕێبەری نەتەوایەتی ئەم گەلە بندەستە چ شتێک بسەلمێنێ؟ خۆ ئەگەر دەزگای ساختەکاری کۆماری ئیسلامی بەڵگەی ساختە بۆ پێشەوا دروست بکا، لێی ناگیرێ. بەلام سەیر ئەوەیە کەسێک ئەو کارەدەکا کە لەهەموو ژینیدا بە بەرەکەتی ناوی ئەو ژیاوە.

بۆچی حاکمانی کۆماری ئیسلامی، شەرەف، کەرامەت، باوەر و ویژدانی مرۆڤایەتی خۆیان بۆ رشتنی خوێنی دوکتور قاسملوو لە گرێو دەنێن؟ هەتا ئەم جیهانە هەیە ئەو نامرۆڤایەتییەی حاکمانی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی کردوویانە و سنورێکیان بۆ بێ ئەخلاقی و بێ پرەنسیپی و غەدرو جینایەت نەهێشتووەتەوە کورد لەبیری ناکا. رژیم ئەو قیمەتەی بۆیە داوە کە ئەو مێشکە سیاسییە نەتەوەییە نەمێنێ.. دەبێ سمکۆ، قازی و قاسملوو نەمێنن تا سکرتێری رۆژگاری نوێی، حیزبی دێموکرات بە وتەی خۆی17 سال لە کۆیە رابگرێ و بیانووشی ئەوە بێ کە لە ئەزمونی کوردی عیراق دەیەوێ فێربێ. بەلام بەدوای نووسینی وتارێکی رەخنەگرانەی نووسەریشدا ئەو ڕێبەرە تاساوە، هۆشی دێتەوە بەر و لەو پەری متمانە بەخۆییدا!! دەیەوێ بگەرێتەوە و بە شەش مانگ تەخت و بەختی مەلای قوم و تاران ئاگر بدا و ناوی لە دەفتەری مێژووی کورددا بەرزتر و نوێتر لە ناوی هەموو قارەمانانی کورد بنووسێ!!

مامۆستا حەسەن زادە دواتر لێکدانەوەکەی لەسەر سەرکۆماری کوردستان وەردەگرێتەوە و ئێژێ: مەبەستی ئەو سەرکۆمار نەبووە. با وای دابنێین وتەکەی راستە بەلام ئەو دەیتوانی لە نیوان دوو کەوانە دا ناوی پێشەوا دەرباوێ. یان ئەو وتەیەی لە وتووێژەکەی خۆیدا گوتبایە نە

لە بەیانییەی کومیتەی ناوەندیدا کە لە گەل ئەندامانی کومیتە لە کێشەی تەشکیلاتیدایە... رەنگە مامۆستا لەبیری نەبووبێ کە قازی محەممەد رەمزی رێبەرایەتی کۆمار و سەرۆکی ئەو رێبەرایەتییە بووە؟ کە جارێکی دیکەش دوای ئەو پەژیوان بوونەوەیە دەیکاتەوە قارەمانی خەیاڵاتی و بە تاوانی خۆبەدەستەوە دان لە ستادی عەمەلییاتیدابە کوشتی دەدا.

مامۆستا بۆخۆی دەزانێ روی ئەو قسانەو تۆمەتەکانی بۆ پێشەوا بەرەو کوێیە و بۆ کێیە. لەورووەوە منیش نامەوێ لەوە زیاتر ئەو وتە مێژوویەی شێ بکەمەوە.

ئەوە نووسەری ئەم دێرانە نییە کە ئێرانیگەری بە لادان لە بیری نەتەوەیی ولە بێرۆکەی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان دەزانێ ئەوە کۆماری کوردستانە کە سەربەخۆیی کوردستانی ئامانجە و راونانی داگیرکەرانی لە کوردستان دەوێ.

**چەند روونکردنەوەیەکی پێویست**

مامۆستا حەسەن زادە بەپێچەوانەی ئەوە کە بۆخۆی لە وتارەکەی من رەخنە دەگرێ کە گوایە دێرەکانیم بە " کلک و گوێبراوی هێناون، لە قسەکانیدا خۆی ئەو کارەی کردووە و ئەو بەشانەی کە بۆ ئەو سەرنجراکێش بوون بێ ئەوە مەفهومی هەموو پاراگرافەکە بە گشتی وەبەرچاوبگرێ دەریکێشاون و وەلامی داونەتەوە. بۆ وێنە سەرتاسەری نووسراوەکەی نووسەری ئەم دێرانە رەخنە لەکەسێکە کە بەیانییە سیاسییەکەی دووی رێبەندانی ئەمساڵی نووسیوە کە چی مامۆستا حەسەنزادە لە وتارەکەیدا باسی ناکا و نالێ کە نووسەر خۆیەتی و لە پشتی کۆمیتەی ناوەندی حیزب رووی تۆپخانەی فرهاوێژی و لاتاوپێدادانی لە نووسەری ئەم دێرانە کردووە.

لەو جێگەیەش کە نووسەر باس لە خەبەری راگەیاندراو لەلایەن سایتی "بازتاب" سایتی محسن رضائی دەکا و ئاماژەکردن بەو خەبەرە بە تاوانێکی مەزن بۆ نووسەری ئەم وتارەدادەنێ بە ئەنقەست لە هێنانی ناوی سایتی سیروان کە سەرچاوەی یەکەمی خەبەرەکەی بازتاب بووە خۆی دەپارێزێ. لە حاڵێکدا جێگری سکرتێری حدکا بە شێوەیەکی ئاشکرا و لە وتووێژە رادیۆییەکەیدا رووداوەکە بۆ بەرپەرچدانەوەی پروپاگەندەی سایتی بازتاب باس دەکا. بڵێی کارەکەی جێگری سکرتێری حدکا چونکە باس لە سایتی بازتاب دەکا تاوان بێ؟

ماموستا رەخنەی لەوەگرتووە کە دەقی فارسی وتارەکەی کراوەتە بنەمای لێکدانەوە و لە کوردییەکەی کەڵک وەرنەگیراوە. دەبێ بڵێم لە دەقە کوردییەکەی گەراوم، بەلام بۆم نەدۆزرایەوە. پێموابوو فارسییەکەی ئێرانیترە. ئەگەر لە وەرگێرانیدا کەمووکووڕی هەبێ ئەوە بە حیسابی نووسەرو وەرگێرە کە دەبوو بە وردی کۆنترۆلی بکەن، نە خوێنەر. هەروەها نووسەر ئاماژەی بەوە نەکردووە ئاخۆ کام بەشی وتارەکە بە هەڵە وەرگێردراوە کە پێویست بە پێداچوونەوە دەکا؟

نووسەر دەڵێ : لە دابەزاندنی وتووێژەکەی نووسەردا " کلک و گوێیم" کردووە!!. بۆ ئاگاداری نووسەر ئەو دێرەی کە دابەزێندراوە و راگوێزراوە، نەگوێ قرتاوە و نە کلکی بردراوە. ئەو دێرەی کە ماموستا بە کلک و گوێبراوی دەزانێ وباسی دەکا ئەوەیە:

" زۆر جار دوژمنانی کورد بە جۆرێکیان دامەزرانی جمهوری کوردستان لێکداوەتەوە کە کوردان ویستویانە لە ئێران جوداوە بن."

خوێنەری بەرێز با خۆی لێکی بداتەوە کە ئەم دێرەی ماموستا تەواوە یان کلک و گوێی براوە؟ ئەگەر پێی وایە ناتەواوە با دێرەکەی بە تەواوی راگوێزێ یان لە وتارەکەی ئەم دوایەیدا دەقی دابەزێندراوی وتووێژەکەی راگوێزی و کارە سەقەتەکەی من دەستنیشان بکا. گرێ وگۆڵی بۆچوون و لێکدانەوەکانی ماموستا ئەوەندە زۆرن کە پێویست بە مۆنتاژ و روتوش و کلک و گوێکردنی بەشێک لە وتارەکەی نییە .

نووسەری ئەم دێرانە جیا لە ئەمەگناسی بۆ رێبەرانی کورد مەبەستێکی دیکەی نییە. نە دوژمنی سیاسی ماموستایە و نە یاریزانی گۆرەپانی بەدەستەوە گرتنی رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و نە پشتیوانی کردن لە بەشێک بە دژی بەشەکەی دیکە لە حیزبی دێموکرات.( دێمەوە سەر ئەو باسە)

هیوادار بووم نووسەر قسەکانی بەشێوەی پۆلیمیکێکی سیاسی هەموولایەنە و شی کردنەوەی بەرنامەکانی خۆی بۆ حیزب بەرێتە بەر نەزەری خوێنەری کوردو ئەندامانی حیزبێ دێموکرات. ئارەزوم بوو ماموستا لە جیاتی خوێندنەوەی بێبرانەوەی قارەماننامەکەی خۆی وخەرجکردن لە گەنجینەی ئیعتیباری پێشەوا و دوکتور قاسملوو، راپۆرتێکی واقیعی یەک لاپەرەیی لە کارنامەی 10-12 ساڵەی رێبەرایەتی قۆتاخی نوێی؟! خۆی لەو بوارانەدا ( سیاسی- تەشکیلاتی ) کە کومیتەی ناوەندیحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەسئولییەتەوە قبووولی بکا بلاو بکاتەوە. هەروەها سنور و هێلی

سەربەخۆیی بریاری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دیاری بکا کە تاکوێیە. بێ ئەوە کەسێک تاوانبار بە دژایەتی و دوژمنایەتی کورد بکا.
هیوادارم ئەو داوایە بە مانای دنەدان بۆ سازکردنی شەری براکوژی لێک نەداتەوە.
پێموابوو وتارەکەی نووسەری ئەم دێرانە وەکوو هۆیەک بۆ پێشنیاری پێکهێنانی کومیتەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو زنجیرە کارەساتانە کە لەساڵەکانی سکرتێری ئەودا خولقاون و ئەو وەزعەی ئێستای حیزبی لێکەوتووەتەوە وەبەرچاو دەگیرێ و ناوبراو لەو کومیتەیەدا بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان رێگای عەمەلی دەخاتە بەرچاوی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران...
ماموستا بۆ پاساوی 12 سالە یان بە قەولی خۆیان 17 ساڵەی هەلپەساردنی خەباتی حیزب باس لە پەیمانێکی نێوان حیزبەسیاسییەکانی کوردستان دەکا کە گوایە لە لایەن هێندێ حیزبی کوردستانییەوە بە رەسمی ئیمزاکراوە کە دەڵێ:... ئەوە سیاسەتی لەمێژینەی حیزبی دێموکرات و بە جۆرێک سیاسەتی هەموو هێزە بەرپرسەکانی نێو بزوتنەوەی کوردە کە هەرکات بزووتنەوەی کورد لە بەشێکی کوردستان دا لە گەشەکردندا بوو بەشەکانی دیکە لە هێندێ دەسکەوتی کاتی چاو بپۆشن و بە هەموویان قازانجی ئەو بەشە بپارێزن . ئەم ئەسلە نزیک بە 30سال پێش ئێستا لە لایەن هێندێ حیزبی کوردستانییەوە ئیمزا کراوە."
30 سال بەر لە ئێستا دەبێتە سالی 1975 واتە سالی هەرەس هێنانی بزوتنەوەی کورد و گرێدانی قەراردادی ئەلجەزایر. کەوابوو جیا لە بزووتنەوەی باشور، لە رۆژهەلاتی کوردستان بزووتنەوەیەک لە ئارادا نەبووە کە بەستنی پەیمانێکی ئەوتۆی پێویست بووبێ. ئەو حیزبە بەرپرسانەش کە ماموستا ئاماژەیان پێدەکا جیا لە یەکێتی نیشتمانی حیزبی دیکەی دەبێ نەبووبێ. چونکە لە سالی 47-48 ەوە لە نیوان پارتی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکرات پێوەندییەکی دۆستانە نەبووە. بەیانییەی 8 مادەیی بۆ دەرکردنی ئاوارەکانی باشور لە ئێرانیش لە لایەن حیزبەسیاسییەکانەوە دژ بەو پەیمانە بووە. ئەگەر زەحمەت نابێ و سەنەدێکی ئاوا مێژوویی هەیە کە رێبەرانی کورد و حیزبە سیاسییەکانی بەو قەناعەتە گەیاندووە کە رێبەرایەتی یەکتر قبوول بکەن با بلاوی بکاتەوە. ئەوە پاساوێکی باشە بۆ هەلپەساردنی هەموو شۆرشێکی کورد

بە سوودی بەشەکانی دیکە. هەروەها با مامۆستا بفەرموێ جیا لە حیزبی دێموکرات کام حیزبی دیکە بە ئەمانەتەوە ئەو ئەسڵەی پاراستووە؟

**حیزب و رەخنە گرتن و داوای چوونەوە بۆ نێوخۆی وڵات**

مامۆستا ئەگەر قەبووڵ بکا لە حیزبی دێموکراتدا ئەندامەکان خاوەنی بیروبۆچوونی جیاوازن، رەخنە گرتن لە نەزەری خۆی بەمانای دژایەتیکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لێک ناداتەوە. ئەگەر رەخنەی نووسەری ئەم دێرانە لە بەیانییەکە، هەستی لەخۆبایی بوونی مامۆستای شلەژاندووە و پێیوایە دەبێ وەکو وەلی فەقیە چاوی لێبکرێ بۆ مامۆستا بەداخم. چونکە دیاردەیەکی ئەوتۆ سەیر لە حیزبی دێموکراتدا زۆر عەیب و غەریب و سەسوڕهێنەرە.

مامۆستا حسنزادە پاش 12 سال مانەوە لە باشوری کوردستان، بە وتارێکی نووسەر وەجۆش هاتووە و داوای کردووە کەسێک کە داروپەردوی حیزبی دێموکراتی دارماندووە بچێتە کۆیە و لە گەل ئەو دەست لەدەست و قەوەت لە خوا "ریی مالن". مامۆستا نالێ لە کوێ و لەکێی رێمالن و بۆ تا ئێستا لە بیری ئەوە دا نەبووە رێی مالێ؟ پرسیارێکی دیکەش دەبێ ولام بداتەوە ، ئەویش ئەوەیە کە ئەو ئێستا لە حیزبی دێموکراتدا چ دەورێک دەگێرێ؟ ئەگەر دەگوترێ مامۆستا خۆی پێ حیزبی دێموکراتە و کەس بە خاوەنی قسەو بریار لە حیزب دا ناناسێ ئەوەش دەلیلەکەیەتی کە لە زمانی خۆیەوە دەیخوێننەوە .. ئەگەر پێی بێژن: مامۆستا بریاری چوونەوە بۆ نێوخۆی وڵات لە لایەن جەنابتەوە دەدرێ یان کومیتەی ناوەندی؟ وەلامی چییە؟ کەسێک دەبێ بریاری ئەو تۆ بدا زۆربەی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لەگەلی هاودەنگ بن؟ هەتا ئێستا رێمالدراو هەر بریاردەری ئەو حیزبەبووە و ئێستا چ قەوماوە کە ئەو دەیەوێ رێی مالێ؟ چێ بیستووە؟ دیارە پێشنیاری مامۆستا بۆچوونەوە نێوخۆی ولات دروستی ئەو بۆچوونەی نووسەری ئەم بابەتە دەگەیەنێ کە مامۆستا حەسەن زادە تەنیا لەبەر بێ متمانەیی بە خۆو بۆ بەجێگەیاندنی ویستی دەرەکی، خەباتی حیزبی دێموکراتی مراندووە. دەنا ئەوە چۆن رێیتێدەچێ بە وتارێکی نووسەری ئەم دێرانە تاکتیکی حیزبێ دێموکرات و لە کۆتاییدا ستراتێژی حدکا تێک بچێ؟ شتێک لێرەدا ناتەواوە.

بەلام من پێشنیارێکی باشترم بۆ مامۆستا هەیە. هەر کەس لە وێستگەیەک سواری شەمەنەفەری

( شومەن دو فێر) ژیان دەبێ و لە وێستگەی خۆی دەبێ دادەبەزێ. هیزی فکرکردنەوە و توانای مێشک و لەشی مرۆڤیش بێ سنوور نییە. مامۆستاش وەکو نووسەری ئەم بابەتە کاتی ئەوەی هاتووە رێگە بدا کە وەچەی نوێی گەلەکەمان ئەو حیزبە بە شێوەی سەردەم کە بتوانێ وەلامی ئاواتەکانی کورد بداتەوە سازمان بداو بە بیری نوێ دایرێژێتەوە. با رێگا بدەین حیزبی دێموکرات یەکگرتوو بێ. بۆ چوونەوە بۆ نێوخۆی وڵات خۆی رێک بخاتەوە و خۆی لە ژێر کارتێکەری کەسایەتی وسیاسەتی حیزبە سیاسییەکانی دیکە رزگار بکا. با حیزب سیاسەتی سەربەخۆیی بریاری سیاسی خۆی رەچاوبکاتەوە. ئەوەش بە سودی حیزبی دێموکرات و سودی گەلی کوردیشی تێدایە. من لەمێژساڵە وەکو مامۆستا سیاسەت ناکەم وخەریکی کاری خۆمم. پێموایە نووسین و خوێندنەوەو دەرس گوتنەوە لە زانکۆ جێگای منە. مامۆستاش بێگومان نابێ پاش بە قەولی خۆی 17 سال کاری قورسی رێبەرایەتی حدکا توانایی چوونەوە شاخ و بەندنی کوردستانی هەبێ. پێشنیاری مامۆستا بۆ ئەوە بگەرێمەوە بەوچەند دەلیلە پێم جیددیی نییە. ئەگەر چوونەوە بۆ مانەوە لە کۆیەبێ و ببمە لایەنێک لە دابەشکەرانی حیزبی دێموکرات ئەو کارە بە من ناکرێ. ئەگەر مامۆستا رابگەیەنێ کە هێرش و کۆکردنەوەی لەشکر و دەنگدانی هەرەوەز بۆ دارماندنی داروپەردوی فکری نووستوی مامۆستا بووە و ئەوی لە خەوی بێخەبەری راپەراندووەو لە وتەکەیدا جیددیە و حازرە لە کۆیە دووربکەوێتەوە و تا ئێستا لەبەر نەبوونی متمانە بە خۆی نەچوەتەوە نێوخۆی وڵات، تەوس بوختانەکانی وەردەگرێتەوە، چوونەوە بۆ نێوخۆی ولات بە پێویست دەزانێ، با ئەو خۆی نە کاتە حیزبی دێموکرات، ئەویش تەنیا دەنگێکی هەیە. با ئەو بابەتە بکاتە باسێکی گشتی و لەو نێو حیزبی دێموکراتدا باسی لەسەر بکەن . ئەگەر مامۆستا راگەیەنێ کە ئەزموونی تەواو فێربووە و دەیەوێ بگەرێتەوە نێو خەڵکەکەی و تەنیا بەرژەوەندی حیزبی دێموکرات و کورد دەپارێزێ و پێشنیارەکەی لەبەر خۆ هەڵکێشان و فرهاویشتن نییە، نە من بەلکو زۆری دیکەش بۆ خۆ بەخت کردن ئامادەن. فەرمون بەرنامەکەتان پێشنیار بکەن! هەوڵ بۆرێکخستنەوەی مالی حیزب و سازماندانەوەی سەرلە نوێی ئەرکی نەتەوەییە. بەلام ناتوانم باوەر بکەم ئەوتارەی نووسەری ئەوبابەتە ئەوەندە کارتێکەر بووبێ کە ئەو ئاڵوگۆرەی لە فکری مامۆستادا پێک هێنابێ کە لەگەل بەشەکەی دیکە ناکۆکییەکان چارەبکاو دەست لە نێو دەست بەرەو وڵات بۆ وەگەر خستنەوەی تێکۆشانی سەرفیرازانەی حیزبی دێموکرات رێگە بگرێتەبەر.

ئەگەر شەفافییەت لەئارادابێ کەس هەیە لە سێبەری خۆی رابکا ؟ ئێستاش سێبەری هەزارانی وەکو نووسەری ئەم وتارە بە نێو دۆڵ و دەرەی رۆژهەلاتی کوردستانەوە ماوە و بەقەدی دارەکەوتەوە بووەتە نیگارێکی ئەبەدێ. فەرموون ئەو فکرە بکەینە کردەوە ! ئەگەر ئامادەگی هەبێ و راستییەک لە ئامانجەکان دامابێ و کارتیکەری کەسانی دەرەکی لەسەر بریاری مامۆستا نەبێ یان زۆر کەم بێ، با دەست لە نێو دەست بەرنامەکەی بۆ دارێژین!

حیزبی کاری هولەند وەکو حیزبی دێموکرات 60 سال لەمەو بەر دامەزراوە. لەو ماوەدا بە دەیان سال حکومەتی کردووە. چەند سال پێش رێبەرانی ئەو حیزبە گەندەلکارییەکیان لێ ئاشکرا بوو. سەرۆک وەزێردەستی لەکار کێشایەوە و خۆی خانەنشین کرد. ئەو کابرایە بە ناوبانگترین کەسی سیاسی هولەندبوو. خزمەتیکی بێوێنەی بە وڵاتەکەی کرد. دوای خۆکێشانەوەی لە کار زۆریان دنەدا درێژە بە کارەکەی بدا. قبولی نەکرد و گوتی: لەبەرژەوەندی حیزبدایە خۆی نوێ بکاتەوە. بارێگابدەین وەچەی نوێ بەرپرسایەتی وەئەستۆ بگرێ.

ئیستا گەنجێکی سی و چەند ساڵە بووەتە بەرپرسی یەکەمی حیزبی کار. زۆربە پێیان وایە ئەو نوێخوازییە دەبێتە هۆی گەرانەوەی ئەو حیزبە بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەلات و خزمەتیکی زیاتر بە وڵاتەکەیان.

با ئێمەش ئەو دەرسە لەوان فێربین!

21.03.2006

## سەرچاوەکان:


حیکایەت کردن یان نووسینی مێژوو( هەلوێستیک لەسەر نیوسەدە تێکۆشان – نووسینی عبداللە حسن زادە) کەریمی حسامی.

گۆڤاری کوردستان لە ساڵەکانی 1349 وە تا ئەمرۆ.

کتێبی ئیسکۆرت بەرەو تاران. نوسەر: دوکتور پیتر پیلچ. وەرگێر ح. ئەیوب زادە.

کردستان سرزمین رنج ها و تجربەها. بهرام فرشی.

جنبش ملت کرد و خواست استقلال کریس کۆچرا، وەرگێر : عزیز ماملی

وردبوونەوەیەک لە سەربەرنامەی سیاسی حدکا پەسندکراوی کۆنگرەی 13 بە قەلەمی ح. ئەیوبزادە

بەیانییەی مافەکانی مرۆڤ و پرۆتۆکۆلەکانی


## پاشکۆ

**مردم** ارگان مرکزی حزب توده ایران پانزدهم دی 1354 شماره صد و پنجاهم

## فرخنده باد سی امین سال جنبش ملی و مترقی کردستان ایران!

(اعلامیه کمیته مرکزی حزب توده ایران)

بهمن ماه امسال خلق کرد و همه نیروهای انقلابی و ترقیخوا ایران سی امین سالگرد تشکیم حکومت ملی کردستان را برگزار میکنند. طی دومین جنگ جهانی، همروند با "اعتلا" جنبش دمکراتیک در سراسر ایران، در کردستان ایران، در کردستان ایران نیز جنبش دمکراتیک و ملی گسترش یافت. نیروهای انقلابی کردستان با تکیه بر گنجینه تجربیات تاریخی، با تحلیل علمی وضع جهان و ایران، بدرستی تشخیص دادند که خلق ستمدیده کرد با دیگر خلقهای ایران سرنوشت مشترکی دارد و پایان دادن به نفوذ قشر فئودال در جنبش ملی خلق کرد، تشکل عناصر آگاه و زحمتکش، همگامی و همرزمی با دیگر خلقهای ایران در مبارزه علیه امپریالیسم، شرط مقدم پیروزی دمکراسی و جنبش رهائی بخش ملی است.

در بهار سال 1322 حزب"کومله ژ.ک."(حزب بیداری خلق کرد) تاسیس شد، علیه فاشیسم و بر ضد فئودالها و کهنه پرستان بمبارزه برخاست و در میان تودەهای انقلابی و میهن پرست کردستان اعتبار بزرگی بکف آورد.

شرایط مساعدی که پیروزی مردم قهرمان شوروی بر فاشیسم هیتلری برای گسترش جنبش انقلابی و رهائی بخش ملی فراهم آورده بود موجب بسط جنبش دمکراتیک خلق کرد شد. حزب دمکرات کردستان برهبری قاصی محمد، بدستیاری صدها تن از افراد انقلابی پرورش یافته حزب کومله و باشرکت قشرهای گسترده زحتمکشان و مردم میهن پرست کردستان تشکیل یافت. نخستین کنگره حزب در مهاباد برگزار شد، اساسنامه و برنامه حزب را تصویب کرد و طی بیانیەای خواستهای مبرم مردم کردستان را تصریح نمود: تامین خودمختاری ملی کردستان ایران،

انجام انتخابات انجمن ایالتی، رسمیت زبان کردی و گسترش شبکه مدراس و آموزشگاهها، انجام اصلاحات ارضی و توسعه کشاورزی، نوسازی اقتصادی و استفاده از ثروتهای طبیعی، تحکیم وحدت برادرانه میان خلق کرد و اقلیت های ملی ساکن کردستان، این بود آن برنامه مترقی و دمکراتیک که در سی سال پیش حزب دمکرات کردستان، مطرح کرد و مورد پشتیبانی پرشور مردم کردستان و تائید آزادیخواهان ایران قرار گرفت. برای تحقیق بخشیدن باین برنامه بود که ده دوم بهمن ماه(1324) تشکیل حکومت ملی کردستان در چارچوب حفظ استقلال و تمامیت ارضی ایران رسما" اعلام و قاضی محمد بریاست حکومت مصوب شد.

با تشکیل حکومت ملی کردستان مقدمات دگرگونی بنیادی در زندگی مردم فراهم آمد، خلق کرد که سالیان دراز از ستمگریهای رژیم دیکتاتوری رضا شاه رنج برده بود امکان یافت که زندگی آزاد خود را پی ریزی کنند. اراضی برخی از فئودالهای خائن مصادره شد، در میزان بهره مالکانه بسود دهقانان تجدید نظر بعمل آمد، زبان کردی زبان رسمی اعلام شد. آثار ادبی و کتابهای درسی بزبان کردی انتشار یافت، با تاسیس کانونهای علم و ادب، انتشار روزنامه"کردستان" و مجلات، هاوار، نیشتمان، هلاله، با دائرکردن رادیوی کردستان، ساختمان تآتر ملی گامهای بزرگی در راه پیشرفت فرهنگ خلق برداشته شد. برای متشکل کردن قشرهای وسیع مردم تحت رهبری حزب، سازمانهای دمکراتیک جوانان، زنان و نویسندگان بوجود آمد، موسسات بهداری گسترش یافت، نخستین گامها برای صنعتی کردن کردستان برداشته شد و برای حفظ نظم و آرامش در کردستان سازمان"پیش مرگەها" و ارتش ملی کردستان ایجاد گردید. حکومت ملی کردستان با اصلاحاتی که طی زمامداری کوتاه خود برای تامین رفاه و آسایش مردم انجام داد خلقی بودن خود را اثبات نمود.

کوشش خلق کرد برای تحکیم مبانی دمکراسی و استقرار خودمختاری ملی خشم و کین بی پایان امپریالیسم و ارتجاع ایران را برانگیخت.

ارتجاع ایران و در راس آن شاه به اشاره و با پشتیبانی امپریالیستهای آمریکا و انگلیس پیمان شکنانه در آذر ماه 1325 به آذربایجان و کردستان حمله برد و از هیچگونه جنایتی برای سرکوب خلق فروگذار نکرد، هزاران تن از میهن پرستان کرد اعدام یا زندانی شدند و گروهی از آنان به نقاط دیگر تبعید گردیدند.

رژیم ترور شاه نتوانست اراده خلق کردستان را برای ادامه مبارزه در راه آزادی درهم شکند نیروهای انقلابی کردستان به پشتیبانی و کمک برادرانه حزب توده ایران توانستند سازمانهای خود را در شرایط مخفی احیاء کنند و سهم خود را در مبارزه مردم ایران برای ملی کردن صنایع نفت ادا نمایند. پس از این دوران نیز خلق مبارز کرد، علیرغم تسلط رژیم ترور و اختناق، دمی از مبارزه در راه احقاق حقوق حقه خود باز نایستاد.
حزب توده ایران مبارزه قهرمانانه حزب دمکرات کردستان را عامل مهمی برای سد راه دیکتاتوری و تامین دمکراسی در سراسر ایران ارزیابی کرده است و جنبش دوم بهمن را بخش جدائی ناپذیر جنبش دمکراتیک همه مردم ایران میداند. حزب ما برآنست که در کشور کثیرالمله ایران تامین برابری کامل حقوق همه خلقهای ایران لازمه وحدت و همبستگی تزلزل ناپذیر آنان است و ریشه کن ساختن ستم ملی تنها در چارچوب پیروزی جنبش دمکراتیک و ضد امپریالیستی سراسر ایران امکان پذیر است. در شرایط دشوار مبارزه علیه رژیم ترور و اختناق محمد رضاشاه، حزب توده ایران، حزب واحد طبقه کارگر در سراسر ایران کمک به احیاء سازمانهای حزب دمکرات کردستان را یکی از مهمترین وظایف خود میداند و بدین منظور از همه مبارزان انقلابی کرد در ایران دعوت میکند که با مراعات کامل اصولی پنهانکاری و رهنمودهای سازمانی، گروههای جداگانه حزب دمکرات کردستان را بوجود آورند و با مرکز حزب توده ایران رابطه برقرار کنند. تنها از این طریق است که آنان خواهند توانست با پیگیری انقلابی مبارزه خود را برای سرنگون کردن حکومت مطلقه محمد رضاشاه و رژیم ترور و اختناق آفریده آن گسترش دهند و هماهنگ با همه خلقهای ایران در راه تحقق آزادی خلق کرد و حاکمیت ملی گام بردارند.
تنها اتحاد همه نیروهای انقلابی و تشدید مبارزه علیه دشمن مشترک، یعنی ارتجاع سیاه ایران و اپریالیستهای غارتگر ضامن پیروزی ماست.
کمیته مرکزی حزب توده ایران

درێژەی هەیە...

## کردستان از زبان آمار!

### دوم بهمن 1367(1988)

کردستان سرزمینی است، که در میان چندین کشور تقسیم شده است و هر قسمت از آن کردستان آن کشورها نامیده می شود. ملت آریایی نژاد کرد از هزاران سال قبل از میلاد مسیح در سرزمین آبا و اجدادی خود یعنی در کردستان امروز زندگی می کند. طبیعت کوهستانی, جنگل ها, مراتع, رودخانه‌ها و زمین های حاصلخیز، منطقه را برای کشاورزی و دامپروری بسیار مساعد کرده است. پایه اصلی اقتصاد کردستان را کشاورزی و دامپروری تشکیل میدهد و در کنار آن صنایع کوچک هم وجود دارد. زبان کردی که جزو زبانهای هند و اروپایی شمرده میشود, زبان واحد ملت کرد در همه قسمتهای کردستان میباشد. تاریخ و فرهنگ چندین هزار ساله، ملت کرد را به هم پیوند می دهد. تحقیق و بررسی درباره کردستان در همه زمینه‌ها وظیفه درنگ ناپذیر محقیقین متعهد میباشد. مقاله حاضر به برخی ازجنبه‌های اقتصادی و اجتماعی کردستان ایران بصورت گذرا می پردازد.

**کردستان ایران**

در ادامه سیاستهای استعماری و امپریالیستی کشورهای انگلستان, فرانسه وآمریکا درجهت تقسیم کردن کردستان و به شکست کشاندن مبارزات مردم کرد, حکومتهای حاکم بر کردستان نیز با پیشه کردن سیاستهای فاشیستی و شونیستی بر این تقسیم کردن ها افزودند. تقسیمات کشوری رژیم پهلوی در ایران که هنوز هم ادامه دارد یکی از این سیاست ها است. کردستان در این تقسیم بندی تنها به یک استان محدود می شود که مرکز آن شهر سنندج می باشد. برای نشان دادن تصویری هرچند ناقص از کردستان می بایست به آمارهای استانهای شمال غرب و غرب کشور مراجعه کرد, اما بدلیل آمیخته بودن آمارها عملا تفکیک آنها کاری ناممکن می نماید. **در این مقاله تنها از آمارهای اساسی استانهای آذربایجان غربی, کردستان و کرماشان استفاده شده است که مربوط به سالهای 1360, 1361, 1362 می باشد**، که شامل کل مناطق کردنشین ایران نمی شود. دستیابی به جدیدترین آمار

در انحصار سازمانها ودوائر ج.ا. می باشد، که برای اجرا مقاصدشان، علیه خلق کرد از آن استفاده می کنند، که دسترسی به آن احتیاج به اجازه کتبی وزارتخانه‌های مربوطه دارد.

**موقعیت**

کردستان با قرار گرفتن در مرکزی ترین قسمت آسیای غربی ( تقریبا بین 34 و 40 درجه عرض شمالی و 38 و 48 درجه طول شرقی ) از غرب به شرق به تخمین یک هزار کیلومتر و از شمال به جنوب از 300 تا 500 کیلومتر امتداد می یابد. مجموع مساحت آن 450 هزار کیلومتر مربع می باشد. (لازریف)

مرتفع ترین کوههای کردستان عبارتند از " برده رش" 3608 متر( در 36 کیلومتری غرب اورمیه)، "پرو" با ارتفاع 3357 متر (در 19 کیلومتری شمال شرق کرماشان), چهل چشمه با ارتفاع 3173 متر( در 47 کیلومتری شمال شرق مریوان).

مهمترین و طولانی ترین رودخانه های کردستان بشرح زیر میباشند:

سفید رود از آبخیزهای شمال غرب سنندج سرچشمه گرفته به دریای خزر می ریزد و 765 کیلومتر طول دارد, اسم محلی آن,, قزل اوزون,, میباشد.

زرینه رود از کوههای چهل چشمه 57 کیلومتری شرق بانه سرچشمه گرفته به دریاچه اورمیه می ریزد و 302 کیلومتر طول دارد, نام محلی آن,, چومی جەغەتو,, میباشد.

سیمینه رود(رودخانه بوکان) از کوههای بناکیله . نیستان داغ در غرب سقز سرچشمه گرفته و به دریاچه اورمیه می ریزد, 173 کیلومتر طول دارد. اسامی محلی آن,, زاواکیو, چم قروچا, تاتاهو میباشد.

زاب کوچك از "چم لاوین" در25 کیلومتری شمال غرب پیرانشهر سرچشمه گرفته به رود دجله در عراق می ریزد وطول آن 155 کیلومتر است. اسامی محلی آن(لاوین, زه, چم کلده, کەلاس) می باشد.

**آب و هوا**

مشخصه هوای کردستان زمستانهای سرد وطولانی و تابستانهای گرم می باشد. درجه حرارت هوا از 31- درجه زیر صفر تا 44 درجه سانتی گراد بالای صفر در زمستان وتابستان در نوسان میباشد, میزان بارندگی سالانه 355 میلی متر تا 486 میلی متر ودر روز 60 الی

130 میلی متر خواهد بود, رطوبت نسبی در 6½ ساعت از 62 الی 75 و در 12½ ساعت از 50 به 37 و تعداد روزهای یخبندان از 91 الی 123 روز می باشد. بیشترین میزان بارندگی در اسفند و فروردین ماه و کمترین آن در تیرماه ومهر میباشد.

**مساحت وجمعیت**

متاسفانه تعیین مساحت و جمعیت دقیق کردستان به دلایلی که قبلا به آنها اشاره شد، امکان پذیر نیست, اما مساحت تقریبی با احتساب حداقل، که همه کردستان ایران را شامل نمی شود 90 هزار کیلومتر مربع می باشد. کردستان ایران براساس تقسیمات کشوری با مختصات در پیش گفته شده، شامل بیش از 25 شهرستان, 55 بخش و بیش از 175 مرکز دهستان و هزاران روستا است.

جمعیت تقریبی خانوادهها که از يك نفر تا بیشتر از 10 نفر را شامل می شود در حدود 700 هزار، و جمعیت کل بالغ بر 5 میلیون نفر خواهد بود. اکثر مردم ساکن شهرها و روستاها هستند و تعدادی عشایر و درصدی نیز متحرك(ییلاق وقشلاق) می باشند.

**وضعیت اقتصادی**

بررسی وضعیت اقتصادی کردستان نیاز به تحقیق عمیق و جدی با استفاده از اطلاعات و آمار دقیق دارد. از طریق استفاده از آمارهای حکومتی تنها می توان وضعیت عمومی اقتصاد کردستان را ترسیم کرد.

